بسم الله الرحمن الرحيم

# بۆچی هەتا ناموسڵمانان ڕاستییە گەردونییەکان نەدۆزنەوە، موسڵمانان باسی ناکەن؟

وەڵام: ئەمە کەم و کورتی موسڵمانانە نەک ئیسلام و قورئان.. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەفسیری پێشینان، هەیانە دوای هەرسکردنی زانستی سەردەمەکەیان و بە پاڵپشتی قورئان و سوننەت، وەک پسپۆڕێک لەو بوارانەدا دەدوێن و لێکدانەوەی زانستی وا لە تەفسیرەکانیان دەبینین، تووشی سەرسوڕمان دەبین.

کاتێک موسڵمانان بە ڕاستی شوێن ئاینەکەیان کەوتبوون، پێشەنگ بوون لە زانستدا.. بەڵام کاتێک نوستن و وازیان لە فەرمانی خودا هێنا چوونە دواوە، خوای پەروەردگار ( سبحانه وتعالى ) فەرمانی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەمان پێ دەکات: ﴿ قُلِ ٱنظُرُواْ مَاذَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۚ وَمَا تُغۡنِي ٱلۡأٓيَٰتُ وَٱلنُّذُرُ عَن قَوۡمٖ لَّا يُؤۡمِنُونَ ١٠١ ﴾ یونس، واتە: بڵێ تەماشا بکەن و سەرنج بدەن خوا چی لە ئاسمانەکان و زەویدا دروستکردووە.

سەردەمێک تێپەڕی موسڵمانان سەرنجدان و لێکۆڵینەوەکانیان بۆ ئەستێرەگرە و فاڵچیەکان بەجێهێشت و، لە جیاتی ئەوان ناموسڵمانان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کرد!! یاسای خوداش وایە بەلێکۆڵینەوە و سەرنجدان دیاردەکان دەدۆزرێنەوە، کاتێکیش بێباوەڕان بەو کارە هەستان دەرخستنەکان کەوتە دەستی ئەوان.

لەبەرئەوە کەموکورتییەکە هی موسڵمانانە نەک ئیسلام و زانست، هەرکاتێکیش موسڵمانان وەک پێیشینەکانمان هەوڵی سەرنجدان و لێکۆڵینەوەیان دا، بێگومان جارێکی تر و پشت بەخوا دێنەوە پێشەوە.

(د. ئەحمەد قازی) یەکێکە لە پزیشکە موسڵمانە ناودارەکانی ئەمریکا و جیهان، کاتێک فەرموودەی ڕەشکەی خوێندەوە کە دەفەرموێت: (حبة السوداء شفاء من كل داء) متفق علیه، واتە: «ڕەشکە شیفای بۆ هەموو نەخۆشییەک تێدایە».

وتی: کەواتە فەرموودەکە باسی شتێک دەکات پەیوەندی بە هەموو نەخۆشی‌یەکەوە هەیە، ئەو شتە چییە پەیوەندی بە هەموو نەخۆشی‌یەکەوە هەیە؟ ڕەنگە کۆئەندامی بەرگری بێت؟ دەستی بە تاقیکردنەوە و لێکۆڵینەوە کرد، لە ئەنجامدا لەو دەرخستنەدا پێش بێباوەڕان کەوت، دکتۆر ئەحمەد دەڵێت: ئەو ماددەیەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) باسیکردووە، کۆئەندامی بەرگری بەهێز دەکات، وشەی (شفاء) لە فەرمودەکەدا (نکرة)یە و شیفای تەواو ناگرێتەوە، مەبەستی فەرموودەکە ئەوەیە ڕەشکە ئەندازەیەک زۆر یان کەم شیفای تێدایە، لەبەرئەوە کۆئەندامی بەرگری سوودێکی زۆر لە ڕەشکە وەردەگرێت و بەهێزی دەکات.

بەڵام ئایا کاتێک موسڵمانان نهێنیەکان نادۆزنەوە ئیعجازەکان لاواز دەبن؟ بێگومان نەخێر، بە پێچەوانەوە بەڵگەکان بەهێزتر دەبن!! چونکە کاتێک ناموسڵمانێک ڕەگی چیاکان دەردەخات کە وەک مێخ وان ئیعجازەکە بەهێزتر دەبێت، چونکە ئەو نازانێت چی لە قورئاندا هەیە، ئەگەر موسڵمانێک بیدۆزیایەتەوە، لەوانەیە هەندێک گومانی ببردایە، لەگەڵ دەقەکەدا ڕێکیخستووە، هەر بۆیە لە قورئاندا هاتووە: ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ ﴾ فصلت:٥٣، واتە لە داهاتوودا بەڵگەکانی خۆمان لە ئاسۆکانی گەردوون و خۆیاندا پیشانی ئەوان دەدەین، (واتە ئەوانەی بۆیان ڕوون نەبووەتەوە قورئان هەقە) (حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ ) هەتا بە باشی بۆیان ڕوون ببێتەوە کە قورئان هەقە، کەواتە بە دەرکەوتنی ڕاستییە گەردونییەکان، ئەگەر لەلایەن موسڵمانان بێت یان ناموسڵمانان، دەسەلمێت کە قورئان وتەی خوای گەورەیە.


هەیڤ

بەشی کوردی

یەکەم ژمارەی گۆڤاری هەیڤ لە ساڵی 2002 دا بڵاوکرایەوە

ژمارە (33) بەهار 2014ز ـ 1435ک

www.haiv.org

خاوەنی ئیمتیاز
نەشئەت غەفور سەعید

سەرنووسەر
د. دارا گوڵ حامید

جێگری سەرنووسەر
خالید حەسەن عەلی

بەڕێوەبەری نووسین
هاوژین طالب رضا

ڕاوێژکاری یاسایی
موحەممەد رەئووف ئەحمەد

دەستەی نوسەران

١- فاروق ڕەسووڵ یەحیا
٢- جەمال موحەممەد ئەمین
٣ - د. دیاری ئەحمەد ئیسماعیل
٤- شەماڵ موفتی
٥- د. محمد جمیل الحبال
٦- د. کاوە فەرەج سەعدون
٧- بەرزان ئەبوبکر
٨- موحەممەد ئەحمەد
٩- ئەردەڵان صاڵیح عەزیز

دیزاین
شیروان ئەحمەد حەمە کەریم
sherwan_100@yahoo.com

بۆ پەیوەندی
haiv2001@gmail.com
haivkurdy@gmail.com
www.facebook.com/kurdhaiv

ناونیشان: سلێمانی- شەقامی مامۆستایان-
تەلاری حاجی موحەممەد پێنجوینی- نهۆمی (٣)

# یەکەم وێنەی چنراوی گەردوونیی




و/ جەمال موحەمەد ئەمین jamalmhammad@yahoo.com

لە تۆژینەوەیەکی نوێدا کە گۆڤاری زانستی (nature)ی ئەمەریکی لە ژمارەی ڕۆژی (2014/01/19)دا بڵاویکردەوە بە جارێک زانایانی واق وڕماو کرد، کاتێک بینیان چۆن چنراوی گەردوونی بە توند و تۆڵی و بەوپەڕی وردی و ئاڵۆزیەوە مەجەرِەکانی پێکەوە بەستووە، وێنەکە گەورەترین پەڵە هەوری گەردوونیی نیشان دەدات کە تا ئێستا بینرابێت.

زانایان دەڵێن ئەوان توانییان وێنەیەکی ڕاستیی و بۆ یەکەم جار بۆ بەشێک لەو چنراوە گەردوونییە ببینن کە مەجەرِەکانی پێکەوە بەستووە، لەگەڵ ئەوەی کە ماوەی زۆر دوور لەو چنراوە گەردوونییەمان جیادەکاتەوە بەڵام هەر توانرا وێنەی ئەو چنراوە گەردوونییە بگیرێت لە ڕێگای ئەو ئەستێرانەوە کە بە (flashlights) دەناسرێن واتە گڵۆپە دۆزەرەوەکان، بە بوونی ئەستێرەیەکی پرشنگدار لە نزیکی ئەو چنراوانە بووە هۆی ئەوەی زانایان بتوانن بەشێک لەو چنراوە سەرسوڕهێنەرە ببینن.



کاتێک لە شەوێکی سایەقەی سامالْدا سەیری ئاسمان دەکەین ئەو دیمەنە دلْڕفێنە دەبینین، ئەوە بەشێکە لە مەجەرِەکەمان مەجەرِەی ڕێگای شیری یان ڕێگای کاکێشان، زیاد لە (دوو سەد ملیار) ئەستێرەی تێدایە، ئەوە بەشێکی زۆر بچووکە لە گەردوون کە زیاد لە (100) ملیار مەجەرِەی تێدایە!!.



لە نزیکەوە مەجەرِەکە ئاوا دەبینرێت.. پەپکەیەکە ملیاران ئەستێرەی تێدایە کە بەشی زۆریان لە ناوەندی مەجەرِەکە چڕ دەبنەوە و، بە خێراییەکی زۆر گەورە و توند دەسوڕێنەوە.. خێراییان دەگاتە سەدان هەزار (کم) لە کاژێرێکدا، لەگەڵ ئەو خێراییە زۆر گەورەیاندا هەر ئەستێرەیەک ملیۆنان ساڵی دەوێت تا یەک سورِ

بە دەوری ناوەندی مەجەڕەکەیدا تەواو دەکات، ئیتر بزانن چەندە ئەو مەجەڕەیە گەورەیە و، لەگەڵ ئەو گەورەییەی مەجەڕەکە ئەگەر لێی دوور کەوینەوە لەوە دەچێت هیچ نەبینین!!.



ئەمەش وێنەی کۆمەڵێک لە مەجەڕەی زۆر دوورن بە ماوەی ملیۆنان ساڵی ڕووناکی، لەوانەیە هەر مەجەڕەیەک لەوانە لەوی خۆمان گەورەتر یان بچووکتر بێت، لە وێنەکەدا هەر پنتێکی ڕووناکی وێنەی مەجەڕەیەکە، تا ماوەیەکی نزیکی پێش ئێستا زانایان نەیاندەتوانی ئەو دەزووانەی کە لە شێوەی چنراوێکی قەشەنگدا مەجەڕەکان پێکەوە دەبەستن ببینن تەنها لە ڕێگای هەژماردکردنەکانی سۆپەر کۆمپیوتەرەوە نەبێت.



ئەمەش وێنەی گلۆپێکی دۆزەرەوەی گەردوونییە (Quasar) کە بەشێک لەو دەزووە گەردوونیانە ڕووناکدەکاتەوە، تۆژەرەوەکانی (Sebastiano Cantalupo – Xavier Prochaska) و تیمێکی تۆژینەوەی زانکۆی (کالیفۆڕنیا) دەڵێن: یەک تاڵ لەو دەزوولە گەردوونیانە بۆ ماوەی زیاد لە ملیۆن و نیۆێک ساڵی ڕووناکی درێژدەبێتەوە ئەگەر بزانیت یەک ساڵی ڕووناکی دەکاتە (9.46 ملیۆن ملیۆن کم)، بەڕاستی ئەوە ماوەیەکی هێجگار گەورەیە دەکاتە (10) هێندی درێژی مەجەڕەکەمان، بەڵام هێشتا هەر هیچ نییە لە بەرامبەر چنراوی گەردوونیی کە ملیاران ساڵی ڕووناکی درێژ دەبێتەوە!!



ئەمەش وێنەی بەشێکی گەردوونە، پانیەکەی (10) ملیۆن ساڵی ڕووناکیە و لە ڕێگای سۆپەرکۆمپیوتەرەوە بەدەستهاتووە، لە وێنەکەدا دەزوولە گەردوونییەکە دەردەکەوێت کە مەجەڕەکان پێکەوە دەبەستێت (ئەوە بەشێکە لە چنراوی گەردوونیی)، زانایان بڕی ئەو ماددەیەی لە یەک دەزوولەی گەردوونییدا هەیە مەزەندە دەکەن بە بڕی ماددەی زیاد لە تریلیۆنێک لە خۆر!!



ئەمەش وێنەی چنراوی گەردوونییە لە چاوی سۆپەر کۆمپیوتەرەوە لە میانەی کردارەکانی لاساییکردنەوەی کۆمپیوتەری زەبەلاحەوە، پنتە سوورەکان مەجەڕەن، هەر مەجەڕەیەکیش ملیاران ئەستێرە لە خۆ دەگرێت، بەڵام پنتە زەردە درەوشاوەکان کۆمەڵە مەجەڕەن، هەر کۆمەڵێکیش بە دەیان یان سەدان مەجەڕە لە خۆ دەگرن، پاک و بێگەردی هەر بۆ خوایە چۆن تێبگەین لە گەورەیی و ئاڵۆزی و وردی ئەو چنراوە گەردوونییە ئیتر چۆن ڕوومان بێت ئەو پرسیارە ناقۆڵایە بکەین و بڵێین خوا کامەیە؟!!

زانایان دەڵێن لە گەردووندا ملیۆنان دەزوولەی گەردوونیی هەیە و، هەر دەزوولەیەکیش ملیۆنان ساڵی ڕووناکی درێژ دەبێتەوە،

دەی ئەوە دەریدەخات کە چەند ئەم گەردوونە گەورە و پان و پۆڕ و فراوانە!!.

زانایان لەو تۆژینەوەدا باس لە بیناکردنی ڕاستەقینەی گەردوون دەکەن هەر لەوەتی بەدیهاتووە، نەک تەقینەوەیەکی هەڕەمەکیانە.. بە دروستبوونی ئەستێرە کۆنەکان دەستیپێکردووە و ئەوانیش کۆبوونەتەوە بۆ پێکهێنانی مەجەڕەکان و، دەستیانکردووە بە بڵاوکردنەوەی ڕووناکی، ئینجا پەڵە هەورییە گەردوونییەکان دروستبوون لە گازی هایدرۆجین و پردی گەردوونیی لە نێوان مەجەڕەکاندا پێکهێناوە. ئینجا سیماکانی دەزوولە و موولولەی گەردوونیی دەستیان بە دروستبوون کردووە بۆ پێکەوەبەستنی پێکنەرە گەردوونییەکان، ئەوانە هەموو لەگەڵ فراوانبوونی لەسەرخۆی گەردووندا دروستبوون، ئەوانە هەموو پڕۆسەی ورد و ئاڵۆز و ڕێک و توند و تۆڵن.

لەکاتێکدا یەکێک تۆژینەوەیەکی ئاوا و لە گۆڤارێکی زانستیی بەناوبانگی وەک (nature)ی ئەمەریکیدا و لەم سەرەتای ساڵی (2014)دا دەخوێنێتەوە، هەرگیز بیری بۆ ئەوە ناچێت ئاوا تۆژینەوەیەک لە یەکێک لە پەڕتوکە کۆنەکاندا ئاماژەی پێدرابێت.

بەڵێ قورئانی پیرۆز لە پێش (14) سەدە لەمەوبەرەوە ئاماژەی بەو ڕاستییە زانستیی و گەردوونییانە داوە! تۆژینەوەکە باس لە بیناکردن و فراوانبوونی گەردوونیی دەکات بە پێی یاسابەندیی و ڕێکسازییەک، ئەو بیناکردن و ئەو فراوانبوونەش لە یەک ئایەتدا وەک دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ٤٧ ﴾الذاريات. مانای ( باید ) واتە بەهێز و لە تۆژینەوەکەشدا باس لەو هێزی کێشکردنە گەورەیە دەکات، تۆژینەوەکە باس لە دەزوولە و چنراوی گەردوونیی دەکات و وێنەی تاڵێک لەو دەزوولەی نیشانداین، دەی ئایەتێکیش هەیە لە قورئانی پیرۆزدا زۆر بە وردی هێما بەو ڕاستییە گەردوونییە دەدات وەک دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ ذَاتِ ٱلۡحُبُكِ ٧ ﴾ الذاريات، مانای (الحبک) چنراوە. لە تۆژینەوەکەدا هاتووە و باس لە گڵۆپی زۆر شەوقدار دەکات کە گڵۆپی دۆزەرەوەن و پەڵە هەورییە گەردوونییەکانی بۆ دۆزیونەتەوە کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی بەدیهاتنی گەردوون واتە زیاد لە (10 ملیار ساڵ) لەمەوبەر، قورئانیش هێما بەو ڕاستیانە دەکات و باس لەو گڵۆپ و پەڵە هەورییە گەردوونییانە دەکات و بە (دخان) ناوی دەبات وەک دەفەرموێت: ﴿ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ وَهِيَ دُخَانٞ ﴾ فصلت:١١، ئینجا لە هێما بە گڵۆپە دۆزەرەوەکاندا دەفەرموێت: ﴿ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾ فصلت: ١٢.

ئایا ئەوانە هەموو بەڵگە نین لەسەر ئەوەی کە قورئانی پیرۆز لای خواوە دابەزیوە؟!

**سەرچاوە:**

www.Kaheel7.com
http://www.nature.com/news/light-from-ancient-quasar-reveals-intergalactic-web1.14550-
http://www.nature.com/nature/journal/vaop/ncurrent/full/nature12898.html
The Millennium Simulation Project, http://www.mpa-garching.mpg.de/galform/virgo/millennium/
https://www.sciencenews.org/article/filament-cosmic-web-set-aglow

# موعجیزەی پەروەدگار لە هێلکەدا

کێ باوەڕدەکات هێلکە شانزە کانزای زۆر دەگمەن و هەشت کانزای ناسراوی تێدابێت!؟ کانزاکانی ناو هێلکە ڕێژەی (2%)ی هێلکەیان پێکهێناوە، لە کاتێکدا ئەو کانزایانەی توێکڵی هێلکەیان پێکهێناوە دەگاتە (10%).. کێ بڕوا دەکات لە هێلکەدا (سەدان) جۆر پڕۆتین هەبێت و، (14) جۆر ڤیتامین و ماددەی شەکر و دژە زیندەیی تێدابێت!؟ کە بەرگری لە شیبوونەوە و خراپبوونی دەکات، هەروەها چەوری سوک و قورسی تێدابێت!! ئەو شێوە هێلکەییەی کە هەیەتی وا دەکات بۆ ماوەی زۆر نەخولێتەوە، ئەگەر لەسەر شێوەی گۆیی و خڕ بوایە ماوەیەکی زۆر دەخولایەوە.. شێوەی هێلکە بەهێزترین شێوەی ئەندازەییە کە بەرگەی فشاری گەورە دەگرێت چونکە لە شێوەی هێلکەییدا بەرگری بەسەر هەموو ڕووەکانیدا دابەش دەبێت، لە کاتێکدا پێکهاتەکەشی بە جۆرێکە بە ئاسانی دەکرێتەوە و بەکاردێت.

سەرچاوە: پێگەی (د. محمد راتب النابلسی)



# بۆچی پەروەردگار سەیرکردنی ئافرەتی نامەحرەمی حەرامکردووە؟

ئا: بەرزان ئەبوبەکر
barzanalany@yahoo.com

دوای ئەوەی لە ڕۆژئاوادا بێباوەڕان ڕێیاندا بە: زینا، شزوز، سەیرکردنی فلیمی بەدڕەوشتی... تاد و، بە بناغەی پێشکەوتنیان دەزانی، بەڵام سوپاس بۆ خوا ئەمڕۆ زانایان سەلماندیان سەیرکردنی ئارەزووانە بۆ ئافرەتی نامەحرەم مەترسییەکی ڕاستەقینەی گەورەیە.

لێکۆڵینەوەیەک لە (2012)دا، دەریخست: کرداری کەوتنەداوی خۆشەویستی لە (5/1)ی چرکەیەکدا ڕوودەدات و دەماخی پیاو زۆر خێرا وەڵامی سەیرکردنی ئافرەتەکە دەداتەوە و ناوچەیەکی دیاریکراو لە دەماخدا چالاک دەبێت، هەمان ئەو ناوچەیەی لەکاتی جنس و کێشانی مادده هۆشبەرەکاندا چالاک دەبێت.




**(وێنەی:1) زانایان دوای دۆزینەوەی ئامێری ڕووپێوی موگناتیسی وەزیفی (FMRI) سەلماندیان سەیرکردنی ئافرەتی نامەحرەم خانەکانی دەماخ لەناودەبات.**

زانایان دەڵێن زۆر سەیرکردنی ئافرەتی نامەحرەم دەبێتە هۆی دووبارە چالاکبوونەوەی ئەو ناوچەیە و دواتریش ئالودەبوون، ئەمەش وادەکات دەماخ ڕێژەیەکی زۆر لە هۆرمۆنی دۆپامین (Dopamine) دەربکات کە ماددەیەکی پێویستە بۆ هەستکردن بە بەختیاری، جا کاتێک دەماخ ئالودەی سەیرکردنی ئافرەتی ڕووت دەبێت دەردانی ئەم ماددەیە زیاددەکات، بەڵام دوای ماوەیەک ئەو خانانەی (دۆپامین) دەردەدەن ماندوودەبن و وردە وردە دەردانیان کەم دەبێتەوە و دەپوکێنەوە، بۆیە بابای تەماشاکەر وەک پێشتر هەست بە خۆشی ناکات و بەشوێن هۆکاری وروژێنەری تردا دەگەڕێت وەک ئەوانەی ئالودەی ماددەهۆشبەرەکان دەبن، کە ئەمەش کردارێکی پڕ مەترسی ڕاستەقینەیە.




**(وێنەی:2) دەردانی هۆرمۆنی (دۆپامین) کە ماددەیەکی پێویستە بۆ هەستکردن بە بەختیاری.**

هەروەها لێکۆڵینەوەیەک لە (2013)دا لە زانکۆی (Cambridge University) بە بەکارهێنانی ئامێری (FMRI) لەسەر دەماخی کۆمەڵێک گەنج کە ئالودەی سەیرکردنی فلیمە بەدڕەوشتییەکان بوون ئەنجامدرا، ئەنجامەکەشی مەترسیدار بوو دەرکەوت هەڵسوکەوتیان لە دەماخی ئەو کەسانە دەچێ کە ئالودەی مەی و مادده هۆشبەرەکانن.. لە چەند لێکۆڵینەوەیەکی تریشدا دەرکەوت، کاتێک سەیرکردنی ئەو دیمەنانە دووبارەدەبێتەوە، لەگەڵ کاتدا دەماخ تووشی ئالودەبوون دەبێت و، بەشی پێشەوەی سەر تووشی داخوران و زیانێکی زۆر دەبێت، بەوەش هەڵسوکەوت و هاوسەنگی مرۆڤ تێکدەچێت و وەک شێت شوێن ئارەزووەکانی دەکەوێت و لەوانەیە کەتن بکات یان خۆی بکوژێت، هەروەها مرۆڤ تووشی لاوازبوون لە بیروهۆشدا و، لەوانەشە تووشی زوو پیربوون ببێت.



**وێنەی (3) ئەمڕۆ زانایان لە ڕۆژئاوا گەیشتوون بەو ڕاستییە کە دەماخی کەسێک کە ئالودەی سەیرکردنی فلیمە بەدڕەوشتییەکان بووە، لە دەماخی ئەو کەسە دەچێ کە ئالودەی مەی و ماددە هۆشبەرەکانە.**

زانایان ناوچەی پێشەسەری دەماخ (Frontal Loob) بە ئیستۆپی ئۆتۆمبێل دەشوبهێنن، کاتێک مرۆڤ زۆر سەیری دیمەنە جنسییەکان دەکات ئەوا ناوچەی پێشەسەر کە لێپرسراوە لە ڕابەرایەتیکردن و کۆنترۆڵکردن ماندوودەبێت و هەندێک بەشی گرنگی لەناودەچێت کە ئەوەش لە ئیستۆپی ئۆتۆمبێلدا ڕوودەدات، ئەو کات وەک ئەوە وایە مرۆڤ بە خێراییەکی زۆر و بەبێ ئیستۆپ لێخوڕین بکات.

هەروەها زانایان جەخت لەوە دەکەنەوە کە تەنگژە سۆزدارییەکان تەنها گرفتێکی تایبەت بە هەرزەکاران نییە، بەڵکو هەندێک جار ئەو پەیوەندییە سەردەکێشێت بۆ ڕابواردن.. توێژینەوە زانستییە نوێیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە (دڵ شکاندن)، کردارێکی ڕاستەقینەیە، چونکە دڵ لە هەموو ئەندامەکانی دیکەی جەستە هەستیارترە!

زانایانی زانکۆی (توبنگن) لە ئەڵمانیا سەلماندوویانە کە تەنگژە سۆزدارییەکان تەنها کاریگەری لەسەر دڵ نییە، بەڵکو لەسەر هەموو جەستە کاریگەری هەیە، بە تایبەت دەماخی ئافرەت، ئافرەت دوای شکستهێنان و جیابوونەوەی لە پەیوەندی سۆزداری بە توندی زیانی پێدەگات..

زۆرترین ئەو ناوچانەی زیانیان پێدەگات، ئەو ناوچانەیە کە بەرپرسن لە هەست و سۆز و پەرۆشی، هەروەها کاریگەری دەکاتە سەر خەو و خواردنیش، جێگەی سەرسوڕمان نییە کە ئافرەتان دوای شکستهێنانی پەیوەندی سۆزداری دووچاری نەمانی ئیشتیها بۆ خواردن و تێکچوونی پرۆگرامی خواردن دەبێت.

توێژینەوەیەک کە لە گۆڤاری (فوکوس)ی ئەڵمانی بڵاوکرایەوە، جەخت دەکات کە پیاوانیش بە هەمان شێوەی ئافرەتان بە دەست تەنگژە سۆزدارییەکانەوە دەناڵێنن، بەڵام بە شێوەیەکی جیاواز لە ئافرەتان، چونکە ئافرەتان بۆ هاوڕێکانیان و دایکیان تەنگژەکەیان باس دەکەن.. لە کاتێکدا پیاوان ئامادە نین لای نزیکترین هاوڕێی خۆیان باس لە هەست و خەمەکانیان بکەن..

کورتەی توێژینەوەکە ئەوەیە کە (دڵشکاندن) لە نێوان زۆرێک لە خەڵکیدا بوونی هەیە، بەشێوەیەک کە دڵ بە بەراورد بە ئەندامەکانی دیکەی جەستە بەشێوەیەکی زیاتر و گەورەتر دووچاری ئازار دەبێتەوە، هەروەها پسپۆڕ و شارەزا (یورجن شیفر) لە زانکۆی (ماربورگی) ئەڵمانی دەڵێت: کاتێک مرۆڤێک دەڵێت: کە دڵی بەهۆی لە دەستدانی خۆشەویستەکەیەوە ئازاری دەگات، ئەوە بە مانای وشە قسەیەکی زۆر ڕاست و دروستە.

بۆیە زانایان بۆ ڕزگاربوون لە ئالودەبوون بە جنس و ماددە هۆشبەرەکان و جگەرە دوو ڕێگە چارە پێشنیاردەکەن، یەکەم: ئاگادارکردنەوە و ترساندنی کەسی تووشبوو بە خراپی ئەو کارانە، دووەم: چاندنی متمانە بەخۆبوون بۆ کۆنترۆڵکردنی نەفس و شوێننەکەوتنی ئارەزووەکانی.. شایەنی باسە قورئانی پیرۆز پێش (1400) ساڵ ئەم ڕێگە چارەیەی دیاری کردووە: ﴿ وَأَمَّا مَنْ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفْسَ عَنِ ٱلْهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلْجَنَّةَ هِىَ ٱلْمَأْوَىٰ ﴿٤١﴾ ﴾ النازعات ، واتە: «بەڵام ئەوەی لە پایە و شکۆی پەروەردگاری ترسابێت و جڵەوی نەفسی لە هەموو ئارەزوویەکی نادروست گرتبێتەوە بێگومان هەر بەهەشت جێگەی حەوانەوە و گوزەرانیەتی».... ڕامێنە لەبەدواییەکداهاتنی هەردوو وشەی (خاف) و (نهی).. ئەنجامەکەشی پاداشت و بەهەشت دەبێت.

ئیسلام چۆن چارەسەری ئەم گرفتەی کردووە؟

خوای گەورە (سُبْحَانَهُ وَتَعَالَى) فەرمانمان پێدەکات کە چاومان بپارێزین، هەروەک دەفەرموێت: ﴿ قُل لِّلْمُؤْمِنِينَ يَغُضُّوا۟ مِنْ أَبْصَـٰرِهِمْ وَيَحْفَظُوا۟ فُرُوجَهُمْ ۚ ذَٰلِكَ أَزْكَىٰ لَهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ خَبِيرٌۢ بِمَا يَصْنَعُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ النور.

واتە: ئەی محمد (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) بە پیاوانی بڕوادار بڵێ: چاویان لە سەرنجدانی ئافرەتانی نامەحرەم بپارێزن هەروەها عەورەتی خۆیان لە حەرام بپارێزن، بێگومان ئەوە پاک و پوختترە بۆیان بەڕاستی خوا ئاگادارە بەو هەڵسوکەوت و ڕەفتارانەی دەیکەن.» پاک و پوختی لێرەدا تەنها ڕۆحیی نییە، بەڵکو بۆ لاشە و تەندروستیشە، چونکە بۆ زانایان دەرکەوت ئەوەی لەسەر سەیرکردنی دیمەنە ڕووتەکان ڕاهاتبێت تووشی لاوازی لە سیستمی بەرگرییدا دەبێت و بەرگری لاشەی لاواز دەبێت بەوەش لەکەسانی تر زیاتر ئەگەری تووشبوونی بە نەخۆشی دەبێت.. هەروەها دەڵێن: ئەگەر لە هەڵوێستێکدا دەتویست بڕیارێکی دروستبدەیت و بە چاکی بیروهۆشی خۆتی بۆ ئامادەبکەیت پێویستە خۆت لە سەیرکردنی ئافرەتی سفوور بپارێزێت، کە هەرئەمەشە قورئانی پیرۆز فرمانی پێکردووە.

پێغەمبەریش (صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)، بە (عەلی کوڕی ئەبوتالیب) دەڵێت: (ئەی عەلی، سەیری ئافرەت مەکە، سەیرکردنی یەکەم تاوان نییە لەسەرت، بەڵام دووەم جار بە تاوان بۆت دەنوسرێت..) (أخرجه أحمد وأبو داود والترمذي). هەر وەکو دەزانین هەموو پەیوەندییەکی سۆزداری بە دڵنیاییەوە سەرەتا لە سەیرکردنێکەوە دەست پێدەکات و، بەدڵنیاییەوە بە خراپە و تاوان کۆتایی دێت، یان لانی کەم دەگاتە دەست لێدان و ماچکردن، جگە لەوەش مرۆڤ والێدەکات بەردەوام بیر لە خۆشەویستەکەی بکاتەوە، ئەوە جگە لە بەفیڕۆدانی کات و ماڵ و سامان و تواناکانی لەو پێناوەدا..

لە پەیوەندی سۆزداریدا دڵ زۆرترین زیانی بەردەکەوێ، جا ئەو پەیوەندییە سەرکەوتوو بێت، یان شکستخواردوو، بۆیە باشترین

ڕێگە بۆ بنیاتنانی پەیوەندی نێوان کوڕو کچ، بریتییە لە هاوسەرگیری، کە خودای گەورە بۆی حەڵاڵ کردووین، ئەوە ئەو پەیوەندییە سروشتییەیە کە زانایان ئامۆژگاریمان دەکەن تا پەیوەندییەکانمان لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر لەسەر بنەمای هاوسەرگیری بێت.. چونکە دیمەنە حەڵاڵەکان دەماخ تووشی حەوانە و ئاسوودەیی دەکەن، بەڵام دیمەنە نامەحرەمەکان دەبنە هۆی ماندووکردنی دەماخ و تووشی گیروگرفتی دەکەن و زیاتر کار لە بڕیاردانی مرۆڤ دەکەن. هەروەها دەرکەوتووە لەکاتی ژنهێناندا ئەم ناوچەیە چالاکدەبێت و گەشەدەکات و یارمەتی مرۆڤ دەدات کە بڕیاری دروست و داهێنانبکات و لە ژیاندا سەرکەوتووبێت.


Sam Bailey was | who was shot dead | PEOPLE: A | Alliance chief urges

**How being married can help you survive cancer: Having a spouse brings greater benefits than chemotherapy**

- Study by Harvard University looked at 750,000 patients
- Found married sufferers had 20 per cent better chance of surviving
- Benefit for breast and colon cancer patients outweighed benefit of chemo

By DANIEL BATES

PUBLISHED: 08:45 GMT, 24 September 2013 | UPDATED: 22:26 GMT, 24 September 2013

Share | Tweet | +1 | Share | 938 shares | 69 View comments

Marriage makes you less likely to die from cancer, a study shows.

Men and women who have tied the knot were found to have a 20 per cent greater chance of surviving the disease than single people.

In half the cancers studied, having a spouse brought even greater benefits than chemotherapy.

(وێنەی 4) بەپێی زانکۆی (Harvard University) ژنهێنان مرۆڤ لە شێرپەنجە دەپارێزێت و، بەپێی ڕۆژنامەی (دەیلی مەیلی بەریتانی 2008/12/19) ژنهێنان بۆ منالان باشترە و، بەپێی (تایمی ئەمریکی)ش ژنهێنان هۆکارێکە بۆ باشترکردنی داهات و زیادکردنی تێکڕای بەرهەم و، بەپێی ڕاپۆرتێکی (CNN)یش ژنهێنان تەمەن درێژدەکات و، بەپێی (ناوەندی نەتەوەیی بۆ ئامارەکانی تەندروستی) ژنهێنان گەشە بە گیانی کۆمەڵایەتی دەدات.

**ڕووی ئیعجاز:**

ئایا ئەمەی زانایانی ڕۆژئاوا دەیڵێن هەر ئەوە نییە کە ئیسلام بۆی هێناوین کاتێک پەیوەندی سۆزداری ناشەرعیمان لێ قەدەغە دەکات و فەرمانمان بە هاوسەرگیری پێدەکات؟!

بێگومان ئەوەی پەیڕەویی قورئان دەکات ژیانێکی ئارام و جێگیری دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بێباوەڕ ژیانێکی شڵەژاوی دەبێت و مانای بەختیاریی ڕاستەقینەش نازانێت.

قورئان شیفا و چارەسەرە بۆ هەموو نەخۆشییەکانی سەردەم، ئیسلام خێر و خۆشی و ژیانی پڕ ئاسوودەیی و بەختەوەری بۆ ئێمە هێناوە.. هەموو یاسا و بەرنامەکانی جوان و قەشەنگە و پارێزگاری لە مرۆڤی باوەڕدار دەکات و ڕێگری لێ دەکات کە شوێنی هەوا و ئارەزووەکانی بکەوێت، لە خەم و پەژارە و گرفتەکان و نەخۆشی و دەرد و ناڕەحەتییەکان و خەمۆکی دوورمان دەخاتەوە.. ئەوەتا زانایانی ئەمڕۆی ڕۆژئاواش گەیشتنە هەمان ئەنجام و داوای پێویستی دوورکەوتنەوە لە سەیرکردنی ئافرەتانی سفور دەکەن.

لەبەرئەوە برا و خوشکی ئەزیزم، ئاگاداری پەیوەندی سۆزداری بە، باشترین چارەسەر بریتییە لە داخستنی چاوەکانت، تێڕوانین و سەیرکردنی ڕەگەزی بەرامبەر تیرێکە لە تیرەکانی ئیبلیس، هەر کەس لەبەر خودا وازی لێبهێنێت، بێگومان خوای گەورە بۆی دەگۆڕێت بە نورێک کە شیرینییەکەی دەگاتە دڵی.

ڕوونتر بڵێین: هەر کەس لەبەر خوا واز لە شتێک بهێنێت، بێگومان خوای گەورە بە باشتر لەوە بۆی دەگۆڕێت!

وەرگیراوە لە سێ بابەتی (عبدالدائم الکحیل).

**هەندێ لە سەرچاوەکانی نووسەر:**


1 - http://www.huffingtonpost.co.uk/22/09/2013/pornography-addiction_n_3971551.html
2- http://www.thesundaytimes.co.uk/sto/news/uk_news/Society/article1317209.ece
3- http://www.independent.co.uk/life-style/health-and-families/health-news/pornography-addiction-leads-to-same-brain-activity-as-alcoholism-or-drug-abuse-study-shows8832708-.html
4- http://www.neuroscience.cam.ac.uk/news/article.
5- http://www.superscholar.org/features/ten-ways-to-keep-your-brain-healthy-in-college/
6- http://www.salvomag.com/new/articles/salvo13/13hilton.php
7- http://www.normandoidge.com/normandoidge.com/MAIN.html




# تاريكيي و شەپۆلە ناوەكي يەكان لە قوڵايي دەرياكاندا

ئا: ناسک اسماعیل عزیز




ئەم وێنەیە لێکۆڵینەوەیەکی نوێی زانایانە لە مانگی (2013/9) زانکۆی (واشنتۆن) بڵاویکردەوە، لە ناوچەیەکی قوڵ و سارد و تاریکی (ئۆقیانوسی هێمن)دا گیراوە، شەپۆلە ناوەکییەکانی ئۆقیانوسەکە بە ڕەنگی سەوز و زەرد دەردەکەون و بەرزیی شەپۆلەکانیان هێندەی تاوەرە هەوربڕەکانە و نزیکەی (300) مەترە.

شەپۆلە ناوەکییەکانی ئۆقیانوسەکان بە چاوی ئاسایی نابینرێن و مرۆڤایەتی هەتا ئامێری پێشکەوتووی بەکارنەهێنا نەیدەزانی و بەم جۆرە وێنەی نەگرتن، بەڵام قورئانی پیرۆز (14) سەدەیە باسیکردوە: ﴿أَوْ كَظُلُمَٰتٍ فِى بَحْرٍ لُّجِّىٍّ يَغْشَىٰهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ سَحَابٌ ظُلُمَٰتٌۢ بَعْضُهَا فَوْقَ بَعْضٍ إِذَآ أَخْرَجَ يَدَهُۥ لَمْ يَكَدْ يَرَىٰهَا وَمَن لَّمْ يَجْعَلِ ٱللَّهُ لَهُۥ نُورًا فَمَا لَهُۥ مِن نُّورٍ ﴿٤٠﴾﴾ النور.

یەکێک لەو زانیاریانەی لەم ئایەتەدا سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەوەیە سەرباری ئەو شەپۆلانەی لەسەر ڕووی دەریا بەدیدەکرێت، جۆرێکی تریش لە شەپۆل هەیە لە ژێر دەریاوە سەرهەڵدەدات (أَوْ كَظُلُمَٰتٍ فِى بَحْرٍ لُّجِّىٍّ يَغْشَىٰهُ مَوْجٌ مِّن فَوْقِهِۦ مَوْجٌ)، واتە: «کردەوەکانیان وەک تاریکاییەکانی دەریا قوڵەکان وایە کە شەپۆل دایپۆشیوە و لەسەرو ئەوەوە شەپۆلی تر هەیە.»

سەرسوڕهێن ئەوەیە قورئانی پیرۆز بەشی ژێر شەپۆلەکەی ناوەوەی بە دەریایەکی جیا وەسفکردووە، ئەمەش ڕاستییەکی زانستییە چونکە هەموو سیفاتێکی ژێر ئەو شەپۆلانەی ناوەوە جیاوازە لە سەرووی شەپۆلەکە، ئەوەی خوارەوە ساردە و تاریکە بەڵام ئەوەی سەرەوە گەرمە و ڕووناکە، هەروەها گیاندارانی خوار شەپۆلە ناوەکییەکە جیاوازن لە گیاندارانی سەر شەپۆلەکە، بۆیە دەبنە دوو بەش دەریای قوڵ کە لە ژێر شەپۆلەکەیە و شەپۆلی ناوەکی دایپۆشیوە هەروەها دەریای ڕووکەشی کە سەرو شەپۆلەکەیە، ئەمەش ڕێک ئەوەیە کە قورئانی پیرۆز بە وردی وەسفیکردووە.

هەروەها لە هەمان وتاری زانکۆی (واشنتۆن)دا هاتووە: ئەم شەپۆلە قوڵانە بۆ خراپ نەبوون و ئاوێتەبوونی ئاوی دەریاکان پێویستن و، یارمەتی پارێزگاریکردن لە هاوسەنگی ژینگەیی دەدەن. ئاوێتەکردنی ئاو نایەڵێت ئاوی چڕ لە بنکی ئۆقیانوسەکاندا کۆببێتەوە و بەوەش ئاوی دەریاکە خراپ نابێت، لەگەڵ ئەوەی تێکەڵبوون و ئاوێتە بوون و جوڵەی بەردەوام هەیە بەڵام ئاوی ژێر ئەم شەپۆلانە پارێزگاری لە جۆر و چڕی و سوێرێتی و پلەی گەرمی خۆی دەکات و وەک دەریایەکی جیا وایە.

**ڕووی ئیعجاز:**

ڕاستی بوونی ئەو شەپۆلە ناوەکییانە لە دەریادا تەنها لەم سەردەمەدا بۆ زانایان دەرکەوت و لە توانای بینینی ئاسایی مرۆڤ بەدەرە، چونکە زۆر ئەستەمە بۆ مرۆڤ بەبێ کەرەستە و ئامڕازەکانی تەکنۆلۆژیای سەردەم تەنها بە هۆی پلەی گەرمی و گۆڕانی ڕادەی سوێرییەوە لە قوڵییەکی دیاریکراودا دیارییان بکات و زانیاری لەبارەی جوڵەی ئەم شەپۆلە ناوەکییانەوە لەژێر دەریاکاندا بزانێت!!

هەروەها بەبێ ئامێری پێشکەوتوو ئەستەم بوو مرۆڤ بتوانێت پتر لە (70 مەتر) بچێتە قوڵایی دەریاکان و لەدیاردەکانی بکۆڵێتەوە و بۆی دەرکەوێت کە تاریکی هەیە، هەر لەبەرئەوەشە زانایان تەنها لەم سەردەمانەی دواییدا ئەم زانیارییە وردانەیان لەبارەی زەریاکانەوە پێگەیشتووە، هەروەها لێکۆڵینەوەکان ئاشکرایانکردووە کە ڕووناکی ناتوانێت پتر لە نزیکەی (200م) لەسەر ڕووی ئاوەوە ڕۆبچێت و، پاش قوڵایی (1000م) تاریکییەکی تەواو باڵ دەکێشێ بەسەر زەریاکاندا...

لەگەڵ ئەوەشدا (1400) ساڵ لەمەوبەر خوای گەورە لە قورئاندا باسی ئەو شەپۆلە ناوەکییانە دەکات کە لە قوڵایی زەریاکاندان لە کاتێکدا کە هیچ هەلێک نەبووە بۆ ڕۆچوون بەزەریاکاندا تا لێکۆڵینەوەی زانستی تیادا بکرێت.

ئەگەر لە ڕیزبەندی ئایەتەکە وردبینەوە: سەرەتا باس لە تاریکی زەریاکان دەکات، پاشان باسی ئەو شەپۆلە ناوەکییانە دەکات کە لەناویاندایە، دواتر شەپۆلەکانی سەرەوە دەخاتە ڕوو، دواجاریش ئاماژە بە هەورەکان دەکات کە بەسەریانەوەن، ئەو خاڵەش کە دەبێت بە تایبەتی سەرنجی بدەین (تاریکییە) کە لە ژێر هەموویانەوەیە.. ئەمەش موعجیزەیەکی تری زانستییە لە قورئانی پیرۆزدا و دووبارە بە ڕوونی ئەوە دەردەخات کە قورئان لەلایەن خوداوە هاتووە.

**سەرچاوە:**

www.wattsupwiththat.com
www.sciencedaily.com
www.fondriest.com




ن: م. سەعیدی نورسی
و: م. فاڕووق ڕەسووڵ یەحیا faruq_r@hotmail.com

## ڕۆشنایی یەکەم
## ئەم ڕۆشنایییە سێ تیشکی لێ بووەتەوە

### تیشکی یەکەم
### ڕەوانبێژیی قورئان موعجیزەیە

ئەم ڕەوانبێژی‌یە خاوەن ئیعجازەی قورئان لە: پاراوی و جوانی و پتەویی هۆنین و.. ناوازەیی و نامۆیی و باشیی شێوازەکان و.. تەواوی و بەرزی و خاوێنیی ڕوونکردنەوە و.. هێز و ڕاستیی واتاکان و.. زمانپاراوی و ڕەوانیی وشەکانیەوە، هەڵقوڵاوە.

وا هەزار و سێ سەد ساڵە قورئانی پیرۆز، بەم ڕەوانبێژی‌یە دەراسایەی، تەحەددای زیرەکترین ڕەوانگۆ و کارامەترین وتارخوێن و مەزنترین زانای نەوەی ئادەمیزادی کردووە، کەچی تا ئێستا نەچوونەتە مەیدانی و نەیانتوانیوە لە ئاستیدا دەم بکەنەوە، هەرچەندەش قورئان بە توندوتیژی پەیتا پەیتا تەحەددای کردوون. بەڵکو تێکڕا بە زەلیلی‌یەوە ملیان بۆ کەچ کرد و سەریان بۆ دانەواند، لە کاتێکدا کە ڕەوانگۆی وەهایان تێدایە سەری غرووری لە هەور دەخشێنێت!

وا بە دوو «شێوە» ئاماژە بۆ ڕووی ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئاندا دەکەین:

شێوەی یەکەم:

زۆربەی دانیشتووانی دوورگەی عەرەب نەخوێندەوار بوون، بۆیە ئەو شتانەی کە مایەی شانازییان بووە و، ڕووداوە مێژوویی‌یەکان و، پەند و دانایی و، ڕەوشتجوانیی خۆیان، لە شیعر و گوفتارە ڕەوانەکانیاندا دەپاراست کە دەماودەمیان پێ دەکرا، لە بریی نووسینەوەیان. ئەوەبوو گوفتاری پڕ واتا و دانایی لە زەینەکاندا جێی خۆیان دەگرت و لە پێشینانەوە بۆ ئەوانەی دوای خۆیان دەماودەم دەمایەوە. ئەم پێویستی‌یە سروشتی‌یەی ئەوان وای لێکردبوون کە باشترین و بە برەوترین کاڵای بازاڕی ڕۆژگارەکەیان «ڕەوانبێژی» و «زمانپاراوی» بێت، بە ڕادەیەک کە ڕەوانگۆی هەر تیرە و هۆزێک بە ڕەمزێکی سەربەرزی و پاڵەوانێکی شانازی پێوەکراوی هۆز دادەنرا.

بەڵێ، ئەو نەتەوەیەی کە دوای موسڵمان بوونیان، بە زیرەکی و وریایی خۆیان، جڵەوی سیاسەت و حوکمڕانیی جیهانیان گرتە دەست، لەناو گشت نەتەوەکانی جیهاندا لە چڵەپۆپەی بواری ڕەوانبێژیدا بوون و، ڕەوانبێژی لە لایان گەلێ برەوی پێ دەدرا و پێویستی‌یەکی زۆریشیان پێی هەبوو، تەنانەت بە مایەی شانازیی خۆیانیان دەژمارد، بگرە تەنها بە گوفتارێک کە لە زاری ڕەوانگۆیەکیانەوە دەربچوایە یان جەنگ لە نێوان دوو تیرەدا هەڵدەگیرسا یان ئاشتی دەکەوتە نێوانیانەوە! تەنانەت حەوت پارچە شیعری ڕەوانگۆترین شاعیرانی خۆیان بە ئاوی زێڕ نووسیبووەوە و، بە دیواری کەعبەدا هەڵیانواسیبوو، کە پێیان دەوت: «المعلقات السبعة» و ڕەمزی شانازییان بوو.

ئا لەم کاتەدا قورئانی پیرۆز نازڵ بوو کە «ڕەوانبێژی» گەیشتبووە چڵەپۆپەی بایەخ و برەو پێدان. بە وێنەی موعجیزەی حەزرەتی مووسا و عیسا - درووديان لەسەر بێت - کە لە شێوە و جۆری شتانی بایەخ پێدراوی زەمانی خۆیان بوون، کە بریتی بوون لە «سیحر» لە زەمانی حەزرەتی مووسادا و «پزیشکی»ش لە زەمانی حەزرەتی عیسادا!

بەڵێ، قورئان ئا لەم کاتەدا هاتەخوار و، بە ڕەوانبێژی‌یەکەی خۆی تەحەددای بۆ سەرجەم ڕەوانگۆیانی سەردەمەکەی خۆی و گشت سەردەمەکانی دواتریش ڕاگەیاند و، داوای لە ڕەوانگۆ عەرەبەکان کرد کە بەرەنگاری ببنەوە و لاسایی بکەنەوە و بێنە مەیدانی و شتێکی هاووێنەی قورئان بهێنن با وەک بچووکترین سوورەتیشی وابێت! ئەوەبوو لە پێشدا بەم ئایەتە تەحەددای کردن:

﴿وَإِن كُنتُمْ فِي رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِ ﴿٢٣﴾﴾ البقرة..

پاشان ئەم تەحەددی‌یەی لەسەر توند کردن و فەرمووی:

﴿فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا وَلَن تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ ﴿٢٤﴾﴾ البقرة..

واتە: بەرەو دۆزەخ — کە خراپترین ئەنجامە - دەدرێنەبەر. ئەم شێوازەش غروور و کەش و فشی ئەوانی دەشکاند و گاڵتەی بە بیر و ژیریی ئەوان دەکرد و حوکمی ئیعدامی هەر لە دنیادا - چ جای قیامەت - بۆ دەردەکردن. واتە: یان دەبێ شتێک بڵێن وەکو قورئان وابێت، یان مادەم




سوورن لەسەر کوفر و باوەڕنەهێنان ئەوا گیان و سامانتان لە مەترسیدایە!

جا ئەگەر بەرەنگاربوونەوەی قورئانیان بە هێنانی چەند دێڕێکی وەک ئەو لە تواناد بوایە و، ئەو ڕێگایەیان بە ئاسانی بۆ بگیرایەتەبەر و بیانتوانیایە بەمە دەعوا و تەحەددییەکەی قورئان بەتاڵ بکەنەوە، ئایا ڕێگای جەنگ و کاولکارییان هەڵدەبژارد کە وەک ئاشکرایە مەترسییەکانی ئەم ڕێیە گەلێ زیاترە و ئەرک و گیروگرفتەکانیشی یەکجار زۆرن؟

بەڵێ، ئایا دەگونجێ ئەو مرۆڤە زیرەکانەی کە — لە دواییدا — بە سیاسەت و زیرەکیی خۆیان هەموو جیهانیان بەڕێوەبرد، ئاسانترین و بێ وەیترین ڕێ پشتگوێ بخەن و ئەو ڕێگا هەڵەت و سەختە هەڵبژێرن کە گیان و سامانیان لەناو دەبات؟

خۆ ئەگەر ڕەوانگۆکانیان بیانتوانیایە بە چەند پیتێک بەرەنگاری قورئان ببنەوە، ئەوا قورئان وازی لە دەعواکەی خۆی دەهێنا و، ئەوانیش لە کاولکاریی ماددی و مەعنەوی ڕزگاریان دەبوو، کەچی ڕێگای ترسناک و دوور و درێژی جەنگیان هەڵبژارد. بەو واتایەی کە بەرەنگاربوونەوەی قورئان بە پیت و گوفتار و داڕشتنی هاووێنەی ئەو، کارێکی مەحاڵە و لە توانای کەسیاندا نییە. بۆیە لە ناچاریدا دەستیان دایە شمشێر و ڕێی جەنگیان گرتەبەر!

پاشان دوو هاندەری یەکجار بەهێز هەن بۆ بەرەنگاریکردنی قورئان و هێنانی گوفتاری وەک ئەو، کە بریتین لە:

یەکەم: سووربوونی دوژمنانی لەسەر بەرەنگاربوونەوەی.

دووهەم: حەزی دۆستان و شوێنکەوتووانی بۆ چاولێکەری و لاساییکردنەوەی.

ئەوەتا لە ژێر تین و تەوژمی ئەم دوو ئارەزووە توندەی هەردوو لادا ملیۆنەها کتێبی عەرەبی دانراون، بێ ئەوەی هیچ کام لەو کتێبانە بە هیچ جۆرێک لە قورئان بچێت! چونکە هەر کەسێک ئەو کتێبانە دەبینێت– چ زانا بێت و چ نەزان– ناچارە کە بڵێت: قورئان لە هیچ کامی ئەم کتێبانە ناچێت و هیچ کامیشیان هەرگیز بەرەنگاریی قورئانی پێ ناکرێت. جا یان ئەوەیە ڕەوانبێژیی قورئان لە هی هەموویان نزمترە، کە ئەمەش بە یەکدەنگیی دۆست و دوژمنانی مەحاڵ و بەتاڵە، یان قورئان لە سەرووی هەموویانەوەیە و پلەی لەوان بەرز و بڵندترە.

ئەگەر دەڵێیت:

چۆن دەزانین تا ئێستا هیچ کەسێک بەرەنگاریی قورئانی پێ نەکراوە؟ ئایا تا ئێستا کەس پشتی بە خۆی و توانا و بەهرەکانی نەبەستووە تاکو بڕواتە گۆڕەپانی تەحەددیی قورئانەوە: ئایا هاوکاری و پشتگیرییان بۆ یەکتری هیچ سوودێکی لەم بوارەدا پێ نەگەیاندوون؟

لە وەڵامدا دەڵێین:

ئەگەر بەرەنگاری کردنی قورئان لە تواناد بوایە ئەوا بێ هیچ گومانێک هەوڵیان بۆ دەدا و سستییان تێدا نەدەکرد، چونکە کێشەی شەرەف و عیززەت و لەناوچوونی گیان و سامانی پێوە بەسترابوو. خۆ ئەگەر لە ڕاستیدا ئەم بەرەنگاریییە ڕووی بدایە ئەوا کەسانێکی زۆر پشتیان دەگرت و دەیاندایە پاڵی، چونکە کەسانی سەرسەخت و نەیارانی حەق لە هەموو کاتێکدا بە زۆری هەن. ئنجا گەر کەسێک ببوایە پشتی ئەم بەرەنگارییەی بگرتایە ئەوا پێی دەناسرا و ناوبانگی پێ دەردەکرد. ئەوەبوو لە ڕوودانی مشت و مڕێکی بچووکدا دەچوون شیعریان دەهۆنییەوە و بە مایەی شانازی و ئازایەتییان لە قەڵەم دەدا، ئەی ئەگەر ململانێیەکی سەرسووڕهێنی ئاوا ڕووی بدایە چۆن دەشاررایەوە و بە پەنهانی لە مێژوودا دەمایەوە؟ خۆ ئەوان ناشیرینترین تانە و تەشەریان بەرامبەر بە ئیسلام بڵاوکردەوە، کەچی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی قورئاندا هیچ شتێک لە مێژوودا باس نەکراوە، جگە لە چەند وشەیەکی دەمهەڵبەستی «موسەیلەمەی درۆزن» کە بۆ ئەم مەبەستە هەڵی بەستبوون.

ئەم موسەیلەمەیەش هەرچەندە خاوەنی ڕەوانبێژییەکی گاڵتە پێنەکراو بووە، کەچی کاتێ ڕەوانبێژییەکەی بەراورد کراوە لەگەڵ ڕەوانبێژیی ئەو قورئانەدا کە لە سەرووی هەموو جوانییەکەوەیە، بە وڕێنە لە قەڵەم دراوە و لەسەر لاپەڕەکانی مێژوودا بەو ناوە تۆمار کراوە!

بەم جۆرە، ئیعجاز لە ڕەوانبێژیی قورئاندا یەقینێکە وەک دڵنیابوون وایە لەوەی کە دوو کەڕەت دوو دەکاتە چوار. هەر بۆیە دەبێ ئەو ئیعجازە وابێت.

# ئیعجازی دەستەواژەی دۆڵی مێروولە

## (وَادِ ٱلنَّمۡلِ)



ئا: هاوژین طالب رضا

hawzhin@gmx.de

ئایەتێک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە باس لە دۆڵی مێروولە دەکات!! خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَتَوۡاْ عَلَىٰ وَادِ ٱلنَّمۡلِ قَالَتۡ نَمۡلَةٞ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّمۡلُ ٱدۡخُلُواْ مَسَٰكِنَكُمۡ لَا يَحۡطِمَنَّكُمۡ سُلَيۡمَٰنُ وَجُنُودُهُۥ وَهُمۡ لَا يَشۡعُرُونَ ١٨ ﴾ النمل.

واتە: «هەتا گەیشتە دۆڵی مێروولە، مێروولەیەک وتی: ئەهای مێروولەینە بچنە ناو ماڵەکانتانەوە، نەوەکو سولەیمان و سەربازانی پێشێلتان بکەن، لەکاتێکدا هەستتان پێناکەن.»

لە دەستەواژەی (وَادِ ٱلنَّمۡلِ) و وشەی (مساكن) لە ئایەتە پیرۆزەکەدا ئەوە وەردەگیرێت کە دۆڵی مێروولە هەیە و خانووە تایبەتیەکانیان واتە ژوور و ماڵەکانیانی تێدایە!! جا ئایا مێروولە دۆڵی هەیە!؟ لەڕاستیدا ئەمە جێی گومانبوو لای بێباوەڕان، چونکە کەس پێشتر دۆڵی مێروولەی نەبینیبوو! لەبیرمە یەکێک لە بێباوەڕان دەی وت لە سروشتدا دۆڵی مێروولە نییە! مێروولە شاری خۆی لەسەر زەوی یان لەژێریدا دروست دەکات و لەشێوەی دۆڵدا نییە، ئەو دەیوت ئەگەر قورئان لەلایەن خواوەیە پیشانمان بدەن کوا دۆڵی مێروولە!؟

بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە لە ڕۆژی (2012/2/2)دا ڕۆژنامەی (دەیلی مەیل)ی بەریتانی بابەتێکی بڵاوکردەوە تیایدا هاتووە: زانایان گەورەترین شارە مێروولەیان دۆزیوەتەوە کە لە شێوەی دۆڵدایە و هەزاران خانوو و ژووری تێدایە و، بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکوپێک دروستیان کردوون!!

کەواتە دۆڵی مێروولە هەیە.. بەڵێ، خۆ ئەگەر ئاگاداری ئەم ئایەتە پیرۆزە بوینایە، دۆڵی مێروولە پێش زەمانێک دەدۆزرایەوە، بەڵام بە داخەوە زۆر شت لە قورئانی پیرۆزدا هەن و هەست بە گرنگییان ناکەین تاکو زانایان دەیاندۆزنەوە.

ئەمانە وێنەی دۆڵی مێروولەن کە زانایان دۆزییانەوە.. گردێکی بچکۆلە کونی بۆ هەوایی تێدایە!! هەر ئەوەندە لە دۆڵەکە دەردەکەوێت، بەڵام زانایان هەستان چیمەنتۆیان ڕۆکردە شارە مێروولەکەوە!! بۆچی؟ تا بزانن شێوەی خانووەکانیان چۆنە؟ چونکە ئەگەر بیان ڕوخانایە هیچیان نە دەدۆزییەوە بۆیە چیمەنتۆیان تێدا ڕۆکرد و شارەکەیان پڕکردەوە، تا وەک قاڵب ژوورەکانیان دەرکەون و بزانن مێروولە چی دەکەن!؟ چیمەنتۆکەیان ڕۆکرد و دوای ئەوە دەستیانکرد بە هەڵکەندن تا شێوەی ماڵەکانیان ببینن چۆن مێروولە خانووی خۆی لە ژێر زەویدا هەڵدەکەنێت!؟






لێکۆڵەر (Bert Hölldobler) لە زانکۆی (Arizona State University) دەڵێت: لە ئەنجامدا زانایان بۆیان دەرکەوت ئەندازەی بینای مێروولە لە هی مرۆڤ زۆر پێشکەوتووترە!! خانووەکان بەشێوەیەک دیزاین کرابوون کە حسابی هەوا گۆڕکێ کراوە و هەموو ژوورەکانیان هەوایی هەیە، ئەم شارە یان ئەم دۆڵە ملیۆنان مێروولە بە هۆکاری ساکار بەشدارییان لە بیناکردنیدا کردووە.

وێنەکان ئەو ئالیەتە ڕوون دەکەنەوە کە چۆن مێروولەکان لە ژێر زەویدا هەستاون بە بینا و ڕێکخستن.. هەر مێروولەیەک لە جێی خۆیەوە بینا دەکات و دۆڵەکە فراوان دەکات، ژوور و دالان دروست دەکات!! دەلانەکان دەبینین و ژوورەکان بازنەیین، هەمووشیان لەناو یەکدان و کورتترین ڕێگا دەیانبەستێت بەیەکەوە و ڕێگای خێرایان هەیە وەک سایدی خێرا بۆ گواستنەوەی خۆراک و شتی تر، واتە مێروولە سیستمی هاتوچۆی هەیە و لەوەی مرۆڤ سەرکەوتووترە!! بەجۆرێک دەتوانێت لە نێوان دوو ژوور یان دوو شوێندا بە ئاسانی هاتوچۆ بکات و هیچ بەریەککەوتنێک ڕوونادات!!

بێگومان ئەوەی لە وێنەکەدا دەردەکەوێت چیمەنتۆیە دوای ئەوەی چیمەنتۆیان ڕۆکرد و هەڵیانکەند چیمەنتۆکە وشکبووە و ئەم شێوە جوانانە دەرچوون، ئەوانەی لەلای ڕاست و لەلای چەپی دالانەکانن و لە تۆپ دەچن و قەبارەیەکی گەورەیان هەیە ژوور و ماڵی مێروولەکانن!! زانایان دەڵێن سەیر لەوەدایە چۆن مێروولە کرداری ڕێکخستنی بیناکە دەکات؟ چۆن مێروولە سیستمی داناوە؟ چۆن زانی کە دەبێت لەویادا هەڵکەنین بکات و ئەو ژوورەی تریان لەوێدا بکات!؟ هەر ژوورێک تایبەتیە و بە حسابە!! ژووری تایبەت بۆ پەروەردەکردنی بچوکەکان و بۆ هێلکە و بۆ خەزنکردنی دانەوێڵە و.. تاد، واتە ئێمە ژیان و شارێکی تەواو دەبینین کە لە شێوەی دۆڵدایە و ماڵەکانیانی تێدایە.

جا ئایا ئەم جۆرە دۆلانەی مێروولە لە دورگەی عەرەبیدا هەبووە؟ لە ڕاستیدا قسەی مەنتیق ئەوەیە کە ناکرێت پێغەمبەر (ﷺ) ئەو دیاردەیەی بینیبێت! چونکە ئێمە دەزانین کە مێروولە شار یان ماڵ یان کون و کەلەبەری هەیە و لە درەختا یان لەژێر زەویدا دروستیان دەکات و دۆڵ بەدەرەوە نییە!! کە ئەوەتا زانایان تازە دەیدۆزنەوە، بۆیە بە باشم زانی دۆزینەوەکەی زانایان بە ئایەتەکەی قورئانەوە ببەستمەوە، چونکە قورئانی پیرۆز زۆر وردە لە دەستەواژەکانیدا.

جا ئایا دۆزینەوەی دۆڵی مێروولە لەلایەن زانایانەوە بەڵگە نییە لەسەر ئەوەی قورئان وتەی خوای گەورەیە و هەموو ئەوەی کە لە قورئاندا هاتووە هەقە و ڕاستییە!؟

**تێبینی:** خوێنەر دەتوانێت ئەم بابەتە بە کوردی بە شێوەی فیلم لە چەناڵی یوتوبی هەیڤ ببینێت:

http://www.youtube.com/haivkurd

**سەرچاوە:**

http://www.dailymail.co.uk/sciencetech/article2095335-/Underground-ant-city-Brazil-rivals-Great-Wall-China-labyrinth-highways.html
http://oborge.com/largest-ant-colony-ever-found/
http://www.youtube.com/watch?v=ozkBd2p2piU

# قورئان بەڵگەی پێغەمبەرایەتی موحەممەدە (ﷺ) (ئیعجازی قورئان)

ن: د. کەریم ئەحمەد
Karimdawody@Yahoo.com



خوای گەورە لە قورئاندا ڕایگەیاندووە کە قورئان بەڵگەی پێغەمبەرایەتی محمد پێغەمبەرە، ئەویش ئەوکاتەی کە بێباوەڕان داوایان دەکرد خوا نیشانەیەک بۆ پێغەمبەر محمد بنێرێتە خوارەوە بەڵگە بێت لەسەر پێغەمبەرایەتییەکەی ﴿ وَقَالُوا۟ لَوْلَآ أُنزِلَ عَلَيْهِ ءَايَـٰتٌ مِّن رَّبِّهِۦ ۖ قُلْ إِنَّمَا ٱلْـَٔايَـٰتُ عِندَ ٱللَّهِ وَإِنَّمَآ أَنَا۠ نَذِيرٌ مُّبِينٌ ﴿٥٠﴾ ﴾ العنکبوت.

واتە: دەبوایە نیشانەگەلێکی لە پەروەردگاریەوە بۆ بهاتایە بەڵگە بێت لەسەر پێغەمبەرایەتیەکەی، دیارە لێرەدا داوای نیشانەی بەرجەستەکراویان دەکرد لە جۆری ئەوەی بەسەر پێغەمبەرانی تردا دابەزیوە، خوا لێرەدا بە پێغەمبەر دەفەرموێت پێیان بڵێ نیشانەکان لای خوایە و من تەنها ئاگادارکەرەوەیەکم و هیچم بەدەست نییە. دواتر خوا لە وەڵامی ئەو کەسانەی کە داوای بەڵگەی بەرجەستکراویان کردووە دەفەرموێت:

﴿ أَوَلَمْ يَكْفِهِمْ أَنَّآ أَنزَلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ يُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ﴾ العنکبوت:٥١.

واتە: ئایا ئەوە بەس نییە بۆ ئەوان وەکو بەڵگە لە سەر پێغەمبەرایەتییەکەت کە ئەم کتێبەمان بۆ ناردۆتە خوارەوە بەسەریاندا دەخوێنرێتەوە (واتە قورئان)؟

پێغەمبەریش (ﷺ) لە فەرموودەیەکیدا کە بوخاری و موسلیم لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتیان کردووە دەفەرموێت: (ما منَ الاَنبِياء منْ نبيّ إلاَّ قَدْ أُعطي منَ الاياتِ ما مثْلُهُ آمنَ عليهِ الْبشرُ وإِنما كَانَ الَّذي أُوتيتُ وحيا أَوْحى اللَّهُ إِلىَّ فَأَرْجو أَنْ أَكُونَ أَكْثرَهمْ تابِعا يوْمَ الْقيامةِ) [(١)].

واتە لێرەدا خوا و پێغەمبەریش قورئانیان بەبەڵگەی پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر داناوە، بەڵام چۆن بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی محمد و لە چ ڕوویەکەوە؟

**لەوەڵامی پرسیاری یەکەمدا دەڵێین:**

قورئان بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر بەوەی کە کەس ناتوانێ کتێبێکی وەکو ئەم قورئانە دابنێت، تەنانەت ئەگەر ئینس و جن کۆ ببنەوە و یارمەتی یەکتر بدەن ناتوانن ئاوها کتێبێک دابنێن:

---

(١) اللؤلؤ والمرجان فيما اتفق عليه الشيخان.ج١ص٣٠ احديث رقم ٩٣/ خرجه البخاري تحت باب فضائل القرآن/ باب نزول الوحي، ومسلم في باب وجوب الايمان برسالة نبينا محمد.

﴿ قُل لَّئِنِ ٱجْتَمَعَتِ ٱلْإِنسُ وَٱلْجِنُّ عَلَىٰٓ أَن يَأْتُوا۟ بِمِثْلِ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانِ لَا يَأْتُونَ بِمِثْلِهِۦ وَلَوْ كَانَ بَعْضُهُمْ لِبَعْضٍ ظَهِيرًا ﴿٨٨﴾ ﴾ الإسراء.

نەک ناتوانن کتێبێک وەکو هەموو قورئان دابنێن بەڵکو تەنانەت ناتوانن وەکو سورەتێکیشی دابنێن، ئەوەتا خوا دەفەرموێت:

﴿ وَإِن كُنتُمْ فِى رَيْبٍ مِّمَّا نَزَّلْنَا عَلَىٰ عَبْدِنَا فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّن مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ شُهَدَآءَكُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٢٣﴾ فَإِن لَّمْ تَفْعَلُوا۟ وَلَن تَفْعَلُوا۟ فَٱتَّقُوا۟ ٱلنَّارَ ٱلَّتِى وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلْحِجَارَةُ ۖ أُعِدَّتْ لِلْكَـٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ ﴾ البقرة.

واتە: ئەگەر گومانتان هەیە لەوەی ئەم قورئانە لەلایەن ئێمەوە دابەزیوە بەسەر بەندەکەماندا (مەبەستی محمد پێغەمبەرە) ئەوا ئێوە وەکو سورەتێک لەسورەتەکانی ئەم قورئانە دابنێن هەرچی کەسیش هەیە بیهێنن جگە لە خوا گەر ئێوە ڕاست دەکەن، ئەگەر ئەو کارەتان پێنەکرا، کە پێشتان ناکرێت، ئەوا خۆتان لە سزای ئاگر بپارێزن.

﴿ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِعَشْرِ سُوَرٍ مِّثْلِهِۦ مُفْتَرَيَـٰتٍ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿١٣﴾ فَإِلَّمْ يَسْتَجِيبُوا۟ لَكُمْ فَٱعْلَمُوٓا۟ أَنَّمَآ أُنزِلَ بِعِلْمِ ٱللَّهِ وَأَن لَّآ إِلَـٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّسْلِمُونَ ﴿١٤﴾ ﴾ هود.

﴿ وَمَا كَانَ هَـٰذَا ٱلْقُرْءَانُ أَن يُفْتَرَىٰ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلَـٰكِن تَصْدِيقَ ٱلَّذِى بَيْنَ يَدَيْهِ وَتَفْصِيلَ ٱلْكِتَـٰبِ لَا رَيْبَ فِيهِ مِن رَّبِّ ٱلْعَـٰلَمِينَ ﴿٣٧﴾ أَمْ يَقُولُونَ ٱفْتَرَىٰهُ ۖ قُلْ فَأْتُوا۟ بِسُورَةٍ مِّثْلِهِۦ وَٱدْعُوا۟ مَنِ ٱسْتَطَعْتُم مِّن دُونِ ٱللَّهِ إِن كُنتُمْ صَـٰدِقِينَ ﴿٣٨﴾ ﴾ يونس.

ئایەتی یەکەم داوای دە سورەتیان لێدەکات و ئایەتی دووەم داوای سورەتێکیان لێدەکات و پێشیان دەڵێ پشت بەهەرکەسێک دەبەستن جگە لە خوا بیبەستن.

لە وەڵامی پرسیاری دووەمیشدا کە دەڵێت قورئان لە چ ڕوویەکەوە بەڵگەیە لەسەر پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر، یاچ لایەنێکی وای کردووە کەس نەتوانێت کتێبێکی لەو شێوەیە دابنێت، یان چ لایەنێکی قورئانە کە تەحەددای ئینس و جننی پێکراوە، بە واتایەکی تر ئیعجازی قورئان لە کوێیدایە؟ دەڵێین:

### لێرەدا جیاوازی هەیە لە بۆچوونی زانایاندا.

زۆربەی زانایانی کۆن دەڵێن ئیعجازی قورئان لە ڕووی ڕەوانبێژییەوەیەتی و کەس ناتوانێت کتێبێکی لەو جۆرە بەو ڕەوانبێژییە دابنێت، هەندێکی کەمیش وەکو (الشريف المرتضي)ی شیعی و (النظام)ی موعتەزیلی و (ئەبو ئیسحاقی ئەسفراییینی) سوننی دەڵێن نەتوانینی خەڵک لەبەر ئەوە نییە کە کەس ناتوانێت کتێبێکی وەکو قورئان دابنێت لە ڕووی ڕەوانبێژییەوە، بەڵکو لەو ڕووەوەیە کە خوا ڕێگری لێکردوون یا ئەو نیازەی لەدڵ دەرهێناون کە بەرەنگاری قورئان بکەن ئەگینا گەر خوا لێبگەڕایە خەڵکی ئەو کارە بکەن دەکراو ئەو شتە لەتوانای مرۆڤدا هەیە، ئەمەش بە عەرەبی پێی دەوترێت ( صورفة یا صەرفة )![2].

ئەم بۆچوونەش لەگەڵ ئەوەی کە هەڵەیەکی زۆر زەق و ڕوونە و واقیع بەدرۆی دەخاتەوە چونکە بەدرێژایی مێژووی قورئان خەڵکانێک هەوڵیان داوە ئەو کارە بکەن دوایی بۆیان دەرکەوتووە کە لەتوانایاندا نییە، چەندین دەلالەتی هەیە:

١- بێ ڕێزییەکی گەورەیە بەرامبەر بە قورئان و نکۆڵی کردنە لە گەورەیی و تایبەتمەندیەکانی قورئان و جیا نەکردنەوەیەتی لە قسەی مرۆڤـ.

٢ - بەڵگەی خوانەناسینە لەلایەن ئەو کەسانەوە و جیاوازی نەخستنە لە نێوان قسەی خوا و قسەی بەندەکانی یا توانای خوا و توانای بەندەکانی، ئەگینا ئەگەر خواناسی ڕاستەقینە بوونایە و باوەڕیان بەوە هەبوایە کە ئەو قورئانە لە دابەزاندنی خوایەکی زانای دانای بەدەسەڵاتی خاوەن ئەو هەموو سیفەتە بەرزانەیە ئاوها قسەیەک بەدەمیاندا نەدەهات بەڵکو وەکو ئەوانە دەبوون کە خوا دەربارەیان دەفەرموێت:

﴿ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ مِنْهُ ءَايَـٰتٌ مُّحْكَمَـٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلْكِتَـٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَـٰبِهَـٰتٌ ۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِمْ زَيْغٌ فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَـٰبَهَ مِنْهُ ٱبْتِغَآءَ ٱلْفِتْنَةِ وَٱبْتِغَآءَ تَأْوِيلِهِۦ ﴾ آل عمران: ٧.

٣- بە درۆ خستنەوەی خوایە و نیسبەتدانی ستەم و ناڕەوایی و (عبث)ە بۆ لای خوا چونکە خوا داوا دەکات و تەحەددا دەکات، ئەم تەحەددا کردنەش مانای نامێنێت ئەگەر خوا ئەو توانایەی لە بەندەکانی سەندبێتەوە و تەحەددا کراوەکان ئازاد نەبن و، وەکو ئەوە وایە تۆ کەسێک بێنی بۆ زۆرانبازی و تەحەددای پاڵەوانانی دونیای پێبکەیت و لەولاشەوە ڕێگەی کەس نەدەیت بێتە مەیدان بۆی، لەو کاتەدا شتەکە لە چەند ئەگەرێک بەدەر نییە: یا درۆ دەکەی ئەو کەسە پاڵەوان نییە بۆیە ڕێگری لە خەڵک دەکەیت بێنە مەیدان بۆی وەیا ئەوەیە تۆ کەسێکی ستەمکار و ناعادلی و نرخ بۆ قسەی خۆت دانانێی و گاڵتە بە خەڵکی دەکەیت!

٤- ناشارەزایی و ڕۆنەچوونە لە قورئان و درک نەکردنە بەلایەنە گەورەکان و نهێنییەکانی قورئان لە ئەنجامی زۆر نەژیان لە گەڵیدا.

٥ - پێدەچێت ئەو جۆرە کەسانە لە ناخیاندا باوەڕیان وابێت قورئان لە لایەن خواوە نییە یا دەسکاری کراوە.

٦- دوا خاڵیش ئەوەیە کە وەکو (باقلانی) دەڵێت: ئەگەر شتەکە بەو شێوەیە بوایە کە ئەمان دەیلێن ئەوکاتە پێویستی نەدەکرد خوا بایەخێکی زۆر بە ڕەوانبێژی قورئان بدات بەڵکو دەبوایە جیاوازی نەبوایە لە گەڵ قسەی خەڵکدا بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خوا دەرکەوتایە لەو ڕێگریکردنە لە هێنانەوەی کتێبێکی وەکو قورئان[3].

کەسێکی وەکو (د. عبد الكريم سروش) کاتێک ڕەخنە لەلایەنی ڕەوانبێژی قورئان دەگرێت یا لافی ئەوە لێدەدات کە قورئان بە لەفز دانەبەزیوەتە سەر پێغەمبەر بەڵکو بەمانا دابەزیوە و پێغەمبەر خۆی دایڕشتووە بەشێکی ئەو عەقیدەیە لە شیعەییەکەیەوە سەرچاوەی گرتووە کە قورئان دەسکاری کراوە، یا کاتێک کەسێکی وەکو (احمد القبانچي) دێت و بەراورد لە نێوان قورئان و (نهج البلاغة)دا دەکات ئەگەر لەهەمان ئەو بیروباوەڕەوە سەرچاوەی نەگرتبێت لە کوێوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئەو بیروباوەڕەی وا لە مرۆڤ دەکات زۆربایەخ بەخوێندن و لێکۆڵینەوەی قورئان نەدات و قسەی کەسانی تری وەکو (عەلی) بەلاوە لە قورئان پێ ڕەوانتر بێت[4].

---

(٢) بڕوانە: مناهل العرفان في علوم القرآن ج٢ ص ٣٠١-٣٠٥ /محمد عبدالعظيم الزرقاني/ دار الفكر - بيروت/ الطبعة الأولى ، ١٩٩٦تحقيق : مكتب البحوث والدراسات.
هەروەها : الإتقان في علوم القرآن/ ج٤ ص ٨ / عبد الرحمن بن أبي بكر، جلال الدين السيوطي (المتوفى : ٩١١هـ) / تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم /الناشر : الهيئة المصرية العامة للكتاب/ الطبعة : ١٣٩٤هـ/ ١٩٧٤ م.

(٣) قال القاضي أبو بكر الباقلاني: «ومما يُبطل القول بالصرفة، أنه لو كانت المعارضة ممكنة، وإنما منع منها الصرفة، لم يكن الكلام معجزًا، وإنما يكون المنع معجزًا، فلا يتضمن الكلام فضلًا على غيره في نفسه». مباحث في علوم القرآن / مناع القطان/ ص٢٦٨.

(٤) بڕوانە سایتی (د. سروش) وتاری « توتی و زەنبور».



# تەقینەوە لە بنی دەریادا

**هەیڤ**



سالّی (2012) بە بەشداری دەیان زانا و ئەندازیار و کۆمبیوتەر و تاقیگە بۆ لێکۆڵینەوە لە قوڵایی زەریا، بە بەکارهێنانی کامێرایەکی گەورە و پێشکەوتوو، کە بۆ بەڕێوەبردنی ئامێرەکانی کۆنترۆڵکردنی پێویستی بە تەقەنی و هونەر هەبوو، توانییان وێنەیەکی سەیرمان لە قوڵایی زەریادا بۆ بگرن...

وێنەی تەقینەوەیەک کە وەک بورکان وایە، داگیرساوە و کڵپەی گرتووە.. ئاگراو لە قوڵایی ژێر ئاوی زەریاوە هەڵدەقوڵێت، ئەم تەقینەوانە کە لە قوڵایی زەریادا ڕوودەدەن دەنگیشیان هەیە، بۆ زانیاریش زانایان تەنها لە سالّی (2012)ە وە توانیویانە وێنەی ئەم تەقینەوە گەورانە لە قوڵایی زەریادا بگرن و دەنگە زۆر بەهێزەکەیان تۆماربکەن.



ئەم جۆرە تەقینەوەیە هەر لە بنی ئاوەکەدا نابێت بەڵکو دەگاتە ڕووی ئاوەکە و دەتەقێتەوە بۆیە لەسەر ڕووی ئاوەکە ئەم ئاگراوانە هەڵدەقوڵێن و ئاوەکە دادەگیرسێت..

**ڕووی ئیعجاز:** خوای گەورە پێش (14) سەدە ئەم دیاردەیەی بە وردی بۆ وەسف کردوین، سوێند بە دەریا دەخوات و دەفەرموێت: (وَٱلۡبَحۡرِ ٱلۡمَسۡجُورِ) واتە: «سوێند بە دەریای بە ئاگر داگیرساو» ئەمەش تەنها لە ناوچەکانی ئەلاسکا و جەمسەری باکور و شوێنە دوورەکاندا نەبێت نابینرێت.. ئاوی دەریا کڵپە دەگرێت و سووردەبێتەوە و دادەگیرسێت، بۆیە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلۡبَحۡرِ ٱلۡمَسۡجُورِ ٦ إِنَّ عَذَابَ رَبِّكَ لَوَٰقِعٞ ٧ ﴾ الطور.

واتە: «سوێند بە دەریای داگیرساو، بەڕاستی سزا و ئازاری پەروەردگاری تۆ ئەی موحوممەد هەر پێش دێت»..

## ڕێژەی وشکانی و ئاو لە گۆی زەویدا و ئیعجازی قورئان

**هەیڤ**

زانایان ئەوەیان سەلماندووە، کە ڕێژەی ئاو لەسەر ڕووی زەوی 71% و ڕێژەی وشکانی نزیکەی 29% یە.

سەیر ئەوەیە، قورئان 33 جار وشەی (البحر)ی ناوبردووە، وشەی (البر)یش وشکانی 13 جار، دەبینین کۆی وشکانی و ئاو بریتییە لە 33+13=46.

ئەم ژمارەیە وشکانی و ئاو دەنوێنێت، بەم شێوەیە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی (البحر) بەپێی ئەم کۆکردنەوەیە بریتییە لە 46/33 ئەمەش یەکسانە بە نزیکەی 71%، کە ڕێژەی ئاو و دەریایە، بەهەمان شێوە ڕێژەی دووبارەبوونەوەی (البر) بریتییە لە 46/13 ئەمەش یەکسانە بە نزیکەی 29%، کە ڕێژەی ڕاستی وشکانییە. پرسیارەکەمان ئەوەیە: ئایا دەکرێت ئەم ژمارانە بە ڕێکەوت هاتبن؟!

لەکاتێکدا مرۆڤایەتی لە زووەوە ئیشی لەسەر وشکانی زیاتر بووە هەتا دەریاکان، واتە ئەگەر قورئان وتەی خوای گەورە نەبوایە دەبوایە وشەی (البر) زیاتر دووبارە ببوایەتەوە.



# دۆزینەوەی عەمارەکانی ئاوی سازگار لە بنی زەریاکاندا



**هەیڤ**

زانایان لە زانکۆی (Flinders University) هەستان بە دۆزینەوەی بڕێکی زۆر گەورە لە ئاوی سازگار کە لەژێر تەختانی زەریاکاندا کۆبۆتەوە و بەردەوامیش هەڵدەقوڵێت..

ئەم عەمارە ئاوانەی بنی زەریاکان بە (نیو ملیۆن) کیلۆمەتر چوارگۆشە لە ئاو دەخەمڵێنن، کە بە سەدان جار زیاترە لەو بڕە ئاوەی مرۆڤ لە سەدەی ڕابردوودا لە چینەکانی سەرەوەی ئاو دەریهێناوە، ئەم بڕە ئاوە خەزنکراوانەش بەشی سەدان ساڵی مرۆڤ دەکات.

بە پێی گۆڤاری (Nature)ی ئەمریکی ئاوی سازگار لە میانەی چەند چاخێکی بەستەڵەکدا واتە لەماوەی (20) هەزار ساڵدا لە ئەنجامی خلیسکانی چینەکانی زەوی لە بنی زەریاکاندا ئاو لەڕێی درز و دەلاقەکانەوە دزەی کردووە و چۆتە ناو تەختانی زەریاکانەوە و، بڕێکی زۆر گەورەی لەشێوەی عەماری ئاودا پێکهێناوە..

پرسیار: ئایا چۆن ئاوی سازگار توانیویەتی دزەبکات بۆ هەزاران مەتر لە قوڵایی زەریاکاندا و ماوەی زیاتر لە (20) هەزار ساڵ لەوێدا جێگیر ببێت؟

قورئانی پیرۆزیش بە ئاماژەیەکی جوان هەواڵی ئەم دیاردە سەرسامکەرەمان پێ بدات کە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَأَرْسَلْنَا ٱلرِّيَـٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلْنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَسْقَيْنَـٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ بِخَـٰزِنِينَ ﴿٢٢﴾ ﴾ الحجر.

واتە: «ئێمە شنەبامان ناردووە کە پیتێنەرە، هەروەها بارانمان لە ئاسمانەوە باراندووە و ئێوەی پێ تێراو دەکەین، بێ ئەوەی ئێوە ئەو ئاوەتان زەخیرە کردبێت ئێمە لەژێر زەویدا بۆمان دابین کردوون».

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە دووپاتدەکاتەوە کە ئەو ئاوەی لە ئاسمان دێتە خوارەوە کە ئاوێکی سازگارە خەزن کراوە بە ڕێگەیەکی زۆر ئاڵۆز کە مرۆڤ ناتوانێت لاسایی بکاتەوە (وَمَآ أَنتُمْ لَهُۥ بِخَـٰزِنِينَ).. ئەی کێ ئەم هەواڵی ڕاستییە زانستییەی بە پێغەمبەری ئەکرەم داوە، هەواڵی ڕاستێتی بوونی عەماری گەورە لە ئاوی سازگار؟

ئەوە خوای گەورەیە کە دەفەرموێت: ﴿ وَنَزَّلْنَا عَلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ تِبْيَـٰنًا لِّكُلِّ شَىْءٍ وَهُدًى وَرَحْمَةً وَبُشْرَىٰ لِلْمُسْلِمِينَ ﴿٨٩﴾ ﴾ النحل.

واتە: قورئانیشمان بۆ تۆ دابەزاندووە، ڕوونکەرەوەی هەموو شتێکە، هیدایەت بەخش و ڕەحمەتە و مزگێنیشە بۆ موسوڵمانان.

**سەرچاوەکانی نووسەر:**

www.nature.com
www.dailymail.com
www.sci-news.com
arabic.rt.com
www.businessinsider.com

# ئیعجازی خێرا بڵاوبوونەوەی ئیسلام

ئەندازیار عوسمان

تەنها خۆشەویستە (ﷺ) کە گەورە و درشتی ژیانیمان بۆ ڕیوایەت کراوە، لەلایەک بۆئەوەی بیکەینە سەرمەشق لە ژیانماندا و بەرچاو ڕوونبین کە ئیسلام چۆن پەیڕەو دەکرێت: ﴿لَّقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِّمَن كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا ﴿٢١﴾﴾ الاحزاب، لەلایەکی تریشەوە تا لە موعجیزەی گەورەی قورئان و سوننەت تێبگەین: ﴿قُل لَّوْ شَاءَ اللَّهُ مَا تَلَوْتُهُ عَلَيْكُمْ وَلَا أَدْرَاكُم بِهِ ۖ فَقَدْ لَبِثْتُ فِيكُمْ عُمُرًا مِّن قَبْلِهِ ۚ أَفَلَا تَعْقِلُونَ ﴿١٦﴾﴾ یونس، لەم ئایەتەدا قورئان داوا لە پێغەمبەر دەکات (ﷺ) بەگەلەکەی بفەرموێت: «ئەگەر خوا بیویستایە ئەم پەیامەم پێ نەدەگەیاندن مەگەر من چل ساڵ تەمەن لەناوتاندا نەبووم، ئەرێ سەیری ژیانم بکەن پێشتر من هیچم پێ وتوون؟؟»

بەڵێ بەردەوام ژیاننامەی سەرداری مرۆڤایەتی بووەتە مایەی هیدایەتی کەسانێکی زۆر، بۆ نموونە کەسێکی بیانی کە موسڵمانبووە دەڵێت: موحەممەد (ﷺ) پاسەوانی هەبوو، کەسیش نیە حەزی بە سەلامەتی و پاسەوانی زۆر نەبێت بەتایبەت ئەویش کە هەموو ئەوانەی چوار دەوری تەنانەت نزیکترین خزمیشی دوژمنی بوون، دەگونجێ کەسێک درۆ لەگەڵ هەموو دونیادا بکات، بەڵام ناگونجێ کەسێک درۆ لەگەڵ خۆیدا بکات بەتایبەت لە مەسەلەیەکی ئاوا هەستیاردا کە پەیوەندی بەژیان و مردنەوە هەیە، ئەوەتا دەبینین کە فەرمانی بۆ دێت: ﴿وَاللَّهُ يَعْصِمُكَ مِنَ النَّاسِ﴾ المائدة:٦٧، واتە: «خوا دەتپارێزێت لە خەڵکی»، پاسەوانەکانی ئیزندا و وتی: بڕۆن من خوا بۆ خۆی دەمپارێزێت. ئەمەش بەدرێژایی تەمەنی تا لەژیاندا بوو ڕاست دەرچوو، مەگەر ژەهریان بۆنەکردە گۆشتەوە، مەگەر نەیانویست کە لەسەربانەوە بەردێک بدەن بەسەریدا و بیکوژن کاتێک لەژێر سێبەری دیوارێکدا لەگەڵ جوولەکەکان گفتوگۆی دەکرد، مەگەر لە دەیان و سەدان مەوقیفی تردا خوا نەی پاراست!؟

بەم جۆرە ئەگەر وردبینەوە لە ژیاننامەی خۆشەویست بە دەیان بەڵگەی پێغەمبەرایەتی ئەو زاتە پایەبەرزەی تیایە، بۆ نموونە کاتێک لە تائیف دەگەڕێتەوە زەیدی هاوسەفەری پێی دەڵێت: تۆ چۆن دەگەڕێیتەوە ناو مەککە لە کاتێکدا ئەوان نایەڵن تۆ لە مەککەدا کاری خۆت بکەیت، ئەویش فەرمووی: وانیە کە تۆ دەیبینی ئەی زەید خوا دینی خۆی و پێغەمبەرەکەی سەردەخات، ئەم قسەیەی خۆشەویست لە کاتێکدایە کە هەموو دەرگاکان لە بانگەوازەکەی داخرابوون، هیوایەکی بە تائیف بوو، خۆی و زەید بەدرێژایی پێنج کیلۆمەتر بەدوایانەوە بوون و بەردبارانیان کردن و ناخۆشترین ڕۆژی ژیانی بوو، هەر وەک خۆی لە فەرموودەیەکیدا باسی کردووە.

ڕەنگە لەو ڕۆژەدا زەید و زۆر موسڵمانی تریش ئەمەیان تەسەور نەکردبێت، ئەوە هیچ کافران هەرگاڵتەیان پێدەهات، بەڵام هەمووی دە ساڵێکی نەخایاند دەوڵەتی ئیسلامی دروست بوو، فەتحی مەککە کرا، پاش کۆچی ئەو زاتەش هاوەڵانی ئیسلامیان گەیاندە فارس و ڕۆم.

ئەمڕۆش پاش چواردە سەدە لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو هەموو دژایەتیەی ئیسلام دەکرێت، سەرکەوتنی ئیسلام دەبینین لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و خەڵکانێکی زۆر لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە دێن بەرە و ئەم دینە. کە زۆریان کەسانی ناودار و هونەرمەندن و جەماوەرێکی زۆریان هەیە... یەکێ لەوانە ئەکتەری ئەمریکی ونمایشکاری پلای بۆی (جێمی )یە، کە ئەکتەرێکی هۆلیۆدە و چەند ساڵێک نمایشکاری جلوبەرگ بووە، بۆ کەمکردنەوەی کێشی تووشی تلیاک خواردن دەبێت بۆ ماوەی پێنج ساڵ و زیانی گەورەی لێکەوت، دوایی بڕیار دەدات وازی لێ بهێنێت و دایکێکی باش بێت بۆ کوڕەکەی، مێردەکەی کە هەر ئالوودەبوو ساردی دەکاتەوە و دەڵێت ناتوانیت، ناوبراو دەڵێت: بەهۆی دژایەتی ڕاگەیاندنەکانەوە بۆ ئیسلام، یەک لە ملیۆنیکیشدا لەو بڕوایەدا نەبووم موسڵمان بم، کەچی بەهۆی ئیسلامەوە وازم لە مەشروبات و تلیاک هێنا و هەست بە بەختەوەری دەکەم، خوشکانی موسڵمانیش هاوکاری باشیان کردووم، بۆیە دەبێ بزانین ئیسلام پێش ئێمە هەبووە و دوای ئێمەش هەردەبێت و هەروەک (شێخ ئەحمەد دیدات) دەڵێت: ئیسلام سەردەکەوێت تۆی لەگەڵ بیت و تۆی لەگەڵ نەبیت، بەڵام ئەگەر لەگەڵی نەبیت تۆ زەرەر دەکەیت.

ئامارە نێودەوڵەتیەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ڕێژەی زیادبوونی ئیسلام لە ساڵی (1989) تا (2012) بەم جۆرە بووە:

١- ئەمریکا 25%
٢-ئەورووپا 143,35%
٣-ئوستورالیا 257,01%




**بە ناوبانگترین پەیمانگاکانی ئامار لە جیهاندا ئەوە دووپاتدەکەنەوە کە ئەوانەی ئاینی خۆیان دەگۆڕن بۆ ئیسلام زۆربەیان لە وڵاتانی ڕۆژئاوان، بە تایبەتی ئوسترالیا و ئەورووپا و باکووری ئەمریکا.**




**گەشەی ساڵانەی ژمارەی دانیشتوان و ڕێژەی مسوڵمانان دەریدەخات کە ژمارەی مسوڵمانان بە ڕێژەی لە 235% زیادی کردووە.**


NEWS CANADA POLITICS

CANADA

TRENDING Rob Ford | Christopher Peloso | BlackBerry | UFC | Mandela | Ice storm | Canada

Survey shows Muslim population is fastest growing religion in Canada

NP JORDAN PRESS, POSTMEDIA NEWS | May 8, 2013 9:40 AM ET
More from Postmedia News

**ئەوەی جێی سەرسامبوونە لە کەنەدا لە دوای هێرشەکانی سێپتەمبەرەوە هەتا ئەمڕۆ ژمارەی مسوڵمانان بە شێوەیەکی گەورە زیادی کردووە، بەشێوەیەک کە ڕێژەی زۆربوونیان لە ڕێژەی کەنەدییەکان خۆیان زیاترە ئەگەر بە ژمارەی دانیشتوان پێوانە بکرێت.**


NUMBERS, FACTS AND TRENDS SHAPING YOUR WORLD

PewResearchCenter

U.S. POLITICS | MEDIA & NEWS | SOCIAL TRENDS | RELIGION | INTERNET & TECH

PUBLICATIONS | TOPICS | DATA | INTERACTIVES | FACT TANK

FACTANK NEWS IN THE NUMBERS

JUNE 7, 2013

World's Muslim population more widespread than you might think

BY DREW DESILVER | 382 COMMENTS

There are an estimated 1.6 billion Muslims around the world, making Islam the world's second-largest religious tradition after Christianity, according to the December 2012 Global Religious Landscape report

1.6billion
There are about 1.6 billion Muslims, or 23% of the world's population,

**لێکۆڵینەوەی زانستیی جۆراوجۆر ئەوە دەسەلمێنن کە ئیسلام بە خێراییەکی زۆر لە جیهاندا بڵاودەبێتەوە، بەشێوەیەکی گەورەتر لەوەی چاوەڕوان دەکرا.**

## ڕووی ئیعجاز:

ئەمڕۆ لەگەڵ ئەو هەموو هەوڵەدا کە بۆ ناشرینکردن و کوژاندنەوەی نووری خوا دەدرێت بەڵام ئێمە ڕاستی بڵاوبوونەوەی ئیسلام بە ژمارە دەبینین!! سوپاس بۆ خوای گەورە قورئانی پیرۆز پێش (14) سەدە زۆر بە وردی ئەم ڕاستییەی بۆ وێناکردووین کاتێک دەفەرموێت: ﴿ يُرِيدُونَ لِيُطْفِـُٔواْ نُورَ ٱللَّهِ بِأَفْوَٰهِهِمْ وَٱللَّهُ مُتِمُّ نُورِهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْكَـٰفِرُونَ ٨ هُوَ ٱلَّذِىٓ أَرْسَلَ رَسُولَهُۥ بِٱلْهُدَىٰ وَدِينِ ٱلْحَقِّ لِيُظْهِرَهُۥ عَلَى ٱلدِّينِ كُلِّهِۦ وَلَوْ كَرِهَ ٱلْمُشْرِكُونَ ٩ ﴾ الصف، واتە: «ئەوانە دەیانەوێت بەفوو، بەقەڵەی دەم، نووری خوا بکوژێننەوە!! (خەیاڵیان خاوە) خوا نووری خۆی، ئاینی خۆی، تەواو دەکات و دەیچەسپێنێت هەرچەندە کافر و بێبڕواکان پێی سەغڵەت بن و پێیان ناخۆش بێت. هەر ئەو خوایە پێغەمبەرەکەی خۆی ڕەوانەکردووە هاوڕێ لەگەڵ هیدایەت و ئاینی ڕاستیدا، تا سەری بخات بەسەر هەموو ئاین و بەرنامەکاندا، هەرچەندە موشریک و هاوەڵگەڕان پێیان ناخۆش بێت»..



# ئایا مانگ ڕوناکەرەوەیە یان ڕوناکدەرەوەیە!؟

ئا: د. بەهێز موحەممەد صالح مەحموود
سالار صابر موحەممەد



ئەم وێنانە گەردەکانی خۆڵی مانگ دەردەخەن (quran-m.com)

بەپێی هەواڵێک لەسەر ماڵپەڕی (space.com) کۆمەڵێک لە زانایانی زانکۆی هیوستن (Houston) هەستان بە شیکردنەوەی نموونەیەک لە خۆڵی سەر مانگ کە لە لایەن زانایانی کەشتی ئاسمانی ئەپۆلۆوە (Apollo astronauts) هێنرابووە سەر زەوی، دوای ئەوەی بە ڕێگای ئەندازیاری پێشکەوتوو لە بۆشاییدا ئامادەکرا بۆ بەکارهێنانی لە خانە خۆرییەکان (solar cells)، وەک دەزانین کاری خانە خۆرییەکانیش گۆڕینی ڕووناکییە بۆ کارەبا، بەڵام چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدرێت!؟ لە کاتێکدا ئەگەر مانگ پاشکۆیەکی بێ گیان و بێ ژیانە و تەنها ڕۆڵی ئاوێنە بۆ خۆر ببینێت.

دوای شیکردنەوەی پێکهاتەکانی خۆڵ و بەردی سەر مانگ زانایان لە تاقیگە کیمیاییەکاندا بۆیان دەرکەوت لە (50%)ی پێکهاتەی خۆڵی سەر مانگ دای ئۆکسیدی سلیکۆنە (silicon dioxide) و هەندێ لە جۆرەکانی تری ئەکسید وەکو ئەکسیدی ئەلەمنیۆم و ئەکسیدی ئاسن.

دیارە نهێنییەکە لە (ئەکسیدی سلیکۆن) دایە کە بەکاردێت لە پیشەسازی ئەلکترۆنیدا و مادەی سلیکۆن مادەیەکی نیمچە گەیەنەرە بۆ کارەبا، ئەم دۆزینەوەیە ڕوونیدەکاتەوە کە ڕووی مانگ تەنها ڕۆڵی ئاوێنە نابینێت بەڵکو هەندێ سیفەت لە خۆڵەکەیدا هەیە کە سیفەتی ڕووناککەرەوە و گۆڕینی ڕووناکی بۆ وزەی کارەبای پێدەبەخشێت و لە وانەیە ئەم خۆڵە خاسیەتی گۆڕینی کارەباش بۆ ڕووناکی هەبێت، چونکە ئەم کردارە پێچەوانەییە، کورتەی ئەم کردارەش ئەوەیە: کاتێک تیشکەکانی ڕووناکی دەکەوێتە سەر خۆڵی مانگ، ئەو فۆتۆنانەی لە ڕێگای ئەم تیشکەوە بەر گەردەکانی خۆڵەکە دەکەون دەبێتە هۆی جووڵانی ئەلکترۆنەکان بە شێوەیەکی ڕێکخراو وە گوێزانەوەی ئەم ئەلکترۆنانە بە مادده نیمچە گەیەنەرەکەدا (سلیکۆن) و دەبێتە وزەی کارەبا کە دەتوانین سوودی لێ وەرگرین.

بەڵام کرداره پێچەوانەکەی بە کورتی ئەگەر هەستاین بە بردنی وزەی کارەبا بە ناو (گەردەکانی) ئەم خۆڵەدا ئەوا ئەلکترۆنەکانی دەجوڵێنێت و باز دەدەن لە ڕێڕەوی خۆیان لە دەوری ناوک ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی فۆتۆنی ڕووناکی ئەم کردارەش لەوانەیە زانایان بتوانن لە داهاتوودا لەسەر زەوی جێبەجێی بکەن.

بەڵام لە تۆژینەوەیەکی تازەی تری زانستیدا (2013ز) لەسەر ماڵپەڕی (nbcnews.com)، زانایان دەڵێن: دیاردەی ڕوناکردنەوەی بەهێزی مانگ لە شەودا زانایانی تووشی سەرسوڕمان کردبوو.. نهێنی ئەم دیاردەیەش ئەوەیە کاتێک تیشکی خۆر دەکەوێتە سەر مانگ خۆڵی مانگ ئەلکترۆن دەردەکات و بەوەش ڕووی مانگ بارگاوی دەبێت بە بارگەیەکی کارەبایی بەهێز کە ئەوەش دەبێتە وروژان و بەرزبوونەوەی تۆزی سەر ڕووی مانگ کە بۆماوەیەک بە بەرزی دەمێنێتەوە و ڕووناکی خۆری پیادا دەڕوات و ئەم بەرز و نزمیەی تۆزی سەر ڕووی مانگیش دەبێتە هۆی ئەوەی زیاتر ڕووناکی پێچەوانە بکاتەوە..

هەروەها بیردۆزێکی تری تازە دەڵێت: کاتێک تیشکی خۆر دەکەوێتە سەر ڕووی مانگ تۆزی سەر مانگ ئەلیکترۆن دەردەدات و بەوەش بە ئایۆن بوونێکی جێگیر ڕوودەدات و بە درێژایی ڕۆژ بارگەیەکی موجەبی دەبێت، بە پێچەوانەوە لە شەودا تۆزەکە ئەلیکترۆن وەردەگرێت بەوەش بارگەیەکی سالبی بۆ دروست دەبێت، هێزی لێکجیابوونەوەش وا دەکات گەردیلەکان بەرز ببنەوە کە زۆر بە پەرش و بڵاوی دەمێننەوە، زانا (دینس ڕیچارد) لە (Nasa) دەڵێت: «ئەو تەنۆچکانەی بەرزدەبنەوە بۆ بۆشایی ئاسمان تا دەگەنە بەرزترین ئاست پاشان شۆڕ دەبنەوە خوارەوە وەک تاڤگەی ئاو»، وەکالەتی (ناسا) دەڵێت: «لە بەرزی 62 میل واتە 100 کم ڕووناکییەکی هیلالی گەش دەبینرێت و زۆر بەرز دەبێت کە تەوژمە با کاری تێناکات»، هەروەها زانایان دەڵێن ئەم تۆز و خۆڵە زۆر لە ئاسمانی مانگدا نامێنێتەوە..

ئەم تایبەتمەندییە لە زەویدا نابینین، (ڕیچارد) دەڵێت: «ئەگەر بێت و بەشێوەیەکی بەهێز ڕووی مانگ بارگاوی ببوایە ئەو کاتە ئەو کەرەستانەی لە بۆشایی ئاسماندا بەکاردەهات پەکیان دەکەوت و بەرەو نەمان دەچوون لەبەرئەوەی ڕووشان ڕوودەدات».

هەروەها ئەگەر مانگ بەرگە هەوای وەک ئەوەی زەوی هەبوایە ئەوا زۆر لە ڕووناکیەکەی دەبرد و ڕووناک بەخش نەدەبوو.. ئەگەر مانگ دوورتریش بوایە یان ئەگەر خۆڵی سەر مانگ خاسیەتی گێڕانەوەی تیشکی نەبوایە ئەوا ڕووناکیەکەی زۆر کەمی دەکرد و بە ڕووناک بەخشی نەدەمایەوە.

بۆ زیاتر تێگەیشتن لەم دیاردەیە کە چۆن تۆز و خۆڵی مانگ بارگاوی دەبێت لە ساڵی 2012 وە وەکالەتی (ناسا) پلان بۆ گەشتێک بۆ سەر مانگ دادەنێت بە ئامانجی پشکنین لەو دیاردەیە و کۆکردنەوەی بەڵگەی زیاتر لەسەر بارگاوی بوونی تۆزی مانگ و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە زۆرانەی لەسەر ئەم دیاردەیە دەکرێت (www.nasa.gov)...

**ڕووی ئیعجاز:**

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بەم دیاردەیە کردووە کاتێک دەفەرموێت: ﴿ تَبَارَكَ ٱلَّذِى جَعَلَ فِى ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَجَعَلَ فِيهَا سِرَٰجًا وَقَمَرًا مُّنِيرًا ﴿٦١﴾ ﴾الفرقان، ئەمە ئایەتێکی قورئانی پیرۆزە هاتووە بۆ سەر پێغەمبەرێکی نەخوێندەوار لە سەردەمێکدا هیچ کەسێک لەسەر زەوی لە بارەی مانگ و پێکهاتەکانیەوە هیچی نەدەزانی، دەبینین سیفەتی (منیرا) دراوەتە پاڵ مانگ، کە بە واتای (ڕوناککەرەوە دێت)..

لێرەوە دەپرسین: ئەگەر ئەم ڕاستییە زانستییە زۆر ڕوونە ئیعجاز نەبێت کە قورئان بە بینینەوە پەیوەستی کردووە ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا ﴾.. ئەی ئیعجاز چییە؟

ئایا هەموو زانایانی ئێستای جیهان دەتوانن باسی ڕاستییەکی زانستی بکەن و دوای 1400 ساڵی تر بدۆزرێتەوە بە وردی و بێ هیچ هەڵەیەک!؟ دەبێت گومانمان لەوەدا نەبێت کە هەرچەند قورئان کتێبی هیدایەتە و زانستی ئەو دنیای تێدایە بەڵام زانستی ئەم دنیاشی لە هەموو بوارەکاندا لە خۆگرتووە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ لَّٰكِنِ ٱللَّهُ يَشْهَدُ بِمَآ أَنزَلَ إِلَيْكَ أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ يَشْهَدُونَ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿١٦٦﴾ ﴾ النساء.

موفەسیرانی قورئان دەڵێن: (أَنزَلَهُۥ بِعِلْمِهِۦ) بە مانای (أَنزَلَه وفيه علمه) دێت.. هەروەها دەڵێین: ئەوەی لەم ئایەتەدا هاتووە تەنها شتێکی کەمی ئیعجاز و ماناکانێتی.. چونکە لەوانەیە چەندەها لێکۆڵینەوەی زانستی تازە مانای دیکەی (منیر)مان بۆ ڕوون بکاتەوە ئەمەش زیاتر ئەوە دەسەلمێنێت کە موعجیزەکانی قورئان تا ڕۆژی قیامەت بەردەوامن.. دەرگاش کراوەیە لە بەردەم هەموو کەسێکدا کە بە تێڕوانین و بیرکردنەوە شتی تازە و زیاتر لە قورئانی پیرۆز فێربێت چونکە ئیعجاز و جوانی و سەرسوڕهێنەرەکانی قورئان بێ کۆتاییە.

# شوێن گۆڕینی مانگ و ئیعجازی قورئان

**لە زوودا خەڵکی لێکدانەوەی ئەفسانەیی و دوور لە ڕاستییان بۆ دیاردە گەردونییەکان کردووە، بۆ نموونە کاتێک مانگیان بینیوە گەورە دەبێت و بچوک دەبێتەوە تا وەک دەمە داسی لێ دێت وتویانە، ئەوە ئەژدیهایەک هەیە لە مانگ دەخوات تا تەواوی دەکات دوایی دروست دەبێتەوە!!**

**خەڵک نەیانزانیوە هۆکاری گەورە بوون و بچووک بوونی مانگ شوێن گۆڕینیەتی، مانگ (28) شوێن لە (28) ڕۆژدا دەکات، هەر شەوێک بەهۆی شوێن گۆڕینیەوە سێبەری زەوی لەسەر مانگ دەگۆڕێت بەوەش مانگ لە مانگی چواردەوە باریک دەبێتەوە، ئەم هەقیقەتە زانستییە کە لەسەردەمی پێغەمبەردا و دوای ئەویش بە چەندین سەدە نەزانراو بووە، لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێ کراوە کاتێک دەفەرموێت:**

**﴿ وَٱلْقَمَرَ قَدَّرْنَٰهُ مَنَازِلَ حَتَّىٰ عَادَ كَٱلْعُرْجُونِ ٱلْقَدِيمِ ﴿٣٩﴾ ﴾ يس**

**واتە: مانگ لەچەند شوێنێک دادەنێین، هەتا بەهۆی ئەوەوە وەک لاسکی خورمای چەماوەی کۆنی لێدێتەوە.**

**وشەی (منازل) کۆیە چونکە مانگ (28) (منزل) شوێنی هەیە کە بەهۆی ئەو مەنزڵانەوە گەورە و بچوک دەبێت.**

**هەروەها وشەی (حتی) بۆ سەبەبیە، واتە سەبەبی ئەوەی کە وەک لاسکی خورمای لێدێتەوە ئەوەیە کە مانگ مەنزڵ مەنزڵ دەکات.**



# بۆنی خۆش

# چارەسەر و پارێزەرە لە نەخۆشییە دەرونی و جەستەییەکان


ن: د. منال جلال محمد عبدالوهاب

و. بە دەستکارییەوە: د. ئەفرام محمد حسن (پسپۆڕی نەخۆشییە دەرونیەکان)


خوای بەخشندە دەفەرموێت: ﴿ خِتَٰمُهُۥ مِسۡكٞۚ ﴿٢٦﴾ ﴾ المطففين، واتە: (کە نۆشکرا بۆنی میسک ئەو ناوە پڕدەکات)، هەروەها دەفەرموێت: ﴿ فَرَوۡحٞ وَرَيۡحَانٞ وَجَنَّتُ نَعِيمٖ ﴿٨٩﴾ ﴾ الواقعة، رەیحان روەکێکی ناسراوە بۆنێکی خۆشی هەیە، (ابن القیم)یش گشتگیری کردووە دەڵێ: «هەموو روەکێکی بۆنخۆشە»، هەروەها (ابن قدامة) لە مانای بۆنخۆشدا دەڵێت: «بۆنخۆش هەر شتێکە کە بۆنی خۆشی لێبێت و بۆنبکرێت وەکو میسک، عەنبەر و کافور، زەعفەران، گوڵاو، رۆنە روەکیەکانی وەک بەنەفسەنج.»

بۆنخۆشکردن و بۆنکردنی بۆنی خۆش و کاریگەر، لە رێنموییەکانی پێغەمبەرە کە بەردەوام بووە لەسەری و هانی میللەتەکەی داوە جێبەجێی بکەن، بوخاری و موسلیم لە (أبي سعيد الخدري) دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی: (خوا هەقی بەسەر موسڵمانەوە هەیە کە حەوت رۆژ جارێ خۆی بشوات و ئەگەر بۆنی خۆشی هەبوو خۆی بۆنخۆش بکات.)

**راستیە زانستیەکان:**

بۆنکردنی بۆنە خۆشەکان وەکو رەیحان و مسک و بۆنەکانی تر دەبێتە هۆی وروژاندنی وەرگرە دەماریەکانی سستمی (کۆئەندامی) لیمبک کە کۆتاییە دەماریەکانی بۆنکردنی پێوە بەندە بە توێژاڵی بۆنکردن لە مێشکدا (the entorhinal cortex) کە بە هۆیەوە گەیەنەرە دەمارییەکان دەردەدات و بەشێوەیەکی کاریگەر کاردەکاتە سەر فرمانەکانی جەستە و رەفتار.




گەلێک گوازەرەوەی دەماری لە (لیمبک سستم) دەردەدرێت گرنگتینیان گلوتامێت و ئەسپرتەیت و گابا (گاما ئەمینو بیوتاریک ئەسید)ە کە رۆڵی هێورکەرەوەی هەیە و لە چارەسەری پەرکەمدا رۆڵی گرنگیان هەیە، هەروەها پێکهاتەکانی ئازارشکێن وەکو دینۆرفین و ئینکەفالین و پێهاتەکانی دژەخەمۆکی وەکو مۆنۆ ئەماین و نۆرئەدرینالین و سیرۆتۆنین و دۆپامین دەردەدات. (2004 Greenstein).

لە کاتی نەخۆشییە دەرونیەکان گۆڕانکاری بەسەر ئاستی ئەسیتایل کۆلین و نۆرئیپنفرین و دۆپامین و سیرۆتۆنین دا دێت لەهەمان کاتدا تێبینی ئەوە کراوە لەکاتی بۆنکردنی بۆنە خۆشەکاندا هەمان گۆڕانکاری بەسەر (لیمبک سستم)دا رودەدات بۆ دەردانی گوازەرەوە دەماریەکان.




**لیمبک سستم چیە:**

ناوچەیەکە لە مێشک کە لە کۆمەڵە ئەندامێک پێکهاتووە گەلێک فرمانی هەیە گرنگترینیان لە بواری سۆزداری و رەفتار و فێربوون و بیرەوەری درێژخایەن و بۆنکردن و چێژوەرگرتن لەو شتانەی حەز بەکردنیان دەکەیت.

**دەردانی ئۆکسیتۆسین:**

لە ئەنجامی هەڵمژینی بۆنی خۆشدا (لیمبک سستم) دەوروژێت و دەبێتە هۆی وروژاندنی ژێرلانکە رژێن و ئەوەش کاردەکاتە سەر رژێنی نوخامی و لە بەشی دواوەی رژێنەکە پێکهاتەی ئۆکسیتۆسین دەردەدات و دەبێتە هۆی دەردانی لە هەریەکە لە چاو و هێلکەدان و گونەکان و پرۆستات و رژێنی سەر گورچیلە، ئۆکسیتۆسین بە هۆرمۆنی خەندە ناودەبرێت و رۆڵی هەیە لە باشترکردنی فرمانە سێکسیەکان لەهەموو ئاستەکاندا.

هەروەها دەرکەوتووە کە ئۆکسیتۆسین دەبێتە هۆی کەمبونەوەی گرژی و پێکەوەبەستنی تاکەکان لە رووی کۆمەڵایەتیەوە بۆیە ناودەبرێت بە هۆرمۆنی خۆشەویستی، هۆرمۆنی باوەڕ و متمانە، هۆرمۆنی لایەنگری و سۆزداری، کەمکەرەوەی ترس.

( Hurlemann 2010, Kirsch etal 2005) .

لە هەمان کاتدا یارمەتی دەرە بۆ دەرککردنی دەربڕینە باشەکانی روخسار و پتەوکردنی پەیوەندی دایک و کۆرپەکەی و هەروەها دەبێتە هۆی شادمانی دایک چونکە لەکاتی لە ئامێزگرتنی کۆرپەکەی و مژینی مەمک بۆ شیرخواردن ئەم پێکهاتەیە زیاتر دەردەدرێت. (2010 Marsh Zak) (1998 Nelson ) .

بۆیە لەوانەیە بۆنکردنی بۆنە خۆشەکان و رەیحان ببێتە رێگر و چارەسەر لە نەخۆشییە دەرونی و هۆشمەندیەکان و رەفتاری تاک باشتر بکات لە ئەنجامی بەرزبونەوەی ئاستی ئۆکسیتۆسین و ئیسترۆجین، هەروەها توێژینەوەکان ئاماژە بە بەکارهێنی ئۆکسیتۆسین دەکەن

لە چارەسەری ئۆتیزم (خود تەنهایی) (2006 Hollande et al) و چارەسەری خەمۆکی و رەفتاری توندوتیژی و باشترکردنی فرمانە هۆشمەندییەکان.

( Epperson 1996) ( Pincus et al 2010)( Domes et al 2007).

هەروەها دەشێت رۆڵی هەبێت لە چارەسەری نەخۆشی وەسواس و لاوازی دەماری (نەخواردنی دەماری) و دڵەراوکێ و کاریگەری بەکارهێنانی مادەهۆشبەرەکان و شیزۆفرینیا و خودتەنهایی، بەڵام پێویستی بە توێژینەوە کرداری زیاتر هەیە.

توێژەرەکان ( Mayberg etal 199) ( Kirsch etal (2005) Bell (2006) سەلماندویانە کە چالاکی کۆئەندامی لیمبک گۆڕانکاری بەسەردا دێت بە پێی گۆڕانکاری مەزاجی تاک، تێبینی کەمی ئاستی ئۆکسیتۆسین کراوە لە حاڵەتەکانی خەمۆکی و ترس و تورەیی و شڵەژان و بونی فشاری دەرونی و نەبوونی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا (Sperff etal 1989) بۆنکردنی رەیحانە دەبێتە هۆی دەردانی مادەی ئۆکسیتۆسین لە رژێنی نوخامیدا و بۆیە دەشێت لە چارەسەر و رێگری لە خەمۆکیدا بەسوود بێت.

هەروەها توێژینەوە نوێکان ئاماژە بەوە دەدەن کە وروژاندنی کۆئەندامی لیمبک بە بۆنکردنی بۆنی خۆش و رەیحان و بۆنەکانی تر ئەبێتە وروژاندنی ژێر لانکە رژێن و ئەوەش کاردەکاتە سەر رژێنی نوخامی بۆ دەردانی هۆرمۆنی چالاککەری رژێنە جنسیەکان (Gnth) کاردەکاتە سەر هێلکەدان بۆ دەردانی هۆرمۆنی ئیسترۆجین و هاندانی گونەکان لە نێرینەدا بۆ دەردانی هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن کە هەندێکی دەگۆڕێت بۆ ئیسترۆجین و ئەویش بەوە ناسراوە کە مەزاج رێک دەکاتەوە و رەفتاری شەرەنگێزی کەم دەکاتەوە.

Bell 2006 , Nelson E E etal 1998, sokolov V.E etal 1987

هەروەها دەرکەوتووە هەڵمژینی ستیرۆید کاریگەری هەیە لەسەر مەزاج و بیرەوەری و کۆئەندامی دەماری خۆیی بۆیە دەشێت بەسوود بێت بۆ رێگری لەهەندێ نەخۆشی وەک ئەلزەهایمەر و لەرزۆکی و نەخۆشییەکانی پیری و پوکانەوەی دەمارەکان مادەی ستیرۆید لە میسکدا هەیە Sokolov etal 1987.

### گرنگی ئیعجاز لەم بابەتەدا:

سووربوونی پێغەمبەر (ﷺ) لەسەر بۆنخۆشکردن هەموو هەفتەیەک و رەتنەکردنەوەی و هاندانی موسڵمانان بۆ بەکارهێنانی بەڵگەیە لەسەر سوودەکەی. بەکارهێنانی رەیحان و بۆنە خۆشەکان دەبێتە هۆی دەردانی کۆمەڵە گوازەرەوەیەکی دەماری کە کاریگەری ئاشکرایانەی هەیە لە رێگری و چارەسەری نەخۆشییەکانی خەمۆکی و رەفتاری شەرەنگێزی و وەسواسی و دڵەڕاوکێ و ترس و کاریگەریان هەیە لەسەر توانای سێکسی و رێگری لە هەندێک نەخۆشی وەک ئەلزەهایمەر و لەرزۆکی و پوکانەوەی دەمارەکان.

ئەمە راستیەکە کە پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) پێش زیاتر لە (1400) ساڵ باسی کردووە کە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا بوارێکی چارەسەر هەیە بەناوی ( Aroma therapy) واتە (چارەسەرکردن بە بۆن) کە شێوازێکی چارەسەرە لەڕێی بەکارهێنانی بۆنەوە هەوڵ دەدرێت لایەنی مەزاج و دەرونی و هەندێک لە نەخۆشییە جەستەییەکان چارەسەربکرێت.

# میکانیزمی بینینی مێش موعجیزەیە!!

**زانایان دەڵێن: چاوی مێش پێکهاتەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەری هەیە.. لە چاویدا (24) وەرگری ڕووناکی تێدایە، لە کاتێکدا چاوی مرۆڤ زیاتر لە (125 ملیۆن) وەرگری لەو جۆرە لەخۆ گرتووە، هەروەها مێشکی مێش نزیکەی (20 هەزار) دەمارە خانەی تێدایە، بەڵام مێشکی مرۆڤ (100 بلیۆن)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە مێشکی مێش بەخێراییەکی سەیر کاری ئاڵۆز بۆ ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی چاوەوە پێی دەگات ئەنجام دەدات، تا ئەم سەردەمەش زانایان سەرقاڵی ئەو میکانیزمە ئاڵۆزەن کە چۆن چاوی مێش وێنەکانی پێ شی دەکاتەوە!؟**

**خوای گەورەش لە ئایەتێکی پیرۆزدا باس لە شکستی مرۆڤ دەکات لە بەدیهێنانی مێشێک ئەگەر هەموو بێ باوەڕان بۆ ئەو مەبەستە کۆببنەوە! دیاریشە کە ئەمە مەحاڵە، چونکە ئەگەر هێشتا مرۆڤ پەی بە نهێنی میکانیزمی توانای بینینی مێش نەبردبێت! ئیدی چۆن دەتوانێت کە هەموو بەشەکانی مێشێک بخوڵقێنێت!؟**



سەرچاوە:
nature communications 2012

# «ئیعجازی ڕۆچوونی ڕووبەرێکی بچووک»



## هەیڤ

ئایەتێک یان چیرۆکێک لە کۆتاییەکانی سورەتی (القصص)دا هەیە، مولحیدەکان کردبویانە هۆکارێک بۆ گومانکردن.. ئەویش بەسەرهاتی (قارون)ە لەسەردەمی گەورەمان (موسا)دا (سەلامی خوای لێبێت) کە دەوڵەمەندترین کەس بوو، خوای گەورە ماڵی زۆری پێدابوو، بەڵام فیزی بەسەردا دەکردن.. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَءَاتَيْنَٰهُ مِنَ ٱلْكُنُوزِ مَآ إِنَّ مَفَاتِحَهُۥ لَتَنُوٓأُ بِٱلْعُصْبَةِ أُو۟لِى ٱلْقُوَّةِ ﴾ القصص:٧٦.

واتە: «ئەوەندە ماڵ و سامانمان پێبەخشیبوو، کە کلیلی گەنجینەکانی بە چەند کەسێکی بەهێز، گران هەڵدەگیران»

واتە کەسانی بەهێز بە گرانی کلیلی گەنجینەکانیان بۆ هەڵدەگیرا، ئەی ئەوەی تێیدا بووە لە گەنجینە و پارە و ئاڵتون، دەبێ چەند بووبێت!؟

بەڵام ئەی چۆن خوای گەورە کۆتایی بە عاقیبەتی ئەم پیاوە هێنا؟ ﴿ فَخَسَفْنَا بِهِۦ وَبِدَارِهِ ٱلْأَرْضَ ﴾ القصص:٨١. واتە: «خۆی و ماڵیمان برد بەناخی زەویدا»..

پرسیارێک: ئێمە دەمانزانی کە هەمیشە لەئەنجامی بومەلەرزەی وێرانکەرەوە ڕۆچوون ڕوودەدات شارێک یان گوندێک.. یان ناوچەیەکی زۆر گەورە وێران دەکات، بەڵام ڕۆچوونی تەنها ماڵێک، ئەمە چۆن ڕوودەدات؟

لە هەواڵەکاندا لە ساڵی (2013) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زەوییەک شەقی بردوو و خانوویەکی قوتدا، تەنها شوێنی خانوویەک بە ڕووبەری چل پەنجا مەترێک بە شێوەیەکی زۆر کتوپڕ بە زەویدا ڕۆچوو، ئەو خانووە لە ناکاوێکدا دیارنەما و نقوم بوو بۆ قوڵایی 30 یان 40 مەتر..



ماڵی (جیف بوش) فلۆریدا
(2013/3/1)

ئەم دیاردەیە زانایان دەڵێن تازە دەرکەوتووە پێشتر نەزانراوبووە، کەس نەیدیوە تەنها خانوویەک یان ئۆتۆمۆبیلێک یان ناوچەیەکی دیاریکراو ڕۆبچێت!! زانایان دەڵێن لەوانەیە پێشبینی گەردەلول و جگە لەوە بکرێت!! یان لە داهاتوودا پێشبینی بومەلەرزە بکرێت!! بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت پێشبینی ڕۆچوون بکرێت یان بزانیت چی لە ژێرتا ڕوودەدات!! ئەی ئەمە چۆن ڕوودەدات!؟

زانایان دەڵێن: دوای ئەوەی خاک و زەوی لە ڕووی ئەندازەوە جێی خۆی دەگرێت، بەڵام لەگەڵ هۆکارەکانی کاتدا و دزەکردنی ئاو بۆ ژێر خاک، کار لە خاکەکە دەکات و دەبێتە هۆی شیبوونەوەی خاکی کلسی ڕەقی ژێرزەوی واتە خاکەکە شی دەبێتەوە و بۆشایی دروست دەبێت ئەو کاتە هەر قورساییەک لەسەر ئەو شوێنە دەبێتە هۆی ڕۆچوونی زەوییەکە، واتە بەشێوەیەکی کتوپڕ لەگەڵ کاتدا ڕوودەدات...





# چۆن خودای پەروەردگار رۆزی رووەکی دەدات

ئەم وێنەیە هی جۆرە ڕووەکێکە کە سەرنجی زانایانیان زۆر ڕاکێشاوە، ئەم ڕووەکە ماددەیەک دەڕژێت کە بۆن و بەرامێکی خۆشی هەیە بەوەش چەندین مێرووی دەوروبەر بۆلای خۆی کێش دەکات.. ئیدی مێرووەکە بەرەو لای دێت و بەسەرییەوە دەنیشێتەوە.

بەڵێ ڕووەکەکە هەست بە مێرووەکە دەکات چاوەڕێی مێرووەکە دەکات، ئەم ژەمە خواردنەی کە ڕووەکەکە دەستیکەوتووە بەشی چەند ڕۆژێکی دەکات. واتە ئەمە ژەمێکی قورس و چەورە.. لێرەدا با لە خۆمان بپرسین، کێ ئەم ڕووەکەی فێرکرد ئەو بۆنە خۆشە بڵاوبکاتەوە؟ کاتێک مێرووەکە لەسەری دەنیشێتەوە کتوپڕ پەڕەکانی داناخات چونکە لەوانەیە هەڵبێت! بەڵکو چاوەڕێ دەکات تا بە تەواوی دەچێتە ناو ڕووەکەکەوە، واتە جۆرێک لە فێڵ و تەڵەکەی هەیە، مێرووەکە بە ئازادی بەناو ڕووەکەکەدا دەسوڕێتەوە و هەست بە مەترسی ناکات، بەڵکو بۆ خۆراک دەگەڕێت، ڕووەکەکەش چاوەڕوانە و هیچ ناکات تا کاتی گونجاوی خۆی دێت، ئەم کارە زۆر ڕێکوپێک و داڕێژراوە، ئێمە پرسیار لەو کەسانە دەکەین کە دەڵێن سروشت بەمجۆرە دروستی کردووە و ئەو ئەندازیارییە ئاڵۆزانەی تیا بەدیهێناوە و بەرەو پێشی بردووە!! بەڵام چۆن ئەم ڕووەکە ئەم ماددانەی دەردا؟ چۆن چاوەڕێی مێرووەکەی کرد تا بگاتە ئەو شوێنەی کە بە گونجاوی دەزانێت؟ پاشان دابخرێت و ئەو ماددانە دەربدات کە بۆ هەرسکردنی پێویستە و ئەو بەشانەش کە بۆی هەرس ناکرێت پەڕەکانی بکاتەوە و فڕێی بداتە دەرەوە!! بێگومان ئەوە خوای پەروەردگار بەدیهێناوە و فێری کردووە.







ڕۆچوونێکی گەورە
لە ناوچەی گواتیمالا
(2010/3/31)

**ڕووی ئیعجاز:**

لە ئێستادا بە دەنگ و ڕەنگەوە دەبینین کە چۆن تەنها خانوویەک ڕۆدەچێت و ڕۆچوون ڕوودەدات، لێرەوە ڕاستی مانای وتەی خوای گەورەمان بۆ دەسەلمێت کە دەفەرموێت: «خۆی و ماڵیمان برد بەناخی زەویدا»

ئیعجازێکی تریش ئەوەیە کە دیاردەی ڕۆچوون لە زیادبووندایە و پێشتر بە دەگمەن ئەم دیاردەیە ڕوویدەدا، بەمەش ڕاستی ئەو فەرمووده سەحیحەی پێغەمبەر (ﷺ) بەچاوی خۆمان دەبینین کە دەڵێت: «لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی ڕۆچوون و شێوە گۆڕین ڕوو دەدات»، واتە ڕووداوەکانی ڕۆچوون زۆر دەبێت..

بێگومان ئەمە وانەیەکیشە بۆ ئێمە تا دونیا ویست نەبین و چاومان لەوانە نەبێت کە خوای گەورە پارە یان ناوبانگ یان شتی تری پێداون، چونکە هەر کەسێک مەبەستی دونیا بێت وەک قارون بەجێی دەهێڵێت و تا سەر بۆی نابێت بۆیە دەبێت مەبەستمان تەنها ڕازی بوونی خوای تەبارەک و تەعالا بێت.



# ئیعجازەکانی سەرەتای سورەتی ڕوم

## بەشی دووەم: ئیعجازی جیۆلۆجی

ئەندازیار: خالید حەسەن
khalidbarznjy@gmail.com

سەرەتای سورەتی ڕوم، بە کورتترین دەربڕین گەورەترین ئیعجازی جیۆلۆجی ئاشکرا دەکات، ئەم ئیعجازە ڕۆشنە بەسە بۆ ئیمان دامەزراندنی ئەوانەی بەرامبەر قورئانی پیرۆز بە گومانن، ئایەتەکە باس لە نزمترین شوێنی زەوی دەکات، دەفەرموێت: ﴿غُلِبَتِ ٱلرُّومُ ۝٢ فِيٓ أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ﴾الروم، واتە: ڕۆمەکان لە نزمترین شوێنی زەویدا شکێنران، یەکێک لە واتا سەرەکیەکانی وشەی (أَدۡنَى) نزمترینە، لەسەردەمی دابەزینی قورئاندا هیچ زانیاریەک لەسەر دیاریکردنی نزمترین یان بەرزترین شوێنی زەوی نەبوە، نەک لەو سەردەمەدا بەڵکو هەتا 14 سەدە بەسەر دابەزینی قورئاندا نەڕۆی، کەسێک نەبوو بزانێت نزمترین شوێنی زەوی کوێیە، هەتا ئەم سەردەمە نەهات زاناکان نەیانتوانی پێوەرێک بۆ بەرزو نزمی دابنێن، کە بریتی بوو لە پێوەری ئاستی ڕووی دەریا، چونکە ڕووی دەریا ئاستێکی ڕێکی هەیە و بەگشتی لە وشکانی نزمترە بۆیە ئەم ئاستە بە سفر دانرا، بە بەکارهێنانی مانگە دەستکردەکان و چەندین ئامێر و حیسابی ورد و کرداری ئاڵۆز توانرا بەرز و نزمیەکانی هەموو شوێنەکانی سەر زەوی دیاریبکرێت، ئاشکرایە وشکانی لە ئاستی دەریاکان بەرزترن، بەڵام لە ئەنجامی ڕوپێوکردنی گشت شوێنێکی کیشوەرەکان، دەرکەوت چەند ڕووبەرێک هەن لە ئاستی دەریاکان نزمترن، لە هەموو زەویدا 65 شوێن لە وشکانی دۆزرانەوە چونەتە ژێر ئاستی دەریاوە بۆیە ئەو شوێنانە دیاریکران، وەک لەم لینکەدا هاتووە:

(http://en.wikipedia.org/wiki/List_of_places_on_land_with_elevations_below_sea_level)

بەمجۆرە: ١- کیشوەری ئەفریقا: 8 شوێن دیاریکرا، نزمترینیان دەریاچەی عەسەل بوو، کە 153م کەوتۆتە ژێر ئاستی دەریاوە.




لە ئێستادا دیاریکردنی بەرز و نزمی هەر شوێنێک بۆ هەموو کەسێک کارێکی ئاسانە، چونکە چەندین بەرنامە هەن بۆ گەڕان بەزەویدا و دیاری کردنی بەرزی هەر خاڵێکی بە پێی ئاستی ڕووی دەریا، یەکێک لەوانە گوگڵ ئێرسە، کە دەتوانرێت بەهۆیەوە لە هەرشوێنێکی زەوی هێڵێک بکێشیت و کلیک بکەیت بۆ پێدانی




برگەی هێڵەکە و دیاریکردنی بەرز و نزمیەکانی ئەو هێڵە.

٢-کیشوەری ئەوروپا: 15 شوێن دیاریکرا، نزمترینیان لای دەریای قەزوینە و 28 مەتر لە ژێر ئاستی دەریایە.

٣-کیشوەری ئەمریکای باکور: 22 شوێن دیاریکرا کە نزمترینی لای دۆڵی مردنە (badwater) و 86م لە ژێر ئاستی دەریایە:







٤-کیشوەری ئەمریکای باشور: 5 شوێن دیاریکرا، کە نزمترینی ناوچەی (لاگون)ە لە ئەرجەنتین و 107 م لە ژێر ئاستی دەریاوە:

٥-کیشوەری ئوستورالیا: 4 شوێن دیاریکرا کە نزمترینیان لای دەریاچەی ئێریە و 16م لە ژێر ئاستی دەریایە.

٦-کیشوەری جەمسەری باشور: یەک شوێن لای دەریاچەی ڤیستڤۆڵد دیاریکرا، 50م چۆتە ژێر ئاستی دەریاوە.

٧-کیشوەری ئاسیا: 10 شوێن دیاریکرا، نزمترینیان شوێنێک بوو جیا لە 65 شوێنە نزمەکەی زەوی، بە شێوەیەکی سەیر و زۆر نامۆ بە قوڵاییەکی زۆر و ڕووبەرێکی بەرفراوان چوبووە ژێر ئاستی ڕووی دەریاوە، هەرچەندە ئەو شوێنە نزیک دەریایە بەڵام زۆر لە ڕووی دەریاکە قوڵترە، جگە لەوەی نزمترین شوێنی کیشوەری ئاسیا دەرچوو، نزمترین شوێنی زەویش بوو، ناوچەکەش سنوری نێوان فەلەستین و ئوردن بوو، لە خواروی دەریای مردووەوە بۆ سەرەوە بە درێژایی ڕووباری ئوردون هەتا دەریاچەی تەبەریا و سەرووتر کە بە شێوەیەکی سەرسوڕهێن بە نزیکەی 300 بۆ 400م



















چۆتە ژێر ئاستی دەریاوە:

پرسیار: ئایا ئەم ناوچەیە، ئەوە نیە کە قورئان بە (أَدۡنَى ٱلۡأَرۡضِ) ناوی بردووە؟

وەڵام: وەک لە بەشی یەکەمدا و لە ژمارە 31ی گۆڤاری هەیڤ ڕوونمان کردەوە، جەنگە گەورەکەی 614ز نێوان فارس و ڕۆمەکان کە قورئانی پیرۆز باسی کردووە، لەم شوێنەدا بووە، چونکە هەموو سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن: لەو کاتەدا فارسەکان لە سوریاوە بەمەبەستی گرتنی شاری قودس هێرشیان هێنا و پێش چونە




شارەکەوە جەنگێکی گەورە لە نێوانیان ڕوویدا، ئاشکرایە پێش شاری قودسیش لە ڕووی سوریاوە کتومت ئەم شوێنەیە، هەروەها سەدی و ئیبن عەبباس و موقاتیل دەڵێن: جەنگەکە لە ئوردن و فەلەستین ڕویداوە.

بە دۆزینەوەی ئەم شوێنە لەسەردەمی تازەدا ئیعجازێکی گەورەی قورئان ئاشکرا بوو، کە هیچ بیانویەک بۆ باوەڕنەبون بە قورئانی پیرۆز ناهێڵێتەوە، بۆیە ئەمەش چووە پاڵ یەکێکی تر لە ئیعجازە ڕۆشنەکانی تری قورئان و بەوەش هێندەی تر بەڵینەکەی پەروەردگار هاتەدی، کاتێک فەرموی: ﴿ سَنُرِيهِمۡ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلۡأٓفَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمۡ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمۡ أَنَّهُ ٱلۡحَقُّۗ ﴾ فصلت: ٥٣، واتە: ئێمە لە ئایندەدا بەڵگە و نیشانەی سەرسوڕهێنەریان نیشان دەدەین لە ئاسۆکانی گەردون و لە خودی خۆیشیاندا، ئەمەش بۆ ئەوەی تا چاک بۆیان ڕوون بێت و دڵنیابن کە قورئان هەق و ڕاستە.

**لابردنی چەند گومانێک لەسەر ئەم ئیعجازە مەزنە:**

**گومانی یەکەم:** هەندێک دەڵێن لە فەرهەنگە کۆنەکانی زمانی عەرەبیدا وشەی (ادنی) بە واتای نزمترین نەهاتووە، بەڵکو لە عەرەبی تازەدا بەکاردێت، بۆیە عەرەبیی تازەش نابێتە بەڵگە بۆ واتای قورئان، بەمەش بە لای ئەوانەوە ئیعجازەکە لە ڕووی زمانەوانیەوە هەڵدەوەشێتەوە.

**وەڵام:** ئەمە گومانێکی ناڕاستە چونکە لە فەرهەنگە کۆنەکانی زماندا وشەی (ادنی) تەنیا بە واتای نزیکترین نەهاتووە، بەڵکو واتایەکی سەرەکی تریشی هەیە، کە نزمترینە بۆ نمونە:

ا- لە فەرهەنگی بەناوبانگی (معجم مقاييس اللغة)ی ئیبن فارس کە لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا بووە دەڵێت:

" دن: الدال والنون أصل واحد يدل على تطامن وانخفاض . فالأدن: الرجل المنحني الظهر, يقال منه قد دننت دننا , ويقال بيت ادنّ , أي متطامن , وفرس أدن , أي قصير اليدين , وإذا كان كذلك كان منسجه منخفضا. ومن ذلك الدندنة , وهو أن تسمع من الرجل نغية لا تفهم , وذلك لأنه يخفض صوته بما يقوله ويخفيه , ومنه الحديث: " فأما دندنتك ودندنة معاذ فلا نحسنهما" . انتهى.

واتە: وشەی «دن» یەک بنەڕەتی هەیە و نزمی و نەویبون دەگەیەنێت.

ب- لە گەورەترین فەرهەنگی زمانی عەرەبی (لسان العرب) دا هاتووە:

" ويقال: دَنا وأدْنى ودَنّى إذا قرُبَ، قال: وأدْنى إذا عاشَ عَيْشاً ضَيِّقاً بعد سَعَةٍ. والأدْنى: السَّفِلُ ". انتهى.

وشەی (أَدۡنَىٰ) واتە: لای خوارو و لای نزمیەکەی.

ت- ئیبن قەیمی جەوزی ڕەحمەتی خوای لێبێت دەڵێت:

لا تؤثر الأدنى على الأعلى فإن.... تفعل رجعت بذلة وهوان
لا تؤثر الأدنى على الأعلى فتحـ..ـرم ذا وذا يا ذلة الحرمان

دەبینین (أَدۡنَىٰ)ی لەبەرامبەر (اعلى) بەکارهێناوە، واتە: نزمترین.

**گومانی دووەم:** لە هیچ ئایەتێکی تری قورئاندا وشەی (ادنی) و پێکهاتەکانی بە واتای نزم نەهاتوە، بۆیە ئەم واتایە نامۆیە بە قورئان و ناکرێت تەنیا لەم ئایەتە بۆ ڕێکخستنی لەگەڵ ئیعجازەکەدا بەنزم لێکبدرێتەوە.

**وەڵام:** بێگومان ئەمەش ڕاست نیە چونکە لە چەندین ئایەتی تردا بەواتای نزم هاتوە، بۆ نمونە:

ا- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَزَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِمَصَٰبِيحَ ﴾ فصلت: ١٢، ئاشکرایە ئاسمانەکان لەسەریەکن ئاسمانی یەکەمی بە ئاسمانی دونیا ناوبردووە، چونکە نزمترینە و بەوەش نزیکترینە.

ب- ﴿ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ﴾ الاحزاب: ٥٩، واتە: عەباکانیان بدەن بەسەر خۆیاندا لەسەرەوە بۆ خوارەوە.

ج- ﴿ قُطُوفُهَا دَانِيَةٞ ﴿٢٣﴾ ﴾ الحاقة، واتە: میوەی درەختەکانی شۆڕبونەتەوە و نزمن بەوەش نزیکە دەستن.

**گومانی سێهەم:** هیچ کام لە موفەسیرینی پێشین ئەم ئایەتەیان بە نزمترین شوێن لێک نەداوەتەوە، لەبەرئەوە واتاکردنی بەو جۆرە، تەفسیرێکی تازەیە و بۆ ڕێکخستنە لەگەڵ ئیعجازەکەدا، ئەگەر واتای نزمترین ڕاستترە بۆچی موفەسیرینی پێشین بەو واتایە لێکیان نەداوەتەوە؟

**وەڵام:** سەرەتا دەپرسین ئایا وشەی (ادنی) لە ئایەتە قورئانیەکەدا، بە کام واتا (نزمترین یان نزیکترین) ڕاستترە لێکبدرێتەوە؟ ئەگەر بە واتای نزمترین لێکی بدەینەوە واتاکە بەم جۆرەی لێدێت: (ڕۆمەکان لە نزمترین شوێنی زەویدا شکێنران)، دەبینین واتایەکی تەواو دەبەخشێت.

بەڵام ئەگەر بە نزیکترین لێکی بدەینەوە، واتاکە بەم جۆرەی لێدێت: (ڕۆمەکان لە نزیکترین شوێندا شکێنران)، دەبینین واتاکە تەواو نیە، نزیکترین شوێن کوێیە؟ لەبەرئەوەی واتاکە ناتەواوە بە ناچاری دەبێت شوێنێک زیاد بکەین بۆ نمونە بڵێین: نزیکترین شوێنی ڕۆمەکان! ئەمەش هەر تەواو نیە، هەتا شوێنێکی تریش زیاد نەکەین، بۆ نمونە: نزیکترین شوێنی ڕۆمەکان لە فارسەکانەوە. دیسان ئەمەش زۆر تەواو نیە، چونکە ڕۆم و فارس سنورێکی فراوان لە نێوانیاندابوە و شوێنێکی تایبەت نیە نزیکترین شوێنی نێوانیان بێت و نزیکترین شوێن هەموو سنورەکەی نێوانیانە.

لەبەرئەوە واتاکردن بە نزمترین پێویستی بەزیادکردنی هیچ وشەیەک نیە و واتایەکی دروست دەبەخشێت. دەمێنێتەوە ئەوەی بڵێین: بۆچی موفەسیرینی پێشین لەگەڵ ئەوەی زانیویانە وشەی (ادنی) بە واتای نزمترینیش دێت، بەڵام خۆیان لەو واتایە بە دوور گرتوە؟ ئاشکرایە کەس لەو سەردەمەدا نەیزانیوە نزمترین شوێنی زەوی واتای چیە؟ لەبەرئەوە بۆ ئەو سەردەمە واتای نزیکترین گونجاوتر بوە، ئەگەر زانستی دیاریکردنی نزمترین شوێن بە پێی ئاستی دەریا لەبەردەستدا نەبێت، مرۆڤ چۆن لە واتای نزمترین شوێنی زەوی تێدەگات؟ لەبەرئەوە نە موفەسیرەکان دەیانزانی ئەم واتایە چیە، نە دەیانتوانی خەڵکی تێبگەیەنن.

# ... ئیعجازی زانستی بۆ نەوجەوانان ... ئیعجازی زانستی بۆ نەوجەوانان ...



زانایان دەڵێن: مێروولە بەتەواوی هەروەک مرۆڤ بەڵکو لەوانەیە لە مرۆڤ پێشکەوتووتریش پرد دروست بکات.

مێروولە بۆ بنیاتنانی پردێکی زیندوو هەندێکی کەم لە مێروولەکان دەکاتە قوربانی، بەڵام سوودێکی زۆر دەچنێتەوە لە مسۆگەرکردنی هاتوچۆی پێویست بۆ هەزاران مێروولە.. مێروولە هەزاران ساڵە بەو پەڕی خۆشی و خۆبەختانەوە ئەم سیستمە کۆمەڵایەتییە پیادە دەکات.

خوای گەورەش دەفەرموێت: ﴿وَمَا مِن دَآبَّةٍ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا طَٰٓئِرٍ يَطِيرُ بِجَنَاحَيۡهِ إِلَّآ أُمَمٌ أَمۡثَالُكُم﴾ الانعام: ٣٨، واتە: «هیچ گیانلەبەرێک نییە بەسەر زەویدا بڕوات و هیچ باڵندەیەک بە باڵەکانی بفڕێت کە ئەوانیش ئوممەتێک نەبن وەک ئێوە»

ئەوەتا زانایان ئەوەیان دەرخست کە مێروولە لەم کارەیدا لە مرۆڤ دەچێت.

(c) A. Bockoven



# هۆكارەكانی گواستنەوە

و/ جەلال ئەحمەد
jalalahmad1965@yahoo.com



خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلۡأَنۡعَـٰمَ خَلَقَهَاۗ لَكُمۡ فِيهَا دِفۡءٞ وَمَنَـٰفِعُ وَمِنۡهَا تَأۡكُلُونَ ٥ وَلَكُمۡ فِيهَا جَمَالٌ حِينَ تُرِيحُونَ وَحِينَ تَسۡرَحُونَ ٦ وَتَحۡمِلُ أَثۡقَالَكُمۡ إِلَىٰ بَلَدٖ لَّمۡ تَكُونُواْ بَـٰلِغِيهِ إِلَّا بِشِقِّ ٱلۡأَنفُسِۚ إِنَّ رَبَّكُمۡ لَرَءُوفٞ رَّحِيمٞ ٧ وَٱلۡخَيۡلَ وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ٨ وَعَلَى ٱللَّهِ قَصۡدُ ٱلسَّبِيلِ وَمِنۡهَا جَآئِرٞۚ وَلَوۡ شَآءَ لَهَدَىٰكُمۡ أَجۡمَعِينَ ٩ ﴾ النحل.

## بەڵگەی دەقەكە

لە برگەی (وَٱلۡبِغَالَ وَٱلۡحَمِيرَ لِتَرۡكَبُوهَا وَزِينَةٗۚ وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ) ئاماژە هەیە بە بەردەوامی دەركەوتن و پەیدابوونی هۆكارەكانی گواستنەوە لە داهاتوودا.

كە ئەو كات -كاتی دابەزاندنی ئەم ئایەتانەی قورئانی پیرۆز- هیچ كەس ئەوەی نەدەزانی كە هۆكاری تر هەبن بۆ گواستنەوە جگە لە ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ، لە كاتێكدا ئەمڕۆ ئەو پێشبینیە هاتوەتەدی.

(مەراغی) دەڵێت: (وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ) مەبەست پێی ئەوەیە كە زانست پێی دەگات و ڕێی لێ دەكەوێت و ژیری و عەقڵی مرۆڤەكان بەرهەمی دەهێنن لە نموونەی هۆكارەنی گواستنەوەی ئاوی و وشكانی و ئاسمانی، كە هۆكاری گواستنەوەی خۆتان و كەل و پەلەكانتانە لە زەویەكەوە بۆ زەویەكی تر و لە وڵاتێكەوە بۆ وڵاتێكی تر، سەرەڕای باڵۆنی هەوایی كە بە ئاسماندا دەڕوات و ژێر دەریاییەكانیش كە لەژێر ئاوی دەریا و زەریاكاندا دەگەڕێت و هەر دەسكردێكی تری مرۆڤ كەمایەی سەرسامی ئێوەیە و جێگەی ئەسپ و گوێدرێژ دەگرنەوە لە هەردوو بواری گواستنەوە و بەكارهێنان بۆ جوانی وڕازاندنەوە.

(ئیبن عاشور) دەڵێت: «من وای دەبینم ئەم ئایەتە یەكێكە لە ئیعجازە زانستییە شاراوەكانی نێو قورئان و ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە خوای گەورە مرۆڤەكان ڕێنمایی دەكات و دەیانخاتە سەر ئەو ڕێگەیەی كە هۆكاری وەها دروست بكەن و بەرهەم بهێنن كە بۆ ئەوان لە گوێدرێژ و هێستر و ئەسپ چاكتر و گونجاوترین بۆ گواستنەوە».

هەر لەو پایسكلەی كە كەسێک سواری دەبێت و بە قاچەكانی تایەكانی دەسوڕێنێتەوە تا دەگاتە ئۆتۆمبێل و شەمەندەفەر و تا دەگاتە فڕۆكەكان كە بۆ كاركردنیان سوود لە بەرهەمە نەوتییەكان وەرگیراوە، هەر هەموو ئەم داهێنراوانە لە سەردەمە یەک لەدوای یەكەكاندا دروست كراون و نەوەكانی پێشووتر هیچیان لەبارەوە نەزانیوە.

وە ئیلهام بەخشینی خوای گەورە بۆ مرۆڤەكان، هەر دەدرێتەوە پاڵ بەدیهێنانی خوایی و سەرەنجام داهێنانی مرۆڤەكان دیسانەوە دەچێتەوە بازنەی بەدیهێنانی خوایی ـ كە هەرخۆی بەدیهێنەری مرۆڤە و هەر ئەویش مرۆڤەكانی فێركردوە و ئیلهامی پێ بەخشیون بۆ ئەنجامدانی كارەكانیان ـ.

خوای گەورە خۆی ڕێنیشاندەری مرۆڤە داهێنەرەكانە، بەهۆی ئەو ژیری و زانستەوە كە پێیانی بەخشیوە و لەئەنجامی پێشكەوتنی پلە بە پلەی شارستانیەتیەكان و فێربوونیان لە یەكتری و كاركردنی هەر نەوەیەک لەسەر پەرەپێدان و داهێنانی زیاتر لەوەی كە لەپێش ئەودا بەرهەم هێنراوە و داهێنراوە، كە ئەمەش دیسان دەچێتەوە چوارچێوە و بازنەی بەدیهێنانی خوایی چونكە هەمووی بەرهەمی نیعمەتەكانی خوای گەورەن.

(شەنقیتی) سەبارەت بە ئایەتی (وَيَخۡلُقُ مَا لَا تَعۡلَمُونَ ) دەڵێت: خوای گەورە لەم ئایەتەدا باس لەبەدیهێنانی هەندێ شت دەكات كەخەڵكی ئەو سەردەمە لەكاتی دابەزینی ئەم ئایەتانەدا نەیان دەزانی.

ئەو بەدیهێنراوە نوێیانە لە ئایەتەكەدا بە نەزانراوی و شاراوەیی هێڵراوەتەوە و تەنها ئاماژەكە لەبابەتی پەیوەندیداردا هەیە «كەلێرەدا هۆكارەكانی گواستنەوەی ئەو سەردەمە بووە» واتە بەدیهێنانە نوێ یەكە لەو بوارەدا دەبێت كە بابەتی باسەكەیە.

چونكە هاوكات بوونی ئەو ئاماژەیە لەگەڵ منەت كردنی خوای گەورە بە نیعمەتەكانی هۆكارەكانی گواستنەوەی ئەو سەردەمە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە ئەو بەدیهێنراوە نوێیانە لە بواری گواستنەوەدا دەبن.

هەر ئەوەشە كە ئێستا ئێمە دەیبینین لە هاتنەدی منەتی خوای گەورە لە داهێنانی هۆكاری نوێی گواستنەوەدا و دروستكردنی

سەرجەم هۆکارە نوێیەکانی وەک فڕۆکە و شەمەندەفەر و ئۆتومبێل و چەندین هۆکاری تر...

هەر لەم بارەیەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە فەرموودەیەکی (صحیح) دا کە موسلیم ڕیوایەتی کردووە دەفەرموێت: (والله لینزلن ابن مریم حکما عادلا فلیکسرن الصلیب و لیقتلن الخنزیر ولیضعن الجزیة ولتترکن القلاص فلا یسعی علیها.....الحدیث) ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لەم فەرموودە (صحیح)ە دا ئەو بڕگەیەیە کە پێغەمبەری خوا سوێند دەخوات کە واز لە حوشتر دەهێنرێت لەوەی کە بۆگواستنەوە بەکاربهێنرێت (ولتترکن القلاص فلا یسعی علیها) دیارە ئەمەش ئێستا بەچاوی خۆمان دەیبینین کە چۆن حوشتر بۆ گواستنەوە بەکارناهێنرێت و هۆکارە نوێیە بەدیهێنراوەکانی تر بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێن، ئەمەش یەکێکی ترە لە موعجیزەکانی پێغەمبەر (ﷺ) و نیشانەی ڕاست و دروستی پێغەمبەرایەتی ئەوە، هەرچەندە موعجیزەکانی ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) لە ژماردن نایەن.

(ئالوسی) دەڵێت: (وَيَخْلُقُ مَا لَا تَعْلَمُونَ) لە ڕواڵەتدا کە لەسەر شێوەی داهاتوو داڕێژراوە بەڵگە و ئاماژەی بەردەوامی و نوێبوونەی تێدایە.

(زەرکەشی) سەبارەت بە ڕیزبەندی هۆکارەکانی گواستنەوەی ئەو سەردەمە کە (الخیل والبغال والحمیر) (ئەسپ و هێستر و گوێدرێژ) باسکراون، دەگەڕێنێتەوە بۆچاکی و گرنگی هەر یەکەیان کە لە باشترینەوە بۆ باشترو باش ڕیزکراون بەپێی ئەو سەردەمە، بۆیە ئەسپ پێشخراوە و دواتر هێستر و دواتریش گوێدرێژ باسکراوە.

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿ فَلَآ أُقْسِمُ بِٱلشَّفَقِ ﴿١٦﴾ وَٱلَّيْلِ وَمَا وَسَقَ ﴿١٧﴾ وَٱلْقَمَرِ إِذَا ٱتَّسَقَ ﴿١٨﴾ لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ ﴿١٩﴾ فَمَا لَهُمْ لَا يُؤْمِنُونَ ﴿٢٠﴾ وَإِذَا قُرِئَ عَلَيْهِمُ ٱلْقُرْءَانُ لَا يَسْجُدُونَ ۩ ﴿٢١﴾ ﴾ الانشقاق.

ئەم دیمەن و دیاردە ڕوون و ئاشکرایانەی شەوان کە لەگەڵیان ڕاهاتوین و ئاسایی بونەتەوە لامان، لە داهاتنی شەو و دەرکەوتنی ئەستێرەکان، پاشان مانگی چواردە (کە جوانترین مەنزڵ و قۆناغەکانی مانگە) ئەم زنجیرەیە لە دیاردەکان لەگەڵ بەدوای یەکداهاتنیان هەست بەجوڵە و بزاوتێکی زنجیرەیی و پلەبەندییەکی تایبەت دەکەین.

(الشفق) کاتی ئاوابوونی خۆرە، کاتێک شەو بەدوایدا دێت و ئەستێرەکان دەبینین کە گۆی ئاسمانیان پڕکردووە پێش ئەوەی گەشاوەیی مانگ سەرنجت ڕابکێشێت، بەڵام ئەی دوای شەو چی دێت؟! ئەوە خۆری پرشنگدارە کە لە مانگ ڕازاوەتر و درەوشاوەترە.

هەروا بەم شێوەیەش دەتوانین بڕوانینە هەواڵ و ڕووداو و پێشهاتێک کە هێشتا ڕووی نەداوە و قورئان دەیسەلمێنێت و هەواڵی دڵنیا کەرەوەی لەبارەوە دەدات کە وەک ڕۆژی ڕووناک دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت.

(لَتَرْكَبُنَّ طَبَقًا عَن طَبَقٍ) «لێرەدا (رکوب) کە بەواتای گەڕان بەناو ناوچەکاندا ـ یان چینەکاندا ـ دێت، ئاشکرایە ئەو گەڕانە بە هۆکار و ئامرازی ئاسایی ناکرێت هەر بۆیە گەڕانەکە ئاماژەیە بەو هۆکارە پێشکەوتوانەی کە ئەو گەڕانە نائاساییانەی پێ ئەنجام دەدرێت لە داهاتوودا – وەرگێڕ –».

(رکوب) پێویستی بەگەشت و گەڕان و کۆچکردن هەیە، وەک لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:

( وَٱلْخَيْلَ وَٱلْبِغَالَ وَٱلْحَمِيرَ لِتَرْكَبُوهَا ) هەروەها لە سورەتی (غافر٧٩ –٨٠)دا هاتووە کە: ﴿ ٱللَّهُ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَنْعَٰمَ لِتَرْكَبُوا۟ مِنْهَا وَمِنْهَا تَأْكُلُونَ ﴿٧٩﴾ وَلَكُمْ فِيهَا مَنَٰفِعُ وَلِتَبْلُغُوا۟ عَلَيْهَا حَاجَةً فِي صُدُورِكُمْ وَعَلَيْهَا وَعَلَى ٱلْفُلْكِ تُحْمَلُونَ ﴿٨٠﴾ ﴾ غافر، ئەوەی کەجێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە شێوەی خڕی وەک دەفر، ئەو شێوەیەیە کە جێگیری بەرهەم دەهێنێت و هۆکاری جێگیر بوونی گەردونە، لەو کاتەدا کە هێزی ڕاکێشان نامێنێت و سەر لەنوێ گێڕانەوەی لە ئەنجامی سوڕانەوەدا بەر قەرار دەبێت.

هەربۆیە یەکەم نموونە شاری ئاسمانی (المدینة الفضائیة) لەسەر شێوەی دەفرێکی سوڕاوەدا دروست کراوە، کە کێڵگە و خانوبەرەکان لە لێوارەکەیدان و دەرگاکانی بەرە و سەرەوە سەردەکەویت بۆیان، کە بانەکەی بۆپارێزگاری کردن لەتیشکەکان بە بەرگی درەوشاوەی وەک زیو داپۆشراوە و دانیشتوانەکەی بە خۆشگوزەرانی ژیان بەسەر دەبەن، دوور لە زەمین لەرزە و مارومێروو و نەخۆشی.

لە قورئانی پیرۆزدا کاتێک باس لە شارستانیەتییە کۆنەکانی سەرزەوی کراوە ـ ئەوانەی کە لە ناوچوون و نەماون، پێش دابەزینی قورئان ـ بەشێوەی ڕابردوو باسیان لەبارەوە کراوە، وەک ئەوەی کە لە ( سورەتی هود) دا هاتووە:

﴿ أُو۟لَٰٓئِكَ لَمْ يَكُونُوا۟ مُعْجِزِينَ فِي ٱلْأَرْضِ ﴾ هود: ٢٠.

وە بە دڵنیاییشەوە پێش هاتنی سەردەمی بۆشایی ئاسمان (عصر الفضاء)، هەر هەموو ئەو شارستانیەتیانە لەسەر زەویدا بوون.

بەڵام لەکاتی ئاماژەکردن بە شارستانێتیەکانی داهاتوو، کاتی باسکردنیان لە قورئاندا تەنها ئاماژە بۆ سەر زەوی نەکراوە بەڵکو باسی ئاسمانیش کراوە.

ئەوەتا لەسورەتی (العنکبوت) دا دەفەرموێت: ﴿ وَمَآ أَنتُم بِمُعْجِزِينَ فِي ٱلْأَرْضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ﴾ العنکبوت:٢٢، واتە: ئێوە دەستەوسان نین و دەسکراوەن لە زەوی و لە ئاسمانیشدا.

**ڕووی ئیعجاز لەم بابەتەدا:**

لە بەرهەمەکانی پێشکەوتنی زانستی لەم سەردەمە نوێیەدا، داهێنان و بەرهەمهێنانی هۆکاری پێشکەوتووی گواستنەوە بووە لە ئۆتۆمبیل و کەشتی گەورە و فڕۆکە و تەنانەت کەشتی ئاسمانیش سەرجەمیان لە چوارچێوەی هۆکاری گواستنەوەدان (المراکب) وەلەبەرئەوەی لەکۆتایی دەقە قورئانی یەکەدا بڕگەی (ویخلق مالا تعلمون) هاتووە.

بۆیە دەرکەوتن و پەیدابوون و بەدیهێنان و داهێنانی ئەم هۆکارە نوێیانەی گواستنەوە دەقاودەق دێتەوە لەگەڵ ئەو ئاماژە قورئانیەدا کە لەو دەقەدا هاتووە، کە ئەمەش بەڵگەی حاشا هەڵنەگری ئەو ڕاستییەیە کە بێژەری ئەو ڕاستیە هەر خۆی بەدیهێنەری ئەم گەردونەیە و ئاگادارە بە سەرەتا و کۆتایی و هەموو پێشهاتەکانی گەردوون.

هەروەها بەڵگەی ئەو ڕاستیەشەکە بێگومان گەیەنەر و پەیامبەری ئەم پەیامەش، نێردراو و پەیامبەری ئەوخوایە یە.

ڕاستی فەرمووە خوای باڵادەست کە دەفەرموویت: ﴿ سَنُرِيهِمْ ءَايَٰتِنَا فِي ٱلْءَافَاقِ وَفِيٓ أَنفُسِهِمْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ ٱلْحَقُّ ۗ أَوَلَمْ يَكْفِ بِرَبِّكَ أَنَّهُۥ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ شَهِيدٌ ﴿٥٣﴾ ﴾ فصلت، واتە: بەدڵنیاییەوە لە داهاتوودا بەڵگە ڕاست و دروستەکانیان نیشان دەدەین).

**سەرچاوە:**

کتێبی (هذا محمد رسول الله و براهین رسالته/ د. عبدالله المصلح).

# بارانی ئاسن

**هەیڤ**



**وێنەیەکی کۆمپیوتەری پیشانی دەدات چۆن بارانی ئاسن بە لێزمە لەسەر ڕووی- لومان ١٦ب – دەبارێت**

زانایان تەنێکی گەردوونییان دۆزییەوە ناویان ناوە- لومان 16ب-(Luhman16B) کە (64) تریلیۆن کیلۆمەتر لە ئێمەوە دوورە، ئەم تەنە گەردوونییە بەوە جیادەکرێتەوە کە ئەتمۆسفیرەکەی پڕە لە ئاسنی تواوە، ئەم ئاسنە تواوەیە چڕ دەبێتەوە هەروەک چۆن هەڵمی ئاو چڕ دەبێتەوە، پاشان بەشێوەی بارانی ئاسنیی دێتە خوارەوە، هەروەها ئەم تەنە گەردونییە وەک زەوی هەور و باران و وەرزەکانی هەیە پاک و بێگەردی بۆ خوای گەورە.

نموونە کۆمپیوتەریەکان کە زانایان کێشاویانە پیشانی دەدات لە چینی ئەتمۆسفیری ئەم تەنەدا کە جۆرێکە لە ئەستێرە کورتەبنە قاوەییەکان دڵۆپ هەن کە لە ئاسن و کانزای تر پێکهاتوون، زانایان دەڵێن ئەم دڵۆپانە لە شێوەی هەوردا کۆدەبنەوە و پاشان دەبارێن، ئەم هەورە ئاسنییانە پلەی گەرمییان دەگاتە 927 پلەی سەدی...

ئەم کورتەبنە قاوەییانە بە ئەستێرەی سەرنەکەوتووش ناو دەبرێن و لە هەسارەکانی وەک موشتەری گەورەترن بەڵام لەوە بچوکترن کە توانەوەی ناوکییان تیا ڕووبدات و کە ئەوەش کردارێکی پێویستە تا ئەستێرەکە بدەروشێتەوە، بۆیە سوڕە گەردوونیەکەی بە گەرمی دەست پێ دەکات و درەوشانەوەیەکی کەمی دەبێت و پاشان وردە وردە سارد دەبێتەوە.

**ڕووی ئیعجاز:**

ئەمڕۆ زانایان دوای دروستکردنی چەندین ئامێر و بەکارهێنانی تەقەنی ئاڵۆز بۆیان دەرکەوت کە بۆی هەیە ئاسن بە شێوەی باران بێتە خوارەوە و لە هەسارەیەکدا لە شێوەی ئاسنی ڕەقدا جێگیر ببێت، ئەم دیاردەیە ئەمڕۆ لە ساڵی 2014 دا ئاساییە و زانایان پەسەندی دەکەن بەڵام ڕۆژگارێک بوو بەم فیکرەیە قایل نەدەبوون و بەرپەچیان دەدایەوە.

بەکورتی قورئانی پیرۆز هەواڵی ئەوەی پێداوین کە ئاسن لە ئاسمانەوە بۆ زەوی هاتۆتە خوار، زۆرێکیش هەبوو ئەمەیان بە هەڵەیەکی زانستی دەزانی، بەڵام ئەوەتا ئەمڕۆ زانایانی غەیری مسوڵمان ئەوە دەسەلمێنن کە ئاسن لە ئاسمانەوە دێتە خوار.

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَأَنزَلْنَا ٱلْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَـٰفِعُ لِلنَّاسِ ﴾ الحدید:٢٥.

ئەم ئایەتە پیرۆزە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە ئاسن لە ئاسمان هاتۆتە خوارێ بۆ سەر زەوی، زانایانیش دەڵێن زەوی لە کاتی دروستبوونیدا ئەو کاتەی کە تۆپێکی داگیرساو بوو لە ماوەی ملیۆنان ساڵدا تووشی هاتنە خوارەوەی زۆرێک لە نەیزەکە ئاسنییەکان بوو کە چینەکانی زەوییان بڕی و لە زەویدا جێگیر بوون.

زانایانی ئەمڕۆ دەڵێن: ناکرێت ئاسن لەسەر زەوی دروستبووبێت چونکە گەردی ئاسن پێویستی بە بڕێکی هێجگار زۆر لە وزە هەیە تا دروست ببێت ئەو بڕە وزەیەش تەنها لە ئەستێرە دوورەکاندا هەیە

لێرەوە وردی وشەکانی قورئانمان بۆ دەردەکەوێت و ئەمەش بەڵگەیە کە قورئان کتێبی خوای گەورەیە.

**سەرچاوە:**

پێگەی ( موسوعة الإعجاز العلمي في القرآن و السنة).

# ئەستێرەکان 
# ڕێنیشاندانی کەشت

**هەیڤ**

ئەستێرە پرتکەرە تیشکدەرەکان (الطارق) ئەستێرەی مردوون، گۆڕاون و بوون بە چەکوشی گەردوونی، ئەم ئەستێرانە دادەنرێن بە تازەترین هۆکاری ئاڕاستە و ڕێدەرکردن لە بۆشایی ئاسماندا.. چونکە بە وردییەکی سەرسوڕهێن دەسوڕێنەوە و تیشکی سینی ڕێکوپێک پەخشدەکەن کە هەڵەناکەن و بەوەش لە کاژێرە گەردییەکانیش وردتر و لە پێشترن. توێژەرەوان دەڵێن کاتەکانی دەرچوونی تیشک زۆر وردن بەشێوەیەک دەتوانرێت بەکاربهێنرێن بۆ کەشتکردن بە ئاسماندا چونکە کەشتییەکانی ئاسمان دەتوانن زۆر بە وردی بە بەکارهێنانی سیستمی دیاریکردنی شوێنگەی ئەستێرەکان (GPS) شوێنەکانیان دیارییبکەن بەشێوەیەک کە ڕێژەی هەڵەکردن لەو دیاریکردنەدا لە (5) کیلۆمەتر زیاتر نابێت لە هەر شوێنێکی مەجەڕەدا. کەواتە ئەو ئەستێرانە هۆکارێکن بۆ ڕێنیشاندان و کات و ئاڕاستە و شوێن




سەرچاوە: www.Space.com

# هۆکارن بۆ
# نیبەکانی ئاسمان

و ئاڕاستە و شوێن دیاریکردن. سوپاس بۆ خوای گەورە قورئانی پیرۆز ئاماژەی بۆ ئەم ڕاستییە سەیرە کردووە: ﴿ وَعَلَٰمَٰتٖۚ وَبِٱلنَّجۡمِ هُمۡ يَهۡتَدُونَ ١٦ ﴾ النحل، واتە: «هەروەها نیشانەی زۆری دابینکردووە، بەهۆی ئەستێرەکانیشەوە خەڵکی ڕێی خۆیان دەربکەن» هەروەها: ﴿ وَٱلسَّمَآءِ وَٱلطَّارِقِ ١ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلطَّارِقُ ٢ ٱلنَّجۡمُ ٱلثَّاقِبُ ٣ إِن كُلُّ نَفۡسٖ لَّمَّا عَلَيۡهَا حَافِظٞ ٤ ﴾ الطارق، واتە: «سوێند بە ئاسمان و بە (طارق)، جاتۆ چوزانیت (طارق) چییە؟ ئەستێرەیەکە بە تیشکەکەی تاریکی دەبڕێت، (سوێند بەوانە) هیچ کەس نییە چاودێری نەبێت»، جا هەر وەک چۆن ئەم ئەستێرانە وردن لە کاریاندا بە هەمان شێوە خوای گەورە فریشتەی بۆ داناوین کە زۆر وردکارن و چاودێرمانن و هەموو شتێکمان تۆماردەکەن و هیچیان لەبیرناچێت و هەڵە ناکەن.. کەواتە ئایا ئەم ئایەتە بەڵگە نییە لەسەر ئیعجازی قورئانی پیرۆزا؟





# گەردوون بەردەوام گەورە و فراوان دەبێت

و: فەرهاد ڕەباتی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَٱلسَّمَآءَ بَنَيۡنَٰهَا بِأَيۡيْدٖ وَإِنَّا لَمُوسِعُونَ ٤٧ ﴾ الذاريات، واتە: «ئاسمانمان بەهێز دروستکردووە و بەردەوامیش گەورە و فراوانی دەکەین.» مانای ئەم ئایەتە ڕوونە و ئاماژەیەکی ئاشکرایە بۆ بەردەوام گەشەکردن و فراوانبوونی بنیاتی گەردوون (کە لە ئایەتەکەدا بە ئاسمان ئاماژەی بۆکراوە).

(ئیبن عەباس) و (موجاهید) و (قەتادە) و (سەوری) دەڵێن: ( باید) واتە: بەهێز، هەروەها زانایانی تەفسیر ئاماژەیان بەوەداوە کە وشەی فراوانی دەکەین (اسم فاعل)ە بەشێوەی (جمع) بۆ کرداری (اوسع) کە لە عەرەبیدا مانای بەردەوامی دەگەیەنێت، واتە گەردوون لە فراوانبووندایە لە ڕابردوو و ئێستا و داهاتووشدا، هەتا ئەو کاتەی خوای گەورە ویستی لەسەر بێت.

ئەی دەبێت ئەو فراوانبوونەی گەردوون چۆنبێت؟ کە قورئانی پیرۆز پێش (15) سەدە ئاماژەی پێکردووە!!

لە ڕاستیدا ئەو زەویەی لەسەری دەژین بەشێکە لە چەند هەسارەیەک کە بە دەوری خۆردا دەسوڕێنەوە و پێیان دەوترێت سیستمی خۆر (Solar System)، سیستمی خۆریش لەگەڵ چەند کۆمەڵەیەکی تر و بورجەکاندا گەلە ئەستێرەیەک کە پێیدەڵێن ڕێی کاکێشان (Milky Way) دروستدەکەن.

گەردوونی فراوان وەک بۆشاییەک دەردەکەوێت کە پڕە لە ملیۆنان ملیۆن گەلە ئەستێرە (Galaxys)، هەریەکەیان چەند جیهانێکن مەودای زۆر گەورە لە نێوانیاندایە و لێکیان جیادەکاتەوە وەک چەند دورگەیەک وان لە بۆشاییەکی گەردونیی گەورەدا.

لە سەرەتای سەدەی بیستدا زانایانی گەردوون بۆیاندەرکەوت کە گەلە ئەستێرەکانی گەردوون بەخێراییەکی زۆر لە گەلە ئەستێرەی ئێمە (ڕێگەی کاکێشان) دوور دەکەونەوە، لە دۆزینەوەکانیاندا ئامێرێکیان بەکارهێنا پێی دەڵێن شیتەڵکردنی شەبەنگی ڕووناکیی کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەدا بنەماکانی دانراوە.

لە ساڵی 1915 دا زانای فیزیای بەناوبانگ ئالبێرت ئاینشتاین بیردۆزەکەی بڵاوکردەوە کە پێی دەڵێن بیردۆزی ڕێژەیی گشتی کە تیایدا باسی کشانی گەردوونی کرد بەڵام بۆ ئەوکاتە بیرۆکەیەکی سەیر بوو بۆیە پاشماوەیەک ئاینشتاینیش لەو بۆچوونە کشایە دواوە.

تا ساڵی 1929 زانای گەردوونیی ئەمریکی ئێدوین هابڵ بە تەلیسکۆبەکەی ئەوەی دۆزییەوە کە گەردوون بە ڕاستی لەکشاندایە.

وە لە ساڵی 1931 دا ئاینشتاین و هابڵ لە کالیفۆرنیا بەیەکگەیشتن و پێکەوە بەبۆنەی هاوتایی و یەکبوونی بۆچوونەکەی ئاینشتاین و بینینەکەی هابڵ ئاهەنگیان گێڕا.

# چیرۆکی دەستنوسەکەی ئینجیلی یەهوزا

شوان رابەر

خوای گەورە سەبارەت بە لە خاچدانی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لێبێت) دەفەرموێت: ﴿ وَقَوْلِهِمْ إِنَّا قَتَلْنَا ٱلْمَسِيحَ عِيسَى ٱبْنَ مَرْيَمَ رَسُولَ ٱللَّهِ وَمَا قَتَلُوهُ وَمَا صَلَبُوهُ وَلَـٰكِن شُبِّهَ لَهُمْ ۚ وَإِنَّ ٱلَّذِينَ ٱخْتَلَفُوا۟ فِيهِ لَفِى شَكٍّ مِّنْهُ ۚ مَا لَهُم بِهِۦ مِنْ عِلْمٍ إِلَّا ٱتِّبَاعَ ٱلظَّنِّ ۚ وَمَا قَتَلُوهُ يَقِينًۢا ﴿١٥٧﴾ بَل رَّفَعَهُ ٱللَّهُ إِلَيْهِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿١٥٨﴾ ﴾ النساء.. ئەم ئایەتە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە ئەو قسەیە نابەجێیە کە دەڵێن: ئێمە عیسای مەسیحی پێغەمبەری خوامان کوشت.. ئەوان عیسایان نەکوشتووە و هەڵیشیان نەواسیوە، بەڵکو لەکاتی هێرشکردنە سەر عیسا بۆ کوشتنی لێیان تێکچوو، خوای گەورە یەکێکی تر (یەهوزا)ی بردۆتە سەر شێوەی عیسا و لە جیاتی ئەو لە سێدارەیانداوە، خوای گەورە عیسای بۆلای خۆی بەرزکردۆتەوە، ئەوەش بۆ خوای گەورە زۆر ئاسانە چونکە زۆر دەسەڵاتدار و کاربەجێ و لێزانە..

چیرۆکی ئەم بابەتەشمان لە ساڵی (1972)وە دەست پێ دەکات کاتێک کە یەکێک لە دەستنوسەکانی (نەجع حەممادی) بە زمانی قیبتی دۆزرایەوە، ئەم دەستنوسە بەشێوەی کەشکۆڵێک لەسەر گەڵای بەڕەدی نوسراوە، واتە مێژووەکەی بۆ سەدەی دووەمی زایینی دەگەڕێتەوە – شتێکی زانراویشە کە بەڕەدی ڕووەکێکە لە کەناری ڕووباری نیل دەڕوێ و، بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی سیقانە بەکاردێت و، دەبێتــە گەڵا و وەک پەڕاو بۆ لەسەر نووسین بەکاردێت، شایەنی باسە میسریە کۆنەکان یەکەم کەس بوون نوسینیان لەسەر ئەم گەڵایە کردووە –.

ڕۆژنامەی (واشنتۆن تایمز) لە ژمارەی 2006/4/7 دا، لە بابەتەێکیدا باس لەوە دەکات کە زانایان لە کۆمەڵەی جوگرافیای نێودەوڵەتی پەردەیان لەسەر یەکێک لە دەستنوسە کۆنەکان لاداوە کە لە (ئەلمنیا)ی وڵاتی میسر دۆزراوەتەوە و چەندین ساڵە لە گەنجینەی بانکێکدا پارێزراوە تاوای لێهات دەستنوسەکە مۆرانە لێیبدا و بخورێ و هەڵوەرێ، ئەوانیش بە هەوڵێکی زۆر کۆیان کردەوە و بۆیان دەرکەوت کە ئەوە ئینجیلی یەهوزایە و، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی سێیەمی زایینی، ئەم ئینجیلە بە یەهوزا ناودەبرێ، یەهوزاش یەکێک بووە لە قوتابیانی پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لێبێت)، مێژووی قیبتی باسی یەهوزا دەکات و، بەو پیاوەی لە قەڵەم دەدا کە خیانەتی لە پێغەمبەر عیسا کردووە. لەماوەی 15 ساڵدا توانرا ئەو ئینجیلە چاک و نۆژەن بکرێتەوە و، لە کۆتایی ساڵی 2005 لە زمانی قیبتیەوە تەرجەمەی زمانی ئینگلیزی کرا و، لە ساڵی 2006 وەرگێڕانی ئەم ئینجیلە تەواو کرا، ئەوسا ئەم ئینجیلە لە بازاڕەکان دەفرۆشرا. ئەم ئینجیلە وەک ڕۆژنامەی واشنتۆن تایمز باس دەکات ڕاستەوخۆ لە کۆتاییەکەیدا باسی کۆتایی هاتنی ناردنی پێغەمبەر عیسا دەکات (سەلامی خوای لێبێت) وەک لە دەقە ئینگلیزیەکەیدا هاتووە و دەڵێ: ئەم دەقە مانای وایە کە پێغەمبەر عیسا لە کۆتایی (ئینجیلی یەهوزا)دا قسە لەگەڵ یەهوزا دەکات و بە یەهوزا دەڵێت: ئەی یەهوزا تۆ لەمەودوا لە تەواوی شوێن کەوتە و یاوەرانی من جیا دەبی، تۆ دەبیتە ئەو پیاوەی کە قوربانی دەدەی لەبەرئەوەی لە من دەچیت. هەڵوێستەیەک دەکەین و سەرنج دەدەینە وشەی (یلبیسنی) کە وەرگێڕ لە نوسینیدا دەستەوسانە، لە قوڕئانی پیرۆزیشدا هاتووە کە دەفەرموێت: (شبه لهم)، واتە : لێمان تێکدان، یەهوزامان بە پێغەمبەر عیسا چواند (سەلامی خوای لێبێت) بۆ ئەوەی لە جیاتی ئەو لە سێدارەی بدەن. بەم شێوەیە هەقیقەت و ڕاستییەکە دەردەکەوێت کە پێغەمبەر عیسا (سەلامی خوای لێبێت) لە خاچ نەدراوە، بەڵکو ئەو کەسەی کە لە خاچ دراوە یەهوزای قوتابیەتی. جا ئایا خوای گەورە یەهوزای قوتابی بە عیسا چواند لەبەرئەوەی ناپاکی لەگەڵدا کرد یان یەهوزا بۆخۆی لە پێناو ڕزگاربوونی عیسا (سەلامی خوای لێبێت) قوربانی بەگیانی خۆیدا، قورئان بەدەقی ئایەت ئەوەی باس نەکردووە، وە لێ گاورەکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە یەهوزا خۆی خەیانەتی لەگەڵ عیسا کردووە، پاشان دوای ئەوە خۆی لە خاچ داوە. ئینجیلی یەهوزاش بانگەشەی ئەوە دەکات کە یەهوزا بۆتە قوربانی لەلایەن یەهوزای خاوەن ئەم ئینجیلە لە پێناو عیسادا خوای گەورەش بەوە زاناترە. خوای گەورە و ئیماندارانیش ئاوا گەواهی لەسەر ئەم بابەتە دەدەن کە عیسا (علیه السلام) نەکوژراوە و، لە خاچ نەدراوە، بەڵکو لێیان تێکچووە، یەهوزای هێنایە سەر شێوەی عیسا و ئەویان لەجیاتی ئەو لەسێدارەدا..

شایەنی باسە دوای چاکردنی ئەم دەستنووسە و وەرگێڕانی بۆ زمانی ئینگلیزی ئەم دەستنووسە گەڕێندرایەوە بۆ میسر بەڵام بووە جێی نارەزایی کەنیسەی قیبتی لە میسر، پێگەیەکی عەرەبی هەواڵێکی سەبارەت بە دەستنوسەکانی ئینجیلی یەهوزا بڵاوکردەوە کە: سەرکردایەتی کەنیسە لە میسر زۆر بەتوندی ڕەخنەی لەوڵاتی میسر گرت لەسەر وەرگرتنەوەی ئەم نوسخەیە، بۆیە (د. زاهی حەواس) ئەمینداری گشتی ئەنجوومەنی باڵای شوێنەوارەکانی میسر دووپاتی کردەوە کە دەستەی شوێنەوارەکانی وڵاتی میسر ڕاگەیاندنی دەستنوسی ئینجیلی یەهوزای (ئیسخر یوتی) لەبەر ڕێزگرتن لە هەست و نەستی قیبتیەکان ڕەت دەکاتەوە، لە لێدوانێکیدا بۆ سایتی ئەلعەرەبیە نێت وتی: وڵاتی میسر ئینجیلی یەهوزای لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەرگرتۆتەوە کە تاکە دەستنوسە لە جیهان و، ئێستا لە دەستەی شوێنەواری وڵاتی میسرە و، ئێمە لەلایەن خۆمانەوە ڕێزمان لە خواست و ئارەزووی قیبتیە مەسیحیەکان گرتووە کە دەربارەی ئەو ئینجیلەی یەهوزا هەموو زانیاری بڵاونەکەینەوە و، ئێمە جگە لە پاراستن و هەڵگرتنی ئەم ئینجیلە هیچی ترمان ناوێت، وە دەڵێت: ئێمە ئەم دەستنووسەمان گێڕاوەتەوە لەبەرئەوە نییە کە بڕوامان پێی بێت، بەڵکو لەبەرئەوەمانە کە تەمەنی زیاتر لە 1700 ساڵە، دە ستنو سێکی کۆن و دێرینە و لە خاک و وڵاتی ئێمەدا دۆزراوەتەوە، گێڕانەوەی ئەو شتە دێرینە دزراوانەی خۆمان کە براونەتە دەرەوەی وڵات، هەروەک لە ساڵانی ئەم دواییە هەستایین بە گێڕانەوەی چەندان کەلوپەل و پارچەی تری کۆن و دێرین کە براونەتە دەرەوەی وڵاتمان.



**سەرچاوە:**

www.quran-m.com



# چینی تەنکی ڕۆژ لە ناو شەودا وەک پێستە دادەماڵرێت

**هەیڤ**

خەڵکی وا گومانیان دەبرد کە چینی ڕۆژ هەتا ناکۆتا درێژ دەبێتەوە.. ئەگەر یەکێک لە ڕۆژدا بوەستێت و سەیری ئاسمان بکات وای دەزانی ئەو ڕووناکیە لە زەویەوە هەتا خۆر و مانگ و ئەستێرەکان درێژ دەبێتەوە و لە شەودا دیار نامێنێت، بەڵام قورئانی پیرۆز ئەمەی بەشێوەیەکی جیاواز وەسفکردووە، خوای گەورە لە قورئاندا دووپاتی دەکاتەوە کە چینی ڕۆژ چینێکی زۆر زۆر تەنکە، خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ فَإِذَا هُم مُّظۡلِمُونَ ٣٧ ﴾ یس، واتە: «هەروەها بەڵگەیەکی ئاشکرای تر بۆیان، شەوە، کە چینی ڕۆژی تێدا دادەماڵین، بەوە دنیایان لێ تاریک دەبێت.»

واتە چینی ڕۆژ وەک توێکڵێکی میوە تەنکە و، بەردەوام لەناو شەودا دادەماڵرێت، لە ڕاستیدا زۆر لە موفەسیرەکان هەقیقەتی ئەمەیان نەزانیوە، بەڵام کاتێک زانایان وێنەی ئەم چینە تەنکەیان گرت و وێنەی داماڵینی ڕۆژیان لە ناو شەودا گرت، بابەتەکە زیاتر ڕوونبووەوە.

ئەم وێنەیە بە کەشتی ئاسمانی گیراوە، دەریدەخات ئەگەر چینی ڕۆژ بە گۆی زەوی بەراورد بکەین ئەوا زۆر تەنکە و وەک پێستەیەکی تەنک وایە دەوری زەوی دابێت، بە جۆرێک لە کاتی خولانەوەی زەوی بەدەوری خۆیدا، ئەو چینە تەنکە لە ناو شەودا وەک پێستە دادەماڵرێت، بێگومان ئەستوری چینی ڕۆژ یەک لەسەر سەدی تیرەی زەوی زیاتر نییە، ئەم چینە زۆر تەنکە کە ڕەنگی شینی ڕوونە لە دەوری زەوی، بڕوانە چینی ڕۆژ زۆر تەنکە، بۆ نموونە ملیۆنان کیلۆمەتر درێژ نابێتەوە، بە نزیکەیی لە (100) کیلۆمەتر زیاتر نابێت، بڕوانە تاریکایی لە هەموو لایەکەوە بە تەواوی دەوری زەوی گرتووە، لەگەڵ ئەو تەنکییەی بەڵام ئەو کەسەی لەسەر زەوی دەوەستێت وا گومان دەبات هەتا ناکۆتا بۆ ئاسمان درێژ دەبێتەوە، کەس ناتوانێت هەتا نەچێتە دەرەوەی بەرگە هەوای زەوی ئەم دیمەنەمان بۆ بگرێت و هەرگیز ناتوانێت ببینێت و پێشبینی بکات..

## ڕووی ئیعجاز:

ئەم دوو هەقیقەتە: (تەنکی چینی ڕۆژ بە بەراورد بە هەموو زەوی)، (چینی ڕۆژ لە ناو شەودا)، لەسەردەمی پێغەمبەردا نهێنی بوون و نەزانراو بوون، بەڵام ئەم ڕاستیە زانستیە لە چەندین ئایەتی قورئاندا ئاماژەی پێ دراوە لەوانە ئایەتی: ( وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ) واتە: ئایەت و نیشانەیەک بۆیان شەوە کە ڕۆژ تیایدا دادەماڵرێت.

بڕوانە ئایەتەکە فەرمووی ڕۆژ لە ناو شەودا دادەماڵرێت بەڵام ئایەتێک لە قورئاندا نابینین بفەرموێت شەو لە ڕۆژدا دادەماڵرێت چونکە ئەوەی ئەم ئایەتەی فەرمووە هەر ئەوە ئاگاداری نهێنیەکانی ئاسمانەکان و زەویە، بۆیە سێ جار لە قورئاندا بەم شێوەیە هاتووە:

(يُغۡشِى ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ ) واتە: شەو چینی ڕۆژ دادەپۆشێت.. تەنیا یەک جاریش لە قورئاندا پێچەوانەکەی نەهاتووە، واتە بفەرموێت ڕۆژ شەو دادە پۆشێت، چونکە ئەوە بوونی نیە، لە کاتێکدا لەسەردەمی دابەزینی قورئاندا ئەم دیاردەیە نهێنی و نەزانراو بووە.

لەبەرئەوە ئایەتی: ( وَءَايَةٌ لَّهُمُ ٱلَّيۡلُ نَسۡلَخُ مِنۡهُ ٱلنَّهَارَ) ئیعجازی زانستیی تێدایە و ئاماژە دەدات کە چینی داماڵراو توێژێکی تەنکە لە چاو ئەوەی لێی دادەماڵرێت، ئەمەش وێنەیەکی ڕاستەقینەیە و بە مانگە دەستکردەکان گیراوە و ڕاستی ئایەتە پیرۆزەکە دەسەلمێنێت.

# ئیعجازی خوێندنەوەکانی قورئان

بەشی -٣-

د. دیاری احمد اسماعیل

diaryismaeil@yahoo.com

ڕیوایەتی (موتەواتیر) مەرجی سەرەکییە بۆ خوێندنەوەی قورئان بەشێوازێکی ڕاست و دروست. تەنانەت ئەگەر وشەیەک لەڕووی زمانەوانییەوە (بەبێ ڕیوایەت) بتوانرێت بخوێنرێتەوە، دروست نییە.. (ئەصمەعی) لە (مازینی) پرسیوە: «ڕات چییە لەسەر خوێندنەوەی ئەم ئایەتە: ﴿ إِنَّا كُلَّ شَيْءٍ خَلَقْنَاهُ بِقَدَرٍ ﴿٤٩﴾ ﴾ القمر، « (مازینی) وتی: «سیبەوەیهی پێی وایە خوێندنەوەی (كُلَّ) باشتر وایە بە (مرفوع)ی بخوێنرێتەوە، نەک بە (منصوب)ی بەپێی ڕێزمانی عەرەبی. چونکە (فعل)ەکە ڕاناوی پێوە نەنوسراوە و، هیچ شتێک پەیوەندی بە (فعل)ەکەوە نییە. بەڵام کۆی قورئان خوێنان (القراء) کۆدەنگن لەسەر خوێندنەوەی بە (منصوب)ی و، ئێمەش هەروای دەخوێنینەوە، چونکە قورئان خوێندنەوە سوننەتە» [١].

وەک لە بەشی دووەمی ئەم بابەتەدا ئاماژەمان پێدا: شێوازی نوسینەوەی قورئان موراعاتی خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی قورئانی کردووە، کە هەموویان بە ڕێگەی (موتەواتیر) پێمان گەیشتووە. هەروەها پابەندبوون بە (ڕێنوسی عوسمانی)ەوە مەرجێکی تری دروستیی خوێندنەوەی قورئانە. ئەوەشمان بۆ دەرکەوت کە (ڕێنوسی عوسمانی) لە نوسینەوەی وشەیەکدا ئەگەری چەند خوێندنەوەیەک هەڵدەگرێت. لەو نموونانە ڕێنوسی (الریح) دوو وشەی (الریح) و (الریاح)ی لەخۆگرتووە، کە دوو خوێندنەوەی دروستن: (الریح) بە حەقیقی، و (الریاح) بە ئەگەریی.. بیست و نۆ جار وشەی (ریح) و هاوشێوەکانی لە قورئاندا هاتوون، هەموویان بە (ریح) نوسراون، تەنها یەک جار نەبێت کە بە (ریاح) نوسراوە. ئەوانەش: (ریح: ٥ جار- بریح: ١ جار- ریحا: ٤ جار- ریحكم: ١ جار- الریح: ١٧ جار- الریاح: ١ جار).. وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

| وشە | سورەت | ئایەت | ئەوانەی بە (ریح) دەیخوێننەوە | ئەوانەی بە (ریاح) دەیخوێننەوە |
|---|---|---|---|---|
| ریح | آل عمران | 117 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | یونس | 22 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | یونس | 22 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | یوسف | 94 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | الأحقاف | 24 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| بریح | الحاقة | 6 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| ریحاً | الروم | 51 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | الأحزاب | 9 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | فصلت | 16 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | القمر | 19 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| ریحكم | الأنفال | 46 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| الریح | البقرة | 164 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | الأعراف | 57 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | إبراهیم | 18 | ئەوانی تر | نافیع و ئەبوجەعفەر |
| | الحجر | 22 | حەمزە | ئەوانی تر |
| | الإسراء | 69 | ئەوانی تر | ئەبوجەعفەر |
| | الكهف | 45 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | الأنبیاء | 81 | ئەوانی تر | ئەبوجەعفەر |
| | الحج | 31 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | الفرقان | 48 | ئیبن کەسیر | ئەوانی تر |
| | النمل | 63 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | الروم | 48 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | فاطر | 9 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | سبأ | 12 | ئەوانی تر | ئەبوجەعفەر |
| | ص | 36 | ئەوانی تر | ئەبوجەعفەر |
| | الشوری | 33 | ئەوانی تر | نافیع و ئەبوجەعفەر |
| | الجاثیة | 5 | حەمزە و کیسائی و خەلەف | ئەوانی تر |
| | الذاریات | 41 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| الریاح | الروم | 46 | — | هەموو ڕیوایەتەکان |

تجمع على (ارواح) و (الریح) أیضاً الغلبة والقوة ومنه قوله تعالى: ﴿ وَتَذْهَبَ رِيحُكُمْ ﴾ [٢]. وەک زانایانی زمانەوانی باسیان لێوەکردووە، بەکارهێنانی وشەی (ریاح) بە شێوەیەکی گشتی مەبەست پێی ڕەحمەت و خۆشیە. بەڵام بەکارهێنانی وشەی (ریح) بە شێوەیەکی گشتی مەبەست پێی سزا و ناخۆشییە، وەک قورتوبی دەڵێت: «ئەوانەی بە تاک (الریح) دەیخوێننەوە لەبەر ئەوەی ناوی توخمە (اسم الجنس)، بەڵگەیە لەسەر کەم و زۆریش.. ئەوانەش بە (کۆ) دەیخوێننەوە (الریاح) لەبەر جیاوازی ئەو ئاڕاستانەی کە باکەی لێوە هەڵدەکات.. ئەوانەش بە (کۆ) لەگەڵ ڕەحمەت دیخوێننەوە و، بە (تاک) یش لەگەڵ عەزابدا لەبەر ئەوەی ئەوە باوە (غالب) لە قورئاندا وەک (الریاح مبشرات) و (الریح العقیمة). چونکە لە قورئاندا بە (کۆ): (الریاح) لەگەڵ ڕەحمەتدا هاتووە و، بە (تاک)یش: (الریح) لەگەڵ عەزابدا هاتووە، تەنها لە سورەتی (یونس) دا نەبێت: ﴿ وَجَرَيْنَ بِهِم بِرِيحٍ طَيِّبَةٍ ﴾، هەروەها لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) گێڕدراوەتەوە کە کاتێک با هەڵیکردبێت دەیفەرموو: (اللهم اجعلها ریاحاً ولا تجعلها ریحاً) -مسند الإمام الشافعي ج١، ص٨١. [٣]

مەبەستمان لە وردیی ڕێنووسی قورئانی لەم وشەیەدا ئەوەیە هەرکاتێک ئایەتەکە تەنها ئاماژەی بە عەزاب کردبێت لە هەموو ڕیوایەتەکاندا بە (الریح) دەخوێنرێتەوە. هەر کاتێکیش تەنها ئاماژەی بە ڕەحمەت کردبێت لە هەموو ڕیوایەتەکاندا بە (الریاح) دەخوێنرێتەوە. بەڵام هەر کاتێک ئەگەری هەردوو ماناکەی تێدا بێت، لە ڕیوایەتە جۆراوجۆرەکاندا بە هەردوو (الریح) و (الریاح)یش دەخوێنرێتەوە.

لەم ئایەتانەدا تەنها ئاماژەی بە عەزاب کردووە، بۆیە لە هەموو ڕیوایەتەکاندا بە (الریح) دەخوێنرێتەوە:

* ﴿ مَثَلُ مَا يُنفِقُونَ فِي هَٰذِهِ الْحَيَاةِ الدُّنْيَا كَمَثَلِ رِيحٍ فِيهَا صِرٌّ أَصَابَتْ حَرْثَ قَوْمٍ ظَلَمُوا أَنفُسَهُمْ فَأَهْلَكَتْهُ ﴾ آل عمران:١١٧، کە باسی بایەک دەکات ساردیەکی زۆری تێدایە و دەینێرێت بۆ ئەوانەی ستەمیان لە خۆیان کردووە (واتە موشریکن) و تیایان دەبات.

* ﴿ بَلْ هُوَ مَا اسْتَعْجَلْتُم بِهِ ۖ رِيحٌ فِيهَا عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٤﴾ ﴾ الاحقاف: باسی ناردنی سزای قەومی (عاد) دەکات و ئاماژە بە (عذاب ألیم) دەکات.

* ﴿ وَأَمَّا عَادٌ فَأُهْلِكُوا بِرِيحٍ صَرْصَرٍ عَاتِيَةٍ ﴿٦﴾ ﴾ الحاقة، باسی تیاچوونی قەومی (عاد) دەکات بە بایەکی ساردی بەهێز. هەروەها لەم ئایەتانەشدا: ﴿ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي أَيَّامٍ نَّحِسَاتٍ لِّنُذِيقَهُمْ عَذَابَ الْخِزْيِ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا ﴾ فصلت:١٦. ﴿ كَذَّبَتْ عَادٌ فَكَيْفَ كَانَ عَذَابِي وَنُذُرِ ﴿١٨﴾ إِنَّا أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا صَرْصَرًا فِي يَوْمِ نَحْسٍ مُّسْتَمِرٍّ ﴿١٩﴾ ﴾ القمر. ﴿ وَفِي عَادٍ إِذْ أَرْسَلْنَا عَلَيْهِمُ الرِّيحَ الْعَقِيمَ ﴿٤١﴾ ﴾ الذاريات.

* ﴿ وَلَئِنْ أَرْسَلْنَا رِيحًا فَرَأَوْهُ مُصْفَرًّا لَّظَلُّوا مِن بَعْدِهِ يَكْفُرُونَ ﴿٥١﴾ ﴾ الروم، کە باسی بایەکی توند دەکات و کشتوکاڵەکەیان زەرد هەڵدەگەڕێنێت.

* ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اذْكُرُوا نِعْمَةَ اللَّهِ عَلَيْكُمْ إِذْ جَاءَتْكُمْ جُنُودٌ فَأَرْسَلْنَا عَلَيْهِمْ رِيحًا وَجُنُودًا لَّمْ تَرَوْهَا ﴾ الاحزاب:٩، باس لەو بایە دەکات کە خوای گەورە ناردی بۆ بێ باوەڕەکانی کە هاتبوون ئیسلام بنەبڕبکەن بە حیسابی خۆیان لە شەڕی خەندەقدا.

* ﴿ وَمَن يُشْرِكْ بِاللَّهِ فَكَأَنَّمَا خَرَّ مِنَ السَّمَاءِ فَتَخْطَفُهُ الطَّيْرُ أَوْ تَهْوِي بِهِ الرِّيحُ فِي مَكَانٍ سَحِيقٍ ﴿٣١﴾ ﴾ الحج، باسی حاڵەتی شەریکدەرەکان دەکات بۆ خوای گەورە، کە وەکو ئەوە وایە بکەونە خوارەوە لە ئاسمان و بایەکی توند بیانباتە جێگەیەکی دوور.. کە دیارە تەنها عەزاب و مەینەتیە.

لەو ئایەتانەی سەرەوە کاتێک باسی (با) دەکرێت تەنها عەزابی پێوەیە و هیچ ڕەحمەت و خۆشیەکی لێوە بەدی ناکرێت.. لەگەڵ ئەوەی ڕێنووسی (ريح) هەردوو خوێندنەوەکە (ريح) و (رياح) هەڵدەگرێت –وەک باسمان کرد– بەڵام هیچ لە ڕیوایەتەکان بە (رياح) نایخوێننەوە.

کۆمەڵەی دووەم لە ئایەتەکان بریتین لەو ئایەتانەی کە هەردوو خوێندنەوەی (ريح) و (رياح) ڕیوایەتکراوە تیایاندا، کە ڕێنووسی (الريح) هەردوو خوێندنەوەکە هەڵدەگرێت، لەم ئایەتانەدا –بە پێچەوانەی کۆمەڵەی یەکەم– لەگەڵ ئەوەی (با)کە توندە و دەبێتە زیان گەیاندن بەڵام هەر خوێندنەوەی خێر و چاکەشی لێ دەکرێت:

* ﴿ مَّثَلُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِرَبِّهِمۡۖ أَعۡمَٰلُهُمۡ كَرَمَادٍ ٱشۡتَدَّتۡ بِهِ ٱلرِّيحُ فِي يَوۡمٍ عَاصِفٖۖ لَّا يَقۡدِرُونَ مِمَّا كَسَبُواْ عَلَىٰ شَيۡءٖۚ ﴾ ابراهيم:١٨، باسی کاری چاکەی بێ باوەڕان دەکات کە لەگەڵ ئەوەی هەندێ سوودی دونیایی تێدایە و خەڵکی لەوانەیە سوودیشیان لێ وەربگرن بەڵام پاداشتەکەی وەرناگرن، وەک ئەو خۆڵەمێشە وایە کە بەر بایەکی توند بکەوێت.. کەواتە سزا و خێر و سوود وەرگرتنیش لە چاکەکانیان لەیەک ئایەتدا باسکراوە.

* ﴿ أَمۡ أَمِنتُمۡ أَن يُعِيدَكُمۡ فِيهِ تَارَةً أُخۡرَىٰ فَيُرۡسِلَ عَلَيۡكُمۡ قَاصِفٗا مِّنَ ٱلرِّيحِ فَيُغۡرِقَكُم بِمَا كَفَرۡتُمۡ ﴾ الإسراء: ٦٩ ، باس لەو (با) یە دەکات کە لە ناو دەریادا هەڵدەکات کە سوودی هەیە بۆ کەشتیەکان، بەڵام لەم کاتەدا بۆ کافرەکان خوای گەورە دەیکات بە سزا و نوقمیان دەکات.

* ﴿ وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ عَاصِفَةٗ تَجۡرِي بِأَمۡرِهِۦٓ إِلَى ٱلۡأَرۡضِ ٱلَّتِي بَٰرَكۡنَا فِيهَاۚ ﴾ الانبياء: ٨١. ﴿ وَلِسُلَيۡمَٰنَ ٱلرِّيحَ غُدُوُّهَا شَهۡرٞ وَرَوَاحُهَا شَهۡرٞۖ ﴾ سبأ: ١٢. ﴿ فَسَخَّرۡنَا لَهُ ٱلرِّيحَ تَجۡرِي بِأَمۡرِهِۦ رُخَآءً حَيۡثُ أَصَابَ ٣٦ ﴾ص، باسی ئەو بایە دەکەن کە خوای گەورە بۆ پێغەمبەر سولەیمان (سەلامی خوای لێ بێت)ی موسەخخەر کردبوو کە لە هەندێ جار بە نەرمی (رخاءً) و هەندێ جاریش بە توندی (عاصفة) دەڕۆیشت، بە پێی ئەمری خوای گەورە و ئەو مەبەستەی کە باکەی بۆ هەڵدەکرا، کە دەگونجێت ڕەحمەت بێت، یان عەزاب.

* ﴿ إِن يَشَأۡ يُسۡكِنِ ٱلرِّيحَ فَيَظۡلَلۡنَ رَوَاكِدَ عَلَىٰ ظَهۡرِهِۦٓۚ ﴾الشورى:٣٣، باس لە ویستی خوای گەورە دەکات کە بیەوێت (با) توند دەکات لە دەریاکاندا، کە بۆ عەزابە. یان ڕایدەگرێت، واتە بۆ ڕەحمەت.

* ﴿ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٦٤ ﴾ البقرة. ﴿ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ ءَايَٰتٞ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ٥ ﴾ الجاثية، باسی (با) دەکات بە گشتی. هەندێک جار بە ڕەحمەت دێت و هەندێک جاری تریش بە عەزاب.

* ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِي يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦۖ حَتَّىٰٓ إِذَآ أَقَلَّتۡ سَحَابٗا ثِقَالٗا سُقۡنَٰهُ لِبَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَنزَلۡنَا بِهِ ٱلۡمَآءَ فَأَخۡرَجۡنَا بِهِۦ مِن كُلِّ ٱلثَّمَرَٰتِۚ ﴾ الاعراف:٥٧، کە ئەصل تیایدا بای ڕەحمەتە و، باسی ڕەحمەتی خوا دەکات (بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦ) لەبەر ئەوەش زۆربەی ڕیوایەتەکان بە (الرياح) دەیخوێننەوە.. بەڵام بە سەیرکردنی ئایەتی پێش و پاشی ئەم ئایەتە دەردەکەوێت کە خوای گەورە نموونە دێنێتەوە پاش ئامۆژگاری کردنی مرۆڤ کە (افساد) نەکەن ﴿ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا ﴾الاعراف:٥٦. کە ئەگەر وا بکەن بای ڕەحمەت خوای گەورە ویستی بێت دەیکاتە عەزاب و، لە ئایەتی دووایشدا باسی ئەوە دەکات خاکی پاک بەروبوومی پاکی دەبێت، خاکی پیسیش هەر دڕک و داڵی لێ دەردەچێت: ﴿ وَٱلۡبَلَدُ ٱلطَّيِّبُ يَخۡرُجُ نَبَاتُهُۥ بِإِذۡنِ رَبِّهِۦۖ ﴾ الاعراف:٥٨.

* ﴿ وَأَرۡسَلۡنَا ٱلرِّيَٰحَ لَوَٰقِحَ فَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ فَأَسۡقَيۡنَٰكُمُوهُ وَمَآ أَنتُمۡ لَهُۥ بِخَٰزِنِينَ ٢٢ ﴾ الحجر. ﴿ وَهُوَ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦۚ وَأَنزَلۡنَا مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءٗ طَهُورٗا ٤٨ ﴾ الفرقان. ﴿ أَمَّن يَهۡدِيكُمۡ فِي ظُلُمَٰتِ ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِ وَمَن يُرۡسِلُ ٱلرِّيَٰحَ بُشۡرَۢا بَيۡنَ يَدَيۡ رَحۡمَتِهِۦٓۗ ﴾ النمل: ٦٣. ﴿ وَٱللَّهُ ٱلَّذِيٓ أَرۡسَلَ ٱلرِّيَٰحَ فَتُثِيرُ سَحَابٗا فَسُقۡنَٰهُ إِلَىٰ بَلَدٖ مَّيِّتٖ فَأَحۡيَيۡنَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ مَوۡتِهَاۚ كَذَٰلِكَ ٱلنُّشُورُ ٩ ﴾ فاطر، باس لەوە دەکات کە خوای گەورە (با) دەنێرێت بۆ پیتاندن کە دەکرێت بای لەسەرخۆ بێت یان بەهێز، بە تایبەتی بۆ پیتاندنی هەورەکان کە دەبێت بەهێز بێت.

* ﴿ وَٱضۡرِبۡ لَهُم مَّثَلَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا كَمَآءٍ أَنزَلۡنَٰهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ فَٱخۡتَلَطَ بِهِۦ نَبَاتُ ٱلۡأَرۡضِ فَأَصۡبَحَ هَشِيمٗا تَذۡرُوهُ ٱلرِّيَٰحُۗ ﴾ الكهف:٤٥، باس لە نرخی ژیانی دونیا دەکات لەگەڵ ئەوەی کێڵگەی قیامەتە و شوێنی خێرکردنە، بەڵام نرخەکەی هەر ئەوەندەیە کە بایەک بیداتە پوش و پەڵاش نەک تەنها بای بەهێز بەڵکو بایەکی سوکیش دەتوانێت پەرشوبڵاویان بکاتەوە. لەبەر ئەوە بە هەردوو ڕیوایەتەکە هاتووە.

بەڵام لە ئایەتی ﴿ وَمِنۡ ءَايَٰتِهِۦٓ أَن يُرۡسِلَ ٱلرِّيَاحَ مُبَشِّرَٰتٖ وَلِيُذِيقَكُم مِّن رَّحۡمَتِهِۦ ﴾ الروم:٤٦. تەنها بە (الرياح) دەخوێنرێتەوە و، لە ڕێنووسی قورئانیشدا بە (الرياح) نوسراوە چونکە خوێندنەوەی (الريح)ی تێدا نیە.

ماوەتەوە بڵێین: دوو جار وشەی (ريح) لە سورەتی (یونس)دا ئایەتی ٢٢دا هاتووە: ﴿ هُوَ ٱلَّذِي يُسَيِّرُكُمۡ فِي ٱلۡبَرِّ وَٱلۡبَحۡرِۖ حَتَّىٰٓ إِذَا كُنتُمۡ فِي ٱلۡفُلۡكِ وَجَرَيۡنَ بِهِم بِرِيحٖ طَيِّبَةٖ وَفَرِحُواْ بِهَا جَآءَتۡهَا رِيحٌ عَاصِفٞ وَجَآءَهُمُ ٱلۡمَوۡجُ مِن كُلِّ مَكَانٖ وَظَنُّوٓاْ أَنَّهُمۡ أُحِيطَ بِهِمۡ دَعَوُاْ ٱللَّهَ مُخۡلِصِينَ لَهُ ٱلدِّينَ لَئِنۡ أَنجَيۡتَنَا مِنۡ هَٰذِهِۦ لَنَكُونَنَّ مِنَ ٱلشَّٰكِرِينَ ٢٢ ﴾، کە لە هەموو ڕیوایەتەکاندا بە (ريح) دەخوێنرێتەوە.. لە دووەمیاندا باسی عەزاب دەکات و بە (ريح) نوسراوە، بەڵام لە یەکەمیاندا باسی خەیر و خۆشی دەکات و هەر بە (ريح) دەخوێنرێتەوە نەک (رياح).. لێرەدا ئیشکال نیە چونکە لە یەک شوێندا هاتووە و لەسەر بنەمای (إذا اجتمعتا تفرقا، وإذا تفرقتا اجتمعا)، واتە: (ئەگەر دوو وشە بەیەکەوەبن ماناکانیان جیاوازە و، ئەگەر بە جیا بوون — لە یەک ڕستە یان دەستەواژەدا نەبن– لەوانەیە ماناکانیان وەک یەک بێت). کەواتە دوو مانای جیاواز دەدەن. ئەمە جگە لەوەی لە یەکەمیاندا موقارەنە کراوە بە (طَيِّبَةٖ) و لە دووەمیاندا بە (عَاصِفٞ).. واتە هەردەبێت ئەو دوو مانایە جیاواز بن.

وشەی (ريحكم) لە سورەتی (الانفال)دا باسی (با) ناکات، بەڵکو بە واتای هێز هاتووە: ﴿ وَأَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَا تَنَٰزَعُواْ فَتَفۡشَلُواْ وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡۖ وَٱصۡبِرُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ مَعَ ٱلصَّٰبِرِينَ ٤٦ ﴾ الانفال. کە ئەمەش یەکێکە لە ماناکانی (ريح)، وەک لە (مختار الصحاح)دا هاتووە: (و(الريح أيضا الغلبة والقوة ومنه قوله تعالى: «وَتَذۡهَبَ رِيحُكُمۡ» )[4].. واتە بە هیچ شێوەیەک باسی (با) ناکات. بۆیە هەموو ڕیوایەتەکان بە (ريح) دەیخوێننەوە.

هەروەها وشەی (ريح) لە سورەتی (یوسف)دا باسی بۆن دەکات: ﴿ وَلَمَّا فَصَلَتِ ٱلۡعِيرُ قَالَ أَبُوهُمۡ إِنِّي لَأَجِدُ رِيحَ يُوسُفَۖ ﴾ یوسف: ٩٤. واتە: (جا کاتێ کاروانەکە —لە میسر– دەرچوو، باوکیان وتی: بە ڕاستی من بۆنی یوسف هەست پێ دەکەم.. )[5].

نموونەی دووەم: ڕێنوسی (الميت)ە، کە دوو وشەی (الميت) بە (شەددە)وە و (الميت) بێ (شەددە) لەخۆی دەگرێت، کە دوو خوێندنەوەی دروستن.. بیست و شەش جار وشەی (ميت) و هاوشێوەکانی لە قورئاندا هاتوون، هەموویان بە (ميت) نوسراون، ئەوانەش: (ميتا: ٥ جار– الميته: ٦ جار– الميت: ١٢ جار — ميتون: ٢ جار — بميتين: ١ جار).

وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

| وشە | سورەت | ئایەت | ئەوانەی بە (شەددە) دەیخوێننەوە | ئەوانەی بە بێ (شەددە) دەیخوێننەوە |
|---|---|---|---|---|
| ميتا | الأنعام | 122 | نافیع و ئەبو جەعفەر و یەعقوب | ئەوانی تر |
| | الفرقان | 49 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | الزخرف | 11 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | الحجرات | 12 | نافیع و ئەبو جەعفەر و ڕوەیس | ئەوانی تر |
| | ق | 11 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| الميتة | البقرة | 173 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | المائدة | 3 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | الأنعام | 139 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | الأنعام | 145 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | النحل | 115 | ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| | يس | 33 | نافیع و ئەبو جەعفەر | ئەوانی تر |
| الميت | آل عمران | 27 | ئەوانی تر | ئەبوعەمرو ئیبن کەسیرو ئیبن عامیرو شوعبە |
| | آل عمران | 27 | ئەوانی تر | ئەبوعەمرو ئیبن کەسیرو ئیبن عامیرو شوعبە |
| | الأنعام | 95 | ئەوانی تر | ئەبوعەمرو ئیبن کەسیرو ئیبن عامیرو شوعبە |
| | الأنعام | 95 | ئەوانی تر | ئەبوعەمرو ئیبن کەسیرو ئیبن عامیرو شوعبە |
| | الأعراف | 57 | ئەوانی تر | ئەبوعەمرو ئیبن کەسیرو ئیبن عامیرو شوعبە و یەعقوب |
| | يونس | 31 | ئەوانی تر | ئەبوعەمر و ئیبن کەسیر و ئیبن عامیر و شوعبە |
| | يونس | 31 | ئەوانی تر | ئەبوعەمر و ئیبن کەسیر و ئیبن عامیر و شوعبە |
| | إبراهيم | 17 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | الروم | 19 | ئەوانی تر | ئەبوعەمر و ئیبن کەسیر و ئیبن عامیر و شوعبە |
| | الروم | 19 | ئەوانی تر | ئەبوعەمر و ئیبن کەسیر و ئیبن عامیر و شوعبە |
| | فاطر | 9 | ئەوانی تر | ئەبوعەمر و ئیبن کەسیر و ئیبن عامیر و شوعبە و یەعقوب |
| ميتون | الزمر | 30 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | المؤمنون | 15 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| | الزمر | 30 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |
| بميتين | الصافات | 58 | هەموو ڕیوایەتەکان | — |

لە (المعجم الوسيط)دا هاتووە: ((الميت) الذي فارق الحياة، والجمع أموات. (الميت) الميت ومن في حكم الميت، والجمع أموات وموتى )(٦). هەر کاتێک بە (شدە) بخوێنرێتەوە لای قورئان خوێنان مەبەستیان پێی ئەوەیە کە نەمردووە. (پێشەوا شاتیبی) دەڵێت: (وما لم يمت للكل جاء مثقلا..). مەککی دەڵێت: (لەبەر ئەوە کۆکن لەسەر ئەوەی کە (تەشدید) بۆ ئەوەیە کە نەمردبێت.. (تەخفیف)یش بۆ هەردوو دەبێت، مردبێت یان نا)(٧). کەواتە هەرکاتێک وشەی (الميت) بە بێ (شدە) هاتبێت هەردوو مانای مردنی تەواوەتی و مەجازیش دەگەیەنێت. بەڵام لەگەڵ (شدە)دا مردنی ڕاستەقینە ناگەیەنێت. لەبەر ئەوە لەو ئایەتانەی کە هەموو ڕیوایەتەکان بە (شدە) دەیخوێننەوە، ئەوانەی کە مەبەستن پێی نەمردوون، یان جارێ نەمردوون:

* ﴿وَيَأْتِيهِ الْمَوْتُ مِن كُلِّ مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ﴾ ابراهيم:١٧. ﴿أَفَمَا نَحْنُ بِمَيِّتِينَ ﴿٥٨﴾ إِلَّا مَوْتَتَنَا الْأُولَىٰ وَمَا نَحْنُ بِمُعَذَّبِينَ ﴿٥٩﴾﴾الصافات.: باسی حاڵی کافران دەکات لە دۆزەخدا، لەگەڵ ئەو سزایەی تێیدان، بەڵام نامرن.

* ﴿إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾﴾الزمر. ﴿ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾﴾ المؤمنون، دیارە باسی مردنیان دەکات لە داهاتوودا، بەڵام هێشتا نەمردوون.

بەڵام لەو ئایەتانەی کە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە، دەکرێت مەبەست پێی بە ڕاستی مردبن، یان جارێ نەمردبن، یان وەک نموونەیەک بۆ تێگەیشتن: * ﴿أَوَمَن كَانَ مَيْتًا فَأَحْيَيْنَاهُ وَجَعَلْنَا لَهُ نُورًا يَمْشِي بِهِ فِي النَّاسِ كَمَن مَّثَلُهُ فِي الظُّلُمَاتِ لَيْسَ بِخَارِجٍ مِّنْهَا﴾ الانعام: ١٢٢، باسی هیدایەت دەکات. مردووش لێرەدا مەبەستی پێی بێ باوەڕانە. دوایش بەراورد دەکات لە نێوان ئەوەی لە ڕووناکی ئیماندا دەژی لەگەڵ ئەوەی هەر لە تاریکی بێ باوەڕیدا ماوەتەوە.. ئەکرێت باسی مردنی ڕاستەقینەش بکات. بۆیە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە.

* ﴿رِّزْقًا لِّلْعِبَادِ وَأَحْيَيْنَا بِهِ بَلْدَةً مَّيْتًا كَذَٰلِكَ الْخُرُوجُ ﴿١١﴾﴾ق. ﴿وَآيَةٌ لَّهُمُ الْأَرْضُ الْمَيْتَةُ أَحْيَيْنَاهَا وَأَخْرَجْنَا مِنْهَا حَبًّا فَمِنْهُ يَأْكُلُونَ ﴿٣٣﴾﴾يس. ﴿وَهُوَ الَّذِي يُرْسِلُ الرِّيَاحَ بُشْرًا بَيْنَ يَدَيْ رَحْمَتِهِ حَتَّىٰ إِذَا أَقَلَّتْ سَحَابًا ثِقَالًا سُقْنَاهُ لِبَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَنزَلْنَا بِهِ الْمَاءَ فَأَخْرَجْنَا بِهِ مِن كُلِّ الثَّمَرَاتِ﴾الأعراف: ٥٧. ﴿وَاللَّهُ الَّذِي أَرْسَلَ الرِّيَاحَ فَتُثِيرُ سَحَابًا فَسُقْنَاهُ إِلَىٰ بَلَدٍ مَّيِّتٍ فَأَحْيَيْنَا بِهِ الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا كَذَٰلِكَ النُّشُورُ ﴿٩﴾﴾ فاطر، باسی سەوزبوونەوەی زەوی مردوو دەکەن، دوای مردنی لە وشکیدا، جا چۆن خوای گەورە جارێکی تر بە باران زیندوویان دەکاتەوە. لە هەمان کاتدا ئەمانە نموونەن لەسەر زیندوبوونەوەی مرۆڤەکان لە ڕۆژی دواییدا، کە جارێ نەمردوون: ﴿وَكَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ﴾.. ﴿كَذَٰلِكَ الْخُرُوجُ﴾.. ﴿كَذَٰلِكَ النُّشُورُ﴾.. بۆیە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە.

* ﴿وَلَا يَغْتَب بَّعْضُكُم بَعْضًا أَيُحِبُّ أَحَدُكُمْ أَن يَأْكُلَ لَحْمَ أَخِيهِ مَيْتًا فَكَرِهْتُمُوهُ﴾الحجرات: ١٢، شوبهاندنی غەیبەت بە خواردنی گۆشتی برا موسڵمانەکەی دەکات. یان لەبەر ئەوەی خواردنی گۆشتی مردوو قێزەونە کە جارێ براکەی نەمردووە، لەبەر ئەوە غەیبەت شتێکی قێزەونە.. یان لەبەر ئەوەی غەیبەتی موسڵمان وەک ئەوە وابێت کە گۆشتەکەی بخۆیت و ئەویش مردبێت، کەواتە زیانی پێ ناگەیەنێت. (ئیبن جەوزی) دەڵێت: (نافع (میتا)ی بە (شدە) خوێندۆتەوە. (زەججاج) دەڵێت: ڕوونکردنەوەی ئەوەیە: باسکردنی یەکێک کە ئامادە نەبێت وەکو ئەوە وایە گۆشتەکەی بخۆیت و ئەویش مردووە و هەستی پێ ناکات)(٨). بۆیە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە.

* ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ بِهِ لِغَيْرِ اللَّهِ﴾البقرة: ١٧٣. ﴿حُرِّمَتْ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةُ وَالدَّمُ وَلَحْمُ الْخِنزِيرِ﴾ المائدة:٣. ﴿قُل لَّا أَجِدُ فِي مَا أُوحِيَ إِلَيَّ مُحَرَّمًا عَلَىٰ طَاعِمٍ يَطْعَمُهُ إِلَّا أَن يَكُونَ مَيْتَةً أَوْ دَمًا مَّسْفُوحًا أَوْ لَحْمَ خِنزِيرٍ﴾ الانعام:١٤٥. ﴿إِنَّمَا حَرَّمَ عَلَيْكُمُ الْمَيْتَةَ وَالدَّمَ وَلَحْمَ الْخِنزِيرِ وَمَا أُهِلَّ لِغَيْرِ اللَّهِ بِهِ﴾ النحل: ١١٥. باسی حەڕام کردنی خواردنی گۆشتی مردوو دەکەن. (ئیبن جەوزی) دەڵێت: (ئەبوجەعفەر لە سورەتەکانی (البقرة) و (المائدة) و (النحل)دا بە (شدە) دەیخوێنێتەوە. (الميتة) لە عورفی شەرعدا بە هەموو ئاژەڵێک دەوترێت کە ڕوحی دەرچێت بێ سەربڕین.. لەوانەیە بە سەربڕاویش بوترێت مردوو لە حوکمدا، لەبەر ئەوەی هەمان حوکمی مردووی هەیە، وەک سەربڕاوی دەستی مورتەد..)(٩). کەواتە دەکرێت باسی مردارەوەبوو بکات یان سەربڕاو، بۆیە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە.

* ﴿وَقَالُوا مَا فِي بُطُونِ هَٰذِهِ الْأَنْعَامِ خَالِصَةٌ لِّذُكُورِنَا وَمُحَرَّمٌ عَلَىٰ أَزْوَاجِنَا وَإِن يَكُن مَّيْتَةً فَهُمْ فِيهِ شُرَكَاءُ﴾ الانعام: ١٣٩. باسی خواردنی گۆشتی کۆرپەلەی سکی ئاژەڵەکان دەکات، کە نەفامەکان دەیانووت: ئەگەر زیندوو بێت حەرامە لەسەر ژنەکانیان بیخۆن، بەڵام ئەگەر مردوو بێت ئەوا حەڵاڵە بۆ هەموویان! کەواتە دەگونجێت ئەو کۆرپانەی کە جارێ لەدایک نەبوون زیندوو بن یان مردوو. بۆیە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە.

* ﴿وَتُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَتُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ﴾آل عمران: ٢٧. ﴿إِنَّ اللَّهَ فَالِقُ الْحَبِّ وَالنَّوَىٰ يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَمُخْرِجُ الْمَيِّتِ مِنَ الْحَيِّ﴾الانعام:٩٥. ﴿قُلْ مَن يَرْزُقُكُم مِّنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ أَمَّن يَمْلِكُ السَّمْعَ وَالْأَبْصَارَ وَمَن يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَمَن يُدَبِّرُ الْأَمْرَ فَسَيَقُولُونَ اللَّهُ فَقُلْ أَفَلَا تَتَّقُونَ ﴿٣١﴾﴾يونس. ﴿يُخْرِجُ الْحَيَّ مِنَ الْمَيِّتِ وَيُخْرِجُ الْمَيِّتَ مِنَ الْحَيِّ وَيُحْيِي الْأَرْضَ بَعْدَ مَوْتِهَا وَكَذَٰلِكَ تُخْرَجُونَ ﴿١٩﴾﴾ الروم. باسی دەستەڵاتی خوای گەورە دەکات، کە توانای هەیە لە مردوو زیندوو دەربهێنێت و لە زیندووش مردوو. وشەی (الميت) لە ئایەتانەدا دەکرێت مردنی ڕاستەقینە بێت، وەک ئەوەی مرۆڤ دوای ژیان دەمرێت، یان مردنی ڕاستەقینە نەبن، وەک تۆوی مرۆڤ کە مرۆڤی لێ بەدی دەهێنرێت، یان مەجازی بێت کە لە ئیماندار بێ باوەڕ دەبێیت، و بە پێچەوانەوەش.. بۆیە بە هەردوو ڕیوایەتەکە دەخوێنرێتەوە.

کەواتە دەگەینە ئەوەی هەر کاتێک لەم جۆرە وشانەدا —کە نموونەیان زۆرن— ئەگەر تەنها بە یەک ڕیوایەت بخوێنرێتەوە، تەنها یەک مەبەستە. بەڵام ئەگەر بە ڕیوایەتێ زیاتر خوێنرایەوە، ئەوە مەبەستی لە مانایەک زیاترە و ڕێنووسی قورئانیش موراعاتێکی زۆر جوانی ئەو مانا جۆراوجۆرانەی کردووە —والله اعلم—.

١ـ رسم المصحف العثماني، عبدالفتاح إسماعيل شلبي، دار الشروق، ص٣٨، عن أخبار الزجاجي، ورقة٣٦. لە کتێبی: القراءات القرآنية وما يتعلق بها، د. فضل حسن عباس، دار النفائس للنشر والتوزيع، الأردن، ط١، ١٤٢٨هـ ـ ٢٠٠٨م، ل٣٧٩.
٢ـ مختار الصحاح، محمد بن أبي بكر الرازي، دار الكتاب العربي، بيروت، لبنان، ١٤٠١هـ ـ ١٩٨١م، ل٢٦١ـ ٢٦٢.
٣ـ تفسير القرآن بالقراءات القرآنية العشر، مجموعة من المؤلفين، منشورات الجامعة الإسلامية ورابطة علماء فلسطين-غزة، روابي القدس للطباعة والنشر والتوزيع، لبنان، صيدا،، ج١٠، ص٨٦.
٤ـ مختار الصحاح، ل٢٦١ـ ٢٦٢.
٥ـ پوختەی تەفسیری قورئان، محمد مەلا صالح، چ٨، ل٢٤٦.
٦ـ المعجم الوسيط، ل٨٩١.
٧ـ الكشف، ج١، ص٢٣٩ـ ٢٤٠، لە کتێبی: تفسير القرآن بالقراءات القرآنية العشر، ج٥، ل٢٧٥. هەروەها: زاد المسير في علم التفسير، ابن الجوزي، المكتب الإسلامي، دار ابن حزم، بيروت، لبنان، ط١، ١٤٢٣ـ ٢٠٠٢م، ل١٨٦.
٨ـ زاد المسير في علم التفسير، ابن الجوزي، ل١٣٣٥.
٩ـ زاد المسير في علم التفسير، ابن الجوزي، ل١٠١.

# دەهەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانی لەمەڕ زانای ناوداری کورد مامۆستا «بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی»



لە ڕۆژانی (22-2013/9/24 ز) لە شاری ئەستەمبووڵ دەهەمین کۆنگرەی زانستیی جیهانی لەمەڕ زانای ناودار و مەزنی کورد مامۆستا «بەدیعوززەمان سەعیدی نوورسی» لە لایەن «دامەزراوەی ئەستەمبووڵ بۆ زانست و کولتوور» گرێ درا، بە بەشداریی زانا و توێژەرانی زیاتر لە (30) وڵاتی جیهان کە نزیکی (100) تۆژینەوەی تێدا پیشکەش کرا.

وەک زانراوە مامۆستا «سەعیدی نوورسی» یەکێکە لە زانایانی بواری ئیعجازی قورئان لەم سەردەمەدا و، گەلێ کتێب و بابەتی ئیعجازیی نووسیوە.

یەکەم ڕۆژی کۆنگرەکە بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک وەزیرانی تورکیا و چەندین وەزیر و پەرلەمانتار و میوانانی ڕەسمیی دیکە و زانایانی بەشداربوو دەستی پێکرد و، لە دوو ڕۆژەکەی تردا توێژینەوە زانستییەکان پێشکەش کران.

شایانی باسە کە لە کۆنگرەی جیهانیی پێشوودا هەریەک لە وەرگێڕی سەرجەمی پەیامەکانی نوور بۆ زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی خەڵاتی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا، لەم کۆنگرەی دەهەمەشدا ئەندامی ناوەندەکەمان وەرگێڕی «سەرجەمی پەیامەکانی نوور» بۆ زمانی کوردی مامۆستا «فارووق ڕەسووڵ یەحیا» لە لایەن قوتابیانی مامۆستا سەعیدی نوورسییەوە خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ درا، لەگەڵ چەند توێژەرەوەیەکی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیادا.





بسم الله الرحمن الرحيم

سَنُرِيهِمْ آياتِنا فِي الآفاقِ وَفِي أَنفُسِهِمْ حَتَّى يَتَبَيَّنَ لَهُمْ أَنَّهُ الحَقّ

2000 1421

KCSS (Q&S)

ناوەندی کوردستان بۆ ئیعجازی زانستی لە قورئان و سوننەت دا

# هه‌يڤ

## القسم العربي


مجلة علمية فصلية يصدرها مركز كردستان للأعجاز العلمي في القرآن و السنة

العدد الأول من مجلة هه‌يڤ صدرت في عام 2002

العدد (33) ربيع 2014م ـ 1435هـ

www.haiv.org



**صاحب الأمتياز**

نشأة غفور سعيد

**رئيس التحرير**

د. دارا گوڵ حامد

**نائب رئيس التحرير**

خالد حسن علي

**مدير التحرير**

هاوژين طالب رضا

**المستشار القانوني**

المحامي محمد رؤوف احمد

**هيئة التحرير**

فاروق رسول يحيى

شمال مفتي

جمال محمد امين

د. محمد جميل الحبال

د. ديارى احمد اسماعيل

د. كاوه فرج سعدون

برزان أبوبكر

محمد احمد سعيد

اردلان صالح عزيز

**تصميم**

شيروان احمد حمه كريم

sherwan_100@yahoo.com



**للأتصال:**

haiv2001@gmail.com

haivkurdy@gmail.com

www.facebook.com/kurdhaiv

العنوان: السليمانية - شارع ماموستايان - عمارة حاج محمد بينجويني - الطابق الثالث










# المؤتمر العالمي في إحياء تراث الطبيب الجراح (أبو القاسم الزهراوي)

## نيو دلهي 13- 15 كانون الأول 2013








بدعوة من رئيس معهد الدراسات الموضوعية الأستاذ الدكتور (محمد منظور عالم)، بالتعاون مع المركز الهندي للثقافة الإسلامية (IICC)، شارك مركز كردستان للإعجاز العلمي في القرآن والسنة مع وفد من مركز الزهاوي للدراسات الفكرية في كردستان العراق، في المؤتمر الدولي لإحياء تراث الطبيب الجراح (أبو القاسم الزهراوي) المنعقد في نيو دلهي، للفترة من 13- 15 كانون الأول 2013، بمناسبة مرور (1000) عام على وفاته (940 – 1013م).

